یەکەمین گۆڤاری کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی
لە کوردستاندا
لە پێناو گەلێکی خاوەن بڕیاردا

بڕیار

62
ساڵی شەشەم
ابی 2013
مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لەگەڵ ناتیقی شاعیردا

هاوڕێ دەگمەنەکان!

سەمای تەمەڵی!

خەونەکان... جیهانی تایبەتمانن!!

مەژی بۆ کەسێک کە لە پێناویدا نامرێت

لە سوپاسگوزاران بن!



گەلی هۆشیار!

ماڵاوا ئازیزەکەم!

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

ئەگەر دەتەوێت بۆ ساڵێك بڕوێنیت..
ئەوا گەنم بڕوێنە!
ئەگەر دەتەوێت بۆ دە ساڵ بڕوێنیت..
ئەوا دارێك بڕوێنە!
ئەگەر دەتەوێت بۆ سەد ساڵ بڕوێنیت..
ئەوا مرۆڤێك بڕوێنە!
RASAN
Group

The first Magazine Specialized in Management and Human Development in Kurdistan

لە پێناو گەلێکی خاوەن بڕیاردا

بڕیار

مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی

ساڵی شەشەم - ژمارە 62 - ئابی 2013

کارگێڕی و بازاڕسازی

5

6

10

15

خاوەنی ئیمتیاز

ئەندازیار: مەسعود تاهیر ڕۆژبەیانی

سەرنووسەر

عادل محەممەد شێخانی

sarnosar@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین

بەرزان ئەبوبەکر

دەستەی نووسەران

هاژە شێروانی
پەیمان بەرزنجی
زاهیر زانا
محەممەد مێرگەیی
محمد هاشم محمد
پەری شێخ کەریم
بێگەرد فارس
وەهاب حەسیب
ئەسکەندەر ڕەحیم
گوڵان حەمە ئەمین

ڕاوێژکاری یاسایی

پارێزەر: ئازاد محێدین

بەشی هونەریو دیزاین

قەیدار ڕەحیم
پشتیوان عبدالرحمن

ناونیشانی گۆڤار

سلێمانی - شەقامی سالم -تەلاری جەمالی حاجی عەلی- نهۆمی سێیەم- نزیك پردی خەسرەو خاڵ

٣١٩٣٩٤٦ - ٠٧٧٠٢١٧٨٦٨٢

هەولێر - شەقامی تاران - کۆمپانیای ڕەسەن - نزیك وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون

٠٧٥٠٤٤٦٣٢٣٠

E-mail: bryarmagazin@gmail.com

بەشی ڕیکلام: ٠٧٤٨٠١١٢٧٨٧

بۆ دەستکەوتنی بەرهەمەکانی بڕیار لە شاری هەولێرو دەوروبەری

٠٧٥٠ ٥٢٥ ٣٠٣٥ - ٠٧٥٠ ٤٧٦ ٣٧٠٧

دابەشکردن: کۆمپانیای پەیك
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

چاپ: کۆمپانیای پیرەمێرد

نرخ 2500 دینار

مالاوا ئازیزەکەم!

لەهەمــوو ژیانمدا هیچ ووشــەیەك وەکو مالاوایــی نەیتەزاندوم کاتێك ئەو ووشــەیە دەبیســتم، گەرووم دەتاســێ، سۆمای چاوم لێڵ دەبێــت ســەدای گریانێك هەمــوو گیانم داگیردەکات، فرمێســك لە چاوەکانمــا قەتیس دەبێت، دڵــە بچکۆلەکەم وەکو چۆلەکەیەکی بەر بارانێکی بەخوڕ دەلەرزێ!!

هەر بۆیە هەمیشە لەو ساتە دژوارە خۆم بواردووە..

وەلــێ ئــەم جارە چی بکــەم، کاتێك تــۆی ئازیــز، مالاوایم لێ دەکەیتو جێم دەهێڵی، ئیتر من چی بکەمو چۆن بەبێ تۆ بژیم!

زەمەنێك چاوەڕوانم کردی تا تەشریفت هێنا.. بووی بە ئاشنای ڕوحم، هاودەمی شەوو ڕۆژم، لانەی ئەوینو میحرابی خۆشەویستیو گوڵزاری هەموو هیواو خۆزگەکانم!

بەهاتنــت هەموو گــەردوون ڕوناك بووەوە، بەڵام بەڕۆیشــتنت بێدەنگیو ماتەم باڵ بەسەر هەموو گەردووندا دەکێشێت!

لە حزوری تۆدا هەموو کوچــەو کۆڵانەکان بەبۆنی عەمبەربۆی تــۆ موعەتەربوون، ڕومان دەکردە هەرلایەك گوڵســتان بوو، هەموو لەحزەیەکی تۆ ڤیستیڤاڵی بەختەوەریو نۆخژنی دڵەکان بوو!!

چی مەراســیمی ئەوینێکی شــکۆداربوو، بەگەرووی وشکو لێوی هەڵقرچاوو دەستی نزاخوانییەوە چاوەڕوانی ئیزنی مەحبوب بووین تا بفەرمووێت پەرداخی ئەوین بخەینە سەر لێومان!

لەگەڵ تۆدا، بەهەنسکی بەکوڵو دڵی شکاوو گەردنی کەچەوە لە تەراویحی ڕۆحدا دەچووینە چی دەریایەکی میهرو سۆزی خودایی!

بــە هاتنی تۆ، منداڵــەکان وەکو پەروانــەی دەوری چرا لە نێو ماڵەکانی خودادا دەخولانەوە!

کەنیشــکە چکۆلەکان بەڕەفتەی ســپیو جزمی عەممەکانیانەوە وەکو کلۆ بەفری ســپی دەبارینە ماڵە پاکەکانی خودا، هەژارەکان دڵ خۆشبوون، منداڵە بێباوکەکان تەنیاییان ڕەوییەوە!

جیهــان هەمــوو پێدەکەنی، دڵــەکان بە ئاوی زیــو زاخاوکران، بەبەفری قەندیل شۆرانەوە، بە ئاوی کەوسەر ئاودران!

لەگەڵ هاتنــی تۆدا گوناهباران لە بەرامبــەر گەورەییو میهری خوداییدا چۆکیان داداو نێوچەوانیان خســتە سەر خۆڵو بە ڕێژنەی فرمێســکی پەشیمانی هەموو لاپەڕە ڕەشــەکانی تەمەنیان شۆردەوە، هاتنەوە باوەشی میهری خودایی!

بەهاتنــت دڵــەکان ئاشــتبوونەوە، چــاوەکان گەشــبوونەوە، شەوەزەنگی ژیانی مرۆڤەکان بوو بە چراخان!

ئێستا دەتەوێت جێم بهێڵیت، ئەم سەفەرە لە ناکاوەت چی بوو؟

ئەی نازانی من هۆگرت بووم؟!

ئــەی تــۆ نازانی گڕی هیجرانــی تۆ وەکو گــڕەی هاوین چرۆی هیواکانم هەڵدەپڕوکێنی!

ئیتر من بێ تۆ تامی ئاوی سارد ناکەم
ئیتر دەنکە خورماکانم لێ دەشــارنەوە
ئیتر چراکـــــانم لێ خامۆش دەکەن!

ئیتــر ناهێڵن بەهێمنی دانیشــم لە حزورتا، من شــەیدای تۆم، حەزناکــەم چرکەیەك لێت دووربم، نامەوێــت چاوەکانم بتروکێنم، من تێر نابم لەتەماشــاکردنی سیمای تۆ، من کەیلی بۆنی تۆم، بۆنی تۆ لە بۆنی باران خۆشترە!

ئەی هاوار، من بێ تۆ بێ کەســم، کەساسم، ئیدی دەردی دڵم بۆ کێ باس بکەم؟

توخودا چۆن دڵت دێ جێمبهێڵی؟!

مــن ئیتر تا یەك ســاڵی دی ناتبینم، من ســاڵێك بێ تۆ ئۆقرە ناگرم، کێ دەڵێت تا تۆ دەگەڕێیتەوە، من ماوم؟!

کێ دەڵێ تۆش تا ساڵێکی دی منت بیر دەمێنێ!

دەزانی کە ئەویندارێکی کەساس و سەودا لەسەرت جێهێشتووە!

هەژارێك کەهەمیشە چاوەڕوانی خەڵاتی تۆیە.

چاوی هەردەم چاوەڕوانی وا لەڕێیە!

هەمیشە یادت دەکات و لەیادت ناکات !

بۆ دیدارت وەکو پەروانەی دەوری چرا هەڵدەقرچێ !

دوبارە بۆ دیداری هیلالی تۆ ڕۆژو مانگان دەژمێرێ!

دەزانــم تۆ هــەر دەڕۆی، مــن بەجێدەهێڵیت، بــەڵام من هەر چاوەڕوانــی هاتنەوەتم هەر بەو هیوایەوە دەژیم، هەمیشــە ڕوو لە ئاسۆم چونکە من بەبێ ئەوینی تۆ ناژیم!

مالاوا ئازیزەکەم، گەردنم ئازادکە میوانداری تۆ شەرمەنێکی هێندە گەورەیە، بەمنی بچوك ئەدا ناکرێت هیوادارم لە کونجێکی پەڕاوەکەتدا ناوی منی هەژارت وەکو غولامێکی خۆت قبوڵ فەرمووبێ!!

مالاوا ئازیزەکەم.

کارگێڕی بە گوفتار

هاوڕێی باش لە خودی خۆت باشترە، چونکە مرۆڤ خودی خۆی فەرمانی بەخراپە پێدەکات، بەڵام هاوڕێی باش فەرمانت پێناکات تەنها بە چاکە نەبێت!

ابن أبی أصیبعە

ئێمە هەست بە ئارامی دەکەین، کاتێك بە دڵسۆزیو ئیخلاسەوە کار دەکەین!

جورج صاند

پەروەردەکردنی ئاکارو ڕەوشت، لە نانو جلوبەرگ گرنگترە بۆ مرۆڤ!

سوقرات

مرۆڤی ئاکار جوانو ڕەوشتبەرز، ئەگەر وەسفت کرد شەرمەزار دەبێت، ئەگەر هێرشت کردە سەری بێدەنگ دەبێت!

موستەفا لوتفی

بە خۆزگە خواستن ناتوانین کارەکان جێبەجێ بکەین، بەڵکو بە ویستو ئیرادە دەتوانین موعجیزات دروست بکەین!

پەندێکی ئەمریکی

لای ئەو مرۆڤانەی خاوەنی بەرخودانن، ئاستەمو مەحاڵ بوونی نییە..

جون هیود

سەمای تەمەڵی!

کاتێك مێروولەکە سەر قاڵی وشك کردنەوەی ئەو دەنکە گەنمانە بوو کە باران تەڕی کردبوون، کوللەیەك لێی هاتە پێشەوەو سکاڵای برسێتی و نەبوونی خۆی بۆ دەکردو زۆر بەکزۆڵییەوە دەپاڕایەوە!

مێروولەکە بۆ ساتێك وچانی دا، هەرچەندە ڕاوەستان لەکار پێچەوانەی بنەماکانی ژیانێتی!

بەکوللەکەی گوت: باشە تۆ بەدرێژایی وەرزی هاوینی پار چیت دەکرد، وا نەتتوانی شتێك بۆ زستان پاشەکەوت بکەیت؟!

کوللەکە گوتی: لەڕاستیدا من ئەو کاتە زۆر سەر قاڵ بووم نەمدەپەرژا هیچ کارێك بکەم!

مێروولەکە لێی پرسی: دەکرێ خەریکی چی بووبێتی، کە ئاوا سەرقاڵی کردبووی؟

کوللەکە گوتی: من بەدرێژایی هاوین سەرقاڵی گۆرانی گوتن بووم نەمدەپەرژایە سەر هیچ کارێکی دیو هیچ کارێکی دیم بۆ ئەنجام نەدرا!

لێرەدا مێروولەکە پێی گوت: لەکاتێکدا تۆ لە هاویندا نەتتوانی هیچ کارێکی دی ئەنجام بدەیت جگە لەگۆرانی گوتن، ئێستا لە زستاندا ناتوانی هیچ کارێکی تر بکەیت جگە لە سەما کردن نەبێت!!

لەم چیرۆکەوە فێردەبین:

١- ئێمە لەژیاندا بەری ماندووبونی خۆمان دەخۆین.

٢- بەسود وەرگرتن لە کاتو بیرکردنەوە لە داهاتوو، ئایندەمان مسۆگەر دەکەین.

٣- کاتێك ناتوانین سوود لە کاتەکانمان وەربگرین و کاری گرنگی تێدا ئەنجام بدەین ئەوا دەبێت چاومان لەدەستی کەسانی تربێت، تا بەپیاوەتی خۆیان خێرمان پێ بکەن.

٤- ڕێگری ناکرێت مرۆڤ مومارەسەی ئارەزوو هەوادارییەکانی خۆی بکات و بەشێك لە کاتەکانی بۆ یاریکردنو پشوودان و گەشت وگوزار دیاری بکات، بەڵام نابێت ئەم کارانە هەموو ژیانمان داگیربکات.

٥- دەبێت جەنابی کوللە لەوەرزی زستاندا لە سەرما هەڵبلەرزێو لە برسا سەما بکا، بێگومان ئەگەر گۆرانی گوتنەکەی بەلاوە خۆشبووە، ئێستا ئاوازی سەماکردنەکەی تاڵە!!

بەندی کات

پرسیارێکی گران:

چیدەکەیت ئەگەر پێیان گوتیت، تەنها شەش مانگی تر لەسەر زەوی دەژیت؟!

لەوانەیە پرسیارەکە جۆرێك لە ڕەشبینیو نامۆیی تێدابێت، تەنانەت ڕەنگە ئازار بەخشیش بێت، بەڵام هەندێك ڕاستی دەردەخات.

بیرت کردۆتەوە ئەو ماوەیەی لە تەمەنت ماوە لەگەڵ کێدا بەسەری دەبەیت؟ چۆن دەیگوزەرێنیت؟ بۆ تەواوکردنی کام لە کارەکانت پەلە دەکەیت؟

چ کارێك بەخێرایی تەواودەکەیت، یان ڕێکیدەخەیت، یاخود چاکیدەکەیتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لایەنێکی تاریك لە بیرکردنەوەت ڕۆشندەکاتەوە.

وەڵامی پرسیارەکە پێتدەڵێ کارگەلێك هەن پێویستە تەواو بکرێن، هەڤاڵانێك هەن پێویستیان بە ئاشتبوونەوە هەیە، خزمانێك هەن ڕۆژگارێك گوزەراوە بێئەوەی ئاوڕییان لێدرابێتەوە.

وەڵامی پرسیارەکە وات لێدەکات تەماشای شتگەلێکی گرنگ بکەیتو بترسیت کە ژیانت تەواوبێت، بەرلەوەی تەواویان بکەیتو بەکۆتایان بگەیەنیت.

بەداخێکی زۆرەوە کەسانێك بەشێوەیەکی لەناکاو خۆیان ڕێکدەخەن، وەك ئەوەی لە دۆخێکی لەناکاو، یان لە کاتی مۆڵەتدابن، چەندێك شتەکانی ژیانمان ون دەبنو لە سێبەری ئاژاوەی ڕۆژانەی ژیانی ئازار بەخشماندا کەنارگیر دەکرێن.

ڕۆژێك هاوڕێیەکم سەردانی کردمو بە ورەیەکی بەرزەوە هەواڵی نوسینی کتێبێکی پێدام، منیش لێم پرسی کەی دەست بە نوسینەوەی دەکەیت؟ لە وەڵامدا وتی: پاش دوو ساڵی تر کتێبەکەم تەواودەکەم!!

پرسیم: ئایا کتێبەکەت بەسوودەو بۆ خەڵکی سوود بەخشە؟

وەڵامی دامەوەو وتی: بێگومان بە دڵنیاییەوە.

پرسیم: بۆچی دوو ساڵ چاوەڕێ دەکەیت، ئەگەر نوسینەکەت هێندە گرنگو بەسودە؟

لە وەڵامدا گوتی: چونکە کاتی پێویستم نییە.

ئەمە نموونەیەکی تری ئەوانەیە بیرۆکە جوانەکانیان لە ناو ئەوەی پێیدەگوترێت (بەندی کات)، بەند دەکەن.

ئەوان پرۆژەکانیان، بیرۆکەکانیان، ئەرکەکانیان، دوادەخەن،

لەبەرئەوەی کاتیان نییە، تا کاتی گونجاوییان دێتە بەردەست، بەو هۆیەوە لە چاوەڕوانییەکی هەمیشەیی‌و دواخستنێکی بەردەوامدان.

لە یادت بێت هیچ کاژێرێك لە کاتەکانت ناگوزەرێت، تا پارچەیەك لە تەمەنت نەبات.

سروشتی کات:

لە کاتێکدا لە کوشتن‌و بە فیڕۆدانی کاتدا هونەر دەنوێنین، هەرچەندە بەنرخترین سەرمایەی ژیانمان کاتە، کەچی لە کوشتن‌و بە فیڕۆدانیدا زیادەڕەوی دەکەین، بێئەوەی پێبزانین کە ئێمە لە ڕاستیدا خۆمان دەکوژین، کەواتە وەك دەڵێن، کات بریتییە لە ژیان.

باوەڕێکی بێ مانا لە ناو خەڵکیدا بڵاوە، ئەوەش بریتییە لەوەی: کاتم نییە. کەسانێك دەبینین دەڵێن: ڕۆژێك دادێ ئەگەر کاتی پێویستم هەبوو، هەموو ئەو کارانە تەواو دەکەم کە بەجێم نەگەیاندوون، کاتێك مۆڵەت وەردەگرم، یان کاتێکی زیاتر لەگەڵ خانەوادەکەمدا دەمێنمەوە، یاخود ئەو کاتانەی کتێبێك دەخوێنمەوەو وەرزشی تیادا دەکەم. بەڵکو کەسانێك هەن دەڵێن: کە (٢٤) کاژێر بەس نییە بۆئەوەی کارێکی تیادا ئەنجام بدەم! بەڕاستی گرفتێك هەیە لە ژمارەی کاتژمێرەکانی ڕۆژدا، تا بەشێوەیەك ئەو کاتانەی پێویستن لە بەردەستمانە نەتوانین ئەرکەکانی سەرشانمانی تیادا تەواو بکەین، یان گرفتێك هەیە لە ڕێکخستنی کاتەکانماندا کە ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی شارەزایانە بەکاریان بهێنین؟

لەو شتانەی بە هەموو کەس ئاشنایە ئەوەیە، ئێمە هەموومان: دەوڵەمەندو هەژار، دڵخۆش‌و ناشاد، سەرمایەدارو ئەو کەسەشی لەزبڵداندا خاشاك کۆدەکاتەوە، لە ڕۆژێکدا خاوەنی (٢٤) کاتژمێرین. هەمووان لەو کاتانەی پێماندراوە یەکسانین، بەڵام لە چۆنییەتی خەرجکردنی ئەو کاتانەدا زۆر جیاوازین.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە شارەزایەکی ئەمریکی ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە کەسێکی ئاسایی کاتەکانی بەم شێوەیە لە چالاکی ڕۆژانەدا تەواودەکات:

ئەگەر ناوەندی تەمەنی کەسێك (٦٠) ساڵ بێت:

کاتی پێویست	چالاکییەکان
هەشت ڕۆژ	توندکردنی پێڵاوەکان
یەك مانگ	چاوەڕوانی ئامێرەکانی پۆلیسی هاتووچۆ
یەك مانگ	ئەو کاتانەی لە سەرتاشخانە دەگوزەرێت
سێ مانگ	سەرکەوتن بە ئاسانسوردا لە شارە گەورەکان
سێ مانگ	پاکردنەوەی ددانەکان بە فڵچەی دان
پێنج مانگ	چاوەڕوانی پاس‌و شەمەندەفەر (لەشارە گەورەکاندا)
شەش مانگ	ئەو کاتانەی لە حەمامدا بەسەری دەبەیت
دوو ساڵ	خوێندنەوەی کتێب
چوارساڵ	ئەو کاتانەی لە نانخواردندا دەگوزەرێت
نۆ ساڵ	پەیداکردنی ڕۆزی
بیست ساڵ	ئەو کاتانەی بەخەوتن تەواوی دەکەین

لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە: ڕۆژانە مرۆڤ تەنها چوار خولەك لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەگوزەرێنێت، تەنها نیوخولەکیش گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکانیدا دەکات. بەپشت بەستن بەو لێکۆڵینەوەیە دەتوانین بڵێین ئادەمیزادێك کاتێك (٨٠) ساڵی تەمەن تەواو دەکات، بە تەنها (٢٤٠) کاژێر واتا (١٠) ڕۆژی بە گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکانیدا تەواو دەکات.

مەبەست (ناوەڕۆك)ی ئەم ئامارە چییە؟ ئەوەی دەمەوێت بیڵێم‌و ساغی کەمەوە، ئەوەیە گرفتی بنەڕەتی ئێمە لە نەبوونی کاتی تەواودا نییە بۆ تەواوکردنی ئەوەی دەمانەوێت ئەنجامی بدەین، بەڵکو گرفتەکە لە بەکارنەهێنانی کاتەکاندایە بەشێوەیەکی نموونەیی، تا ئەوەی دروستە ئەوە بکەین.

خۆڕزگارکردن لەو بیرۆکە بێ مانایەی کە دەڵێین: کاتی تەواومان نییە، یەکەم وێستگەیە کە بەرەو: ژیانی ڕێکخراو، بەکارهێنانی کات بەشێوەیەکی نموونەیی، ژیان بەشێوەیەکی گشتی دەمانبات.

- ئەرکی گەورە دەتوانرێت لەوەدا کورت بکرێتەوە، کە ئادەمیزاد تا چەندێك دەتوانێت بە لێهاتوویی کاتەکانی تەواو بکات.

پێوەری پێشکەوتنی گەلان‌و بوژانەوەی ژیارو پێشکەوتنیان بریتییە لە: باش بەکارهێنان‌و بەڕێوەبردنی ساتی تاکەکانی کۆمەڵگا.

ئاستی بەرهەمهێنانی کرێکارێکی یابانی، یان ئەمریکی، لە ئاستی بەرهەمهێنانی کرێکارێکی وڵاتانی تازەپێشکەوتوو زۆر زیاترە، کە لە کۆتا ئاماردا بە (٣٦) خولەك لە ڕۆژێکدا خەمڵێنراوە.

تایبەتمەندییەکانی کات:

- گرانترین‌و دەگمەنترین سەرمایەی ئادەمیزادە.
- سەرچاوەیەکی دیاریکراوو سنوردارە.
- ناتوانرێت قەرەبوو بکرێتەوە.
- بەخێرایی دەگوزەرێت.
- باش بەکارهێنانی کات لە بەهاکەی زیاد دەکات.
- کاتی بەسەرچوو ناگەڕێتەوە.

- قسەو بۆچونی هەڵەی پێشینان لەسەر کات:

- باشترین ڕێگا بۆئەوەی بەرهەمت زیاتر بێت، ئەوەیە هەمیشە چالاك‌و سەرقاڵ بیت.
- ئەگەر کار بکەیت باشتر بەسەر ماندوێتیدا زاڵدەبیت.
- ئەگەر مەبەستە کارێکی ورد بکەیت، خۆت ئیشەکە تەواو بکە.
- زۆربەی کارەکانی ڕۆژ پێویستیان بەنەخشەکێشان نییە.
- ئەگەر وەك پێویست بە ئەرکەکانت هەستای، ئەوا ساتەکانی ژیانت بەشێوەیەکی باش بەکاردەهێنیت.

بنەمایەکی گرنگ:

کارێکی لە بنەڕەتەوە دروست بایەخی لە کارێك زیاترە کە بەشێوەیەکی دروست بکرێت.

لە یادت بێت:

شەوو ڕۆژ کارت تێدەکەن، تۆش کاریان تیادا بکە، شەوو ڕۆژ کاتت لێوەردەگرن، تۆش سودیان لێوەربگرە.

سەرچاوە: إدارة الوقت.. بەم زووانە ئەم پەرتووکە بە زمانی شیرینی کوردی بە ناونیشانی (کاتگێری) دەکەوێتە بەردیدی خوێنەران.

500 بیرۆکەی قەشەنگ
بۆ ڕێکخستنی هەموو شتێك..

ن: شیری بایکۆسفی..
و. بۆ عەرەبی: محمد عنان..
و. بۆ کوردی: زانکۆ قەرەداغی

٣٤٣- ڕێکخستنی ڕەنگەکان:

کاتی ئەوە هاتووە منداڵەکەت فێری شتی باش بکەیت، ڕێکوپێکیو بوونی سیستەمێك لە ژیاندا لە گرنگترین خووە چاکەکانن، ئێستا کەلوپەلی زۆر هەیە کە کەرەستە هونەرییەکانی منداڵەکەت گردو کۆدەکاتەوە، وەك قەڵەم بۆیەو شتەکانی تری، هەندێك لەو کەلوپەلانە بە شێوەیەك دابەشکراوە هەر کەرەستەو جێی تایبەتی خۆی هەبێت، هەروەك جۆرە ڕەنگێك هەیە کە بە ئاسانی پاك دەکرێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی دەتوانرێ لەسەر ڕووی مێز وێنەی پێبکێشرێتو دوایی بە ئاسانی پاکبکرێتەوە، ئەم کەلوپەلو کەرەستانە یارمەتی منداڵ دەدات بۆ پەرەپێدانی تواناکانی.

٣٤٤- جانتای کەرەستە هونەرییەکان بۆ منداڵان:

لەم جۆرە جانتایانە بە قەبارەی جۆراوجۆر هەن کە دەگونجێن لەگەڵ ئەو منداڵانەی تەمەنیان مامناوەندییە، لە ناوەوە دابەشکراوە بە جۆرێك کە لە کاتی هاتوچۆدا شتەکانی ناوی لە جێی خۆیان دەمێننەوە تێکەڵ بەیەك نابن، منداڵان دەتوانن کەرەستەکانی قوتابخانەو کەرەستە هونەرییەکانی خۆیانی تێدا ڕێکبخەنو بپارێزن، هەروەك لە کاتی گەشتو گوزاردا دەتوانرێت خواردەمەنی تێدا هەڵبگیرێت، دەشتوانیت سەرقاپەکەی لێبکەیتەوەو وەك ڕەفە بەکاریبهێنیت، هەندێجار باوکان، یان دایکان حەز دەکەن ئەم جانتایە لە منداڵەکانیان بدزن بۆ سەفەر، یان بۆ چونە سەربەحرو چوون بۆ ڕاو سودی لێوەربگرن، یان بۆ پاراستنی کەرەستەی ئارایشتو خشڵەکانیان، یان بۆ هەڵگرتنی گازو پلایسو بزمارو برغو...، هەندێ لەم جانتایانە ئاوێنەیەکی تێدایە کە دژە شکانە، ئەم جانتایانە هەرزانن، سوکەڵەو ڕەنگاو ڕەنگن، هەندێجار پێیان دەوترێت جانتای (سەفەرو ئارایشت).

٣٤٥- چێشتلێنانو یاریکردن:

هەوڵبدە منداڵەکانت فێربکەیت یارمەتیت بدەن لە ئیشو کاری چێشتخانەدا بە جۆرێك هەم فێریان دەکەیتو لە هەمان کاتدا سەرقاڵیشیان دەکەیت، بەو مەرجەی ئەم کارە لە کاتی بێ کاریاندا ئەنجام بدەیت، لە چێشتخانەکەدا هەندێك کاغەزو قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگو کاغەزی ئەعمال(ئیشی دەست) دەستەبەر بکە، بۆ کاری هونەری منداڵەکانت لە کاتی چێشتلێناندا.

٣٤٦- ئەوانیش گەشە دەکەن:

دوو پارچەی ناوماڵ هەن لەگەڵ گەشەی منداڵاندا ئەوانیش دەگۆڕێن، ئەو جۆلانەیەی کە دەکرێت بە کورسی، مێزی نانخواردن کە دەگۆڕێت بۆ شوێنی دانانی گوڵو پارچەی ئەنتیکە (تحف) ئەمەش لە پێناوی ئەوەدا ماڵەکەت بە ڕێکوپێکی بمێنێتەوەو نەبێتە جێگای شتەشڕ.

٣٤٧- دیکۆری منداڵان:

ئەگەر منداڵەکەت بچوك بوو، کەلوپەلێك بۆ ناو ماڵەکەت هەڵبژێرە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو دیکۆرەی کۆششت کردووە بۆ هێنانەدی، بۆیە ئەگەر ماڵەکەت تازە بوو، دەبێت بە زەوقێکی کشمیشییەوە کەلوپەلەکانت هەڵبژێریت، بەڵام ئەگەر ڕووخساری ماڵەکەت (خانووەکەت) سادەو ساکار بوو، ئەوا کەرەسەی یاری منداڵەکانت لە سەبەتەی پوشیندا دابنێیتو شتە ئەنتیکەکانیش لە سندوقی تەختەی چناردا، تێبینی ئەوەش بکە کە حەز دەکەیت زۆر لەم کەرەسانە پارێزگاری لێبکەیت دوای گەورەبوونی منداڵەکەت.

٣٤٨- سەیری سەرەوە بکە:

ئەگەر منداڵێکی بزێوت بوو، ئیدی مانای وا نییە ماڵ ڕازاندنەوە لە خۆت حەرام بکەیت، تەنها سەیری سەرەوە بکە: لە بری ئەوەی گوڵێك لە زەویدا بڕوێنی ڕووەكێك هەڵبژێرە کە بە دارو دیواردا هەڵدەگەڕێ، لە بری دیکۆرێکی جێگیر شتێك دابنێ کە بتوانی لە کاتی پێویستدا لە دەستی منداڵی دووربخەیتەوە، شتە ناسکەکانت لە سەبەتەیەکدا دابنێو هەڵیواسە بە بنمیچەکەدا، یان لەسەر ڕەفەیەك‌و بە دیوارێکەوە.

٣٤٩- بۆ یادگاری:

بیر لەوە مەکەرەوە منداڵەکەت هەر وێنەیەکی کێشاو هەر کاغەزێکی ڕەشکردەوە هەمووی بپارێزی، بە بێ ڕەزامەندی ئەویش فڕێیان مەدە، لەگەڵ منداڵەکانت مەشقێك دامەزرێنە بە هیوای پاککردنەوەی ماڵەکە لە شتی زیادەو شپرزەیی، لە میانەی ئەو مەشقەدا تواناکانیان پەرەپێبدە بۆ بڕیاردان، فێریان بکە چی هەڵبژێرن بۆ هێشتنەوەو چی فڕێبدەن، لە پشووی نیوەی ساڵدا پێکەوە بڕیار لەو شتانە بدەن کە شایانی هەڵگرتنە وەك یادگاری، لە کۆتایی ساڵیشدا یارمەتییان بدە بۆ چاوخشاندنەوە بە بڕیارەکانی پێشوویانداو پاکسازی ئەو شتانەی هەڵبژێردراون.

٣٥٠- لە هەمووو شت پێشتر:

زۆر گرنگە ڕۆژانە کاتێك لەگەڵ منداڵەکانت بەسەربەریت، بە کارێکی خۆشی بەخشەوە کە لەسەری ڕێکەوتبن، وەك: گەشتێك بۆ شوێنێکی خۆش، لێنانی ژەمێك خواردن لە ماڵەوە، سەردانی هاوڕێیەك، یان پاسکیل سواری، ئەم کارە زۆر گرنگە ئەگەر پێویستی بە پلاندانان‌و کاتیش بوو، ئەوا پلانی بۆ دابنێو بە هەند بیگرە.

٣٥١- دۆڵابی توندو تۆڵ:

زۆر جۆر دۆڵاب هەن کە لە ماددەی کانزایی دروستدەکرێن‌و بەرهەمی کۆمپانیای **class case** و **Act** و **deflect-o** و **Deck**ن، ناوەکەی بە تەواوی چۆڵەو هەرکەسەو بە گوێرەی پێویستی خۆی دەتوانێت خانە خانەی بکات‌و ڕەفەی تیا دابنێ، ئەم جۆرە دۆڵابانە بۆ منداڵان باشن‌و دەتوانێ بە درێژایی ساڵانی خوێندن سودی لێوەربگرێت، هەندێکیان دەرگاکانیان بە هۆی موگناتیسەوە دادەخرێن، ئەمجۆرە دەرگا موگناتیسیانە لە هەندێ جۆری سەلاجەو دۆڵابی تریشدا هەن.

٣٥٢- شتی منداڵانە:

کەسانی گەورە بە کەرەسەو کەلوپەلی تایبەت ئیش‌و کارەکانی خۆی ڕێکدەخات، منداڵانیش حەزدەکەن لاسایی گەورەکان بکەنەوە، لە بازاڕەکاندا کەرەسەو کەل‌و پەل هەیە کە بۆ منداڵان دروستکراون‌و شێوەیان جوان‌و سەرنجڕاکێش‌و ڕەنگاو ڕەنگن‌و دەتوانن بەکاریبهێنن بۆ لاسایی گەورەکان‌و هەست بە بوونی خۆیان‌و بەختەوەری بکەن.

خوێندنەوەو پوختەکردن..

٣٥٣- گەورەو بچووککردنی خانەی کتێب دانان:

چاکترین جۆری ڕەفە ئەوەیانە کە بتوانرێ قەبارەکەی زیادو کەم بکرێت بە گوێرەی ئەو شوێنەی کە هەیە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو کتێب‌و دەفتەرانەی هەن قەبارەیان جیاوازە، چاك ڕێکخستنی ڕەفەکان یارمەتیت دەدات ئەوەندەی لە توانادایە سود لە ڕەفەو خانەکان وەربگرین، هاوکات کتێبە گەورەو درێژەکانیشت جیادەکەیتەوەو دەتوانی لەسەرشان دایان بنێیت.

٣٥٤- دیاریکردنی کتێب بە ڕەنگی جیاواز:

ئەگەر کتێبخانەکەت گەورە بوو، هەر کۆمەڵە کتێبێك بە ڕەنگێکی دیاریکراو لەوانی تر جیابکەرەوە، دەتوانیت چیرۆکی خەیاڵی لە چیرۆکە سۆزدارییەکان‌و لە چیرۆکە پۆلیسییەکان جیابکەیتەوە، هەروەك دەتوانی یادگارییە تایبەتییەکانی خۆت بە ڕەنگێك‌و کۆمەڵە کتێبی وەرگێڕاو بە ڕەنگێکی تر دیاریبکەیت، ئەگەر کتێبەکانت بەش کردبوو بۆ چەند کۆمەڵەیەك، ئەوا شوێن لە هەربەشێکدا بهێڵەرەوە بۆ کتێبی زیاتر.

٣٥٥- پەڕەی زیاتر:

زۆر کتێب لە کۆتاییدا چەند پەڕەیەکی سپی پێوەیە، سودی لێوەرگرە بۆ تۆمارکردنی تێبینییەکانت لەسەر ئەو کتێبە پاش خوێندنەوەی، یان بۆ وێنەکێشان‌و تۆمارکردنی زانیاری بەکاربهێنە، چونکە هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی کۆمەڵێك پەڕە بە سپێتی جێبهێڵرێت.

٣٥٦- ناسنامەی کتێب:

بە لەزگەیەك ناوی خۆت لەسەر کتێبەکانت جێگیر بکە، ئەمە بۆ کاتێك بەسوودە کە کتێب دەدەیت بە کەسێکی تر، یان ناوی کەسی کتێب پێدراو لە لیستێکدا لای خۆت تۆماربکە، یان لە ئەجەندەی ڕۆژانەتدا ناوی کتێب‌و کەس‌و ڕۆژی بردن‌و هێنانەوەی دیاریبکە، چونکە ئەمە تەنیا چارەیە بۆئەوەی جارێکی تر بە دیداری ئەو کتێبە شاد بیتەوە. ئەگەر کتێبێکت دا بە کەسێك‌و زۆر بەلاتەوە گرنگ نەبوو، ناوی کەسەکەت لە یاد نەماو ئەویش کتێبەکەی نەهێنایەوە، ئەوا خۆتی زۆر پێوە سەرقاڵ مەکەو ناوەکەی لە لیستی کتێبەکانتا بسڕەوەو ئەوەندە بەسە کە کەسێکی تر دەیخوێنێتەوەو سودی لێوەردەگرێت.

٣٥٧- مەهێڵە کەڵەکە بێت:

پێش ئەوەی ژمارەیەکی نوێی گۆڤارێکت بۆ بێت، ژمارەکەی پێشوو لە دەست مەدە، کە ژمارەی نوێت بۆ هات لە کەس‌و کارو دراوسێ‌و هاوڕێکانت بپرسە بزانە کامیان حەز بە گۆڤار دەکەن‌و پێشکەشی بکە، ئەم کارەت هەم دڵی کەسێك خۆش دەکەیت‌و هەم گۆڤارەکانیشت لا کەڵەکە نابێت.

٣٥٨- بەڕێوەبردنی خوێندنەوەی گۆڤار:

لە کاتی خوێندنەوەی هەر گۆڤارێکدا مقەستێك لای خۆت دانێ، ئەگەر بابەتێك زۆر سەرنجی ڕاکێشایت بە شێوەیەکی هونەری‌و بە مقەستەکە لە گۆڤارەکەی جیابکەرەوەو لای خۆت بیپارێزە، تا خۆت‌و کەسانی تریش سودی لێوەربگرن، ئەگەر نەتویست گۆڤارەکە شڕو دڕ بکەیت، ئەوا ئەو بابەتانەی بەلاتەوە چاکن، سەردێڕو ژمارەی لاپەڕەکانیان لای خۆت تۆماربکەو لە کاتی پێویستدا سودی لێوەربگرە.

٣٥٩- پاراستنی گۆڤار:

هەندێك خانەی پەخش‌و بڵاوکردنەوە جۆرە بەرگێکیان ئامادەکردووە بۆ پاراستنی گۆڤار لەسەر ڕەفەو ناو خانەی دۆڵابدا، ئەمە چاکترین ڕێگایە بۆ پاراستنی گۆڤار (بە تایبەت ئەو ژمارانەی کە پێت باشن)، چاکترین جۆری ئەم بەرگانەش ئەوانەیانن کە ڕوون(شەفاف)ن‌و ڕەنگەکەشیان گونجاوبێت لەگەڵ ڕێکخستنی کتێبخانەکەتدا ئەگەر ڕەنگ بەکارهێنابوو وەك هۆکارێك بۆ ناسینەوەی کتێب‌و چاپەمەنییەکانت.

٣٦٠- تەواو بوو:

ئەگەر تێبینی ئەوەت کرد گۆڤارێك کە هاوبەشی مانگانە، یان هەفتانەت هەیە، لات کەڵەکە دەبن بێئەوەی بیانخوێنیتەوە، ئەوە بە گورجی هاوبەشیکردنەکەت بووەستێنە.

با وەك فڕۆكە وابین!

كەریم سمكۆ

هەردووكیانوەك هاوڕێی گیانی بەگیانی هەڵسوكەوتیان لەگەڵ یەكتـــردا دەكرد، هەر كاتێك محازەرەكەیان تـــەواو دەبوو پێكەوە لـە باخچەكە پیاســەیان دەكرد، یاخود لەســـەر مێـــزی كافتریای كۆلێژەكـــە قاوەیەكیان دەخـــواردەوەو پلانی دوارۆژیان بۆ خۆیان دادەنا، یەكێك لەو قوتابییانە كارگێڕی دەخوێندو ئەوی تریشـــیان یاسا.

لەبەرئـــەوەی كۆتـــا ســـاڵی زانكۆیـــان بـــوو، ئەنجامـــی ماندووبوونەكەیان بە نمرەیەكی باش بەدەستهێناوماڵئاواییان لە مامۆســـتاو قوتابیانی زانكـــۆ كرد، بەڵام ئـــەو بەرنامەو پلانانەی دایانڕشـــتبوو بۆ ژیـــانو خزمەتكردن لـــە داهاتوو، لـــە دەرەوەی زانكۆش كۆی دەكردنەوە.

ڕۆژێكیان كەوتنە گفتوگۆیەكی چڕوپڕ لەســـەرئەوەی پێكەوە درێـــژە بە خوێنـــدن بدەن لە دەرەوەی وڵات، بـــەڵام یەكێكیان بە پێچەوانـــەی ئـــەوەی تریان بیـــری دەكردەوە، بەڵكـــو ڕێكخراوێك دابمەزرێننو خزمەت بە كۆمەڵگا بكەن، لەبەرئەوەی نەدەگەیشتنە بڕیـــاری كۆتایـــیو بیرۆكەكەیان یەك نەدەگرتەوە لەســـەر هەمان پـــرس هەر ناكۆكبوون، وای لێهات پەیوەندی هاوڕێیەتی گیانی بە گیانییەكەشیان لە نێواندا بپچڕێتو لە یەكتری جیابوونەوە.

ئـــەو قوتابییـــەی كارگێـــڕی خوێندبوو، هەمیشـــە ســـەردانی كتێبخانەكانـــی دەكردو ڕۆژەكانی لەوێدا بەســـەردەبرد، ڕۆژێكیان چاوی بە كتێبێكی ســـەرنجڕاكێش كەوت كە كۆمەڵێك بەسەرهاتو چیرۆكـــی سوودبەخشـــی لەخۆگرتبوو، لەســـەر بەرگی كتێبەكەی نوســـرابوو (بـــاوەك فڕۆكەوابیـــن)، ئەویـــش بـــە تامەزرۆییـــەوە دەســـتیكرد بە خوێندنەوەی وشـــە بە وشەی كتێبەكە. هەرچەندە ئاگاداری هاوڕێكەی نەبوو ئاخۆ ئێســـتا بەچییەوە سەرقاڵە، بەڵام ناخـــی بۆی دەســـووتاو دڵی هەر لـــەلای بوو.. دواتریـــش لە كاتی گەڕانەوەیدا كتێبەكەی كڕیو هێنایەوە ماڵەوە.

هاوڕێكەی تریشی خەریكبوو مامەڵەی وەرگرتنی خوێندنەكەی تەواودەكرد، بۆئەوەی گەشت بۆ دەرەوەی وڵات بكات بە مەبەستی خوێندنی باڵا، ئێوارەیەكی درەنگ كە هاتەوە دایكی پۆســـتەیەكی دایە دەســـتو پێی گوت: كوڕی شـــیرینم ئەمڕۆ كابرای پۆستەچی ئەو پۆســـتەی بـــۆ هێناوین، بەڵام نازانم چـــی تێدایە. ئەویش بە پەلە زەرفەكەی كردەوە، بینی كتێبێكی چیرۆك ئامێزەو كاغەزێك لەناو كتێبەكە داندراوەو لەســـەری نوســـراوە، (تكایە ئەم چیرۆكە بخوێنەرەوە)، بەڵام هیچ ناوێكی دیاریكراوی لەسەر نییە.

ئەویش دەستیكرد بە خوێندنەوەی چیرۆكە ئاماژە پێكراوەكە.. مامۆســـتاكە لەبـــەردەم قوتابییەكاندا وەســـتابوو، پێـــی دەگوتن: بۆئەوەی هەمیشـــە خۆمان ڕۆشـــنبیر بكەینو لە هەمان كاتیشـــدا خزمـــەت بە نەتەوەو وڵاتمان بكەین، پێویســـتە وەك فڕۆكەوابین، قوتابییەكانیـــش چاویان لە یەكتری كردو بە پەرۆشـــەوە ڕوویان كـــردەوە مامۆســـتا. ئەویـــش دەســـتیكردەوە بـــە قســـەكانی: هەر تاكێـــك بیەوێت ســـەركەوێتو بە بەرنامەو پلانـــی نوێ خزمەت بكات، دەبێت نە لە خزمەتكردنو نە لە خوێندنو ڕۆشـــنبیربوون دانەبڕێت. چونكە ژیان هەمیشە لە گۆڕاندایەو نابێت بۆ ساتێكیش لێی داببڕێین، لەبەرئەوەی جێ دەمێنین لەم كاروانە.

مامۆســـتا لەنـــاو چیرۆكەكـــەدا نموونەیەكـــی بـــۆ قســـەكانی هێنابـــووەوە: كاتێك فڕۆكە لە فڕۆكەخانە هەڵدەســـتێت بە نیازی فڕیـــن ڕاســـتەوخۆ نافڕێت، لە هەمان كاتیشـــدا وەكـــو ئۆتۆمبێل لەســـەر زەوی ناڕوات، بەڵكـــو یەكەمجار بـــۆ ماوەیەكی دیاریكراو لەسەر زەوی دەڕوات دواتر وردەوردە هەڵدەستێت بە نیازی فڕینو دواتر ئامانجەكەی دەپێكێت. واتا فڕۆكە نە بە شـــێوەی ســـتوونی ڕاســـتەوخۆ دەتوانێـــت بفڕێت، نە بە شـــێوەی ئاســـۆییش، بەڵكو هەردووكیان پێكەوە. لێرەدا ســـتوونییەكە لە ژیاندا بڕوانامەو خۆ ڕۆشـــنبیركردنە لەلایەن تاكەكانەوە، ئاسۆییەكەش خزمەتكردنی كۆمەڵگایە بە هەموو جۆرەكانییەوە.

بـــەڵام ئەگەر فڕۆكـــە هەر بە ئاســـۆیی بـــڕوات، ئەنجامەكەی تێكشكانە، ئێمەش لە ژیاندا بەمجۆرەین، ئەگەر هەر خزمەت بكەینو بواری خۆ ڕۆشنبیركردنو بڕوانامەی بەرز پشتگوێ بخەینو خۆمان لە زانســـتو زانیـــاری نوێ بێئاگا بكەینو ئـــەوەی لە هەگبەماندایە لێمـــان دەبڕێت، بەمەش نـــەوەی نوێ جێمان دەگرنەوەو پێشـــمان دەكەونەوە. كەواتە دواكەوتینو وەكو فڕۆكەكە تێكشكاین.

قوتابیەكە ڕاســـتەوخۆ كتێبەكەی داخســـتو خۆی كۆكردەوەو لە ماڵ دەرچوو، دایكی هاواری لێكرد: كوڕم نانەكەت نەخواردووە بۆ كوێ؟ ئەو هەر ســـوور بوو لەســـەر ڕۆیشـــتنەكەی بەرەو ماڵی هاوڕێكەی.

كـــە گەیشـــتە ماڵـــی برادەرەكـــەی بینـــی هاوڕێكـــەی لەبەر دەرگاوەســـتاوەو چاوەڕوانی شتێك دەكات، ئینجا دەستی كردە ملی هاوڕێكەیو داوای لێبوردنی لێكرد، بڕیاریاندا پێكەوە لە شارەكەی خۆیـــان بخوێننـــو ڕێكخراوێكیـــش دابمەزرێنـــن بۆ ئـــەوەی وەك فڕۆكەوابن.

چاکسازی کارگێڕی

ئا: وەهاب حەسیب محەممەد

چاکسازی کارگێڕی: پلانێکی نەخشەبۆ کێشراوە، ئامانجی چاکسازییە لە بواری بەڕێوەبردندا، دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەو هۆکارە نەرێیانەیە کە ڕێگربوون لە بەدیهێنانی ئامانجی ڕێکخراوەکەدا، ئەو کۆششەی لە بواری چاکسازی بەڕێوەبردندا خەرجدەکرێت ئامانجی گۆڕانکارییە لە شێوازی بەڕێوەبردندا، بە هیوای چاکسازی لە شێوازی بەڕێوەبردنو کەمکردنەوەی لایەنە خراپەکانی بەڕێوەبردنو ڕاستکردنەوەی گەندەڵییەکان لە ڕێکخراوەکەدا، ئەمکارە لە ڕێگای هەندێك گۆڕانکارییەوە دەبێت لە پەیکەری ڕێکخراوەکە، بە نوێکردنەوەی هەندێك یاساو سیستەمو ڕێنمایی دەست پێدەکات، بێنەوەی ببنە هۆکارێکی بنەڕەتی لە گۆڕانکاری ڕێکخراوەکەدا.

چاکسازی کارگێڕی، کۆڵەکەی پێشخستنی بەڕێوەبردنە، بەشێوازی هونەری هەموو ئەو بوارە کارگێڕییانە پاراودەکرێن کە هۆکارن لە دواکەوتنی لایەنی کارگێڕیدا، گشت هۆکارەکان دەگەڕێنەوە بۆ تەنگەژەی لایەنی هونەری ڕێکخستن لە ڕێکخراوەکەدا، دەرئەنجامەکانی دەردەکەوێت لە: سادەیی لە شێوازی تەواوکردنی کار، سستی لایەنی چاودێری، سستی پەیوەندیکردنو سیستەمی زانیارییەکان، مەرکەزییەت لە پیادەکردنی دەسەڵاتدا، ئیزدواجییەتی چاودێریکردن، پێکدادان لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکاندا، دابەشکردنی کار بەشێوەیەکی خراپ، نەگونجاندنی سەرچاوەکانی بەردەست، نەبوونی گیانی تیپ لە نێوان ئەندامانی ڕێکخراوەکەدا... هتد. دواتر ڕێکخستنەکە دوا دەکەوێت لە داواکارییەکانی ژینگەو ڕکابەری.

چاکسازی کارگێڕی، چاکسازی گەندەڵی بەڕێوەبردنیش دەگرێتەوە، گەندەڵی بەڕێوەبردن بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ بازنەیەك کە کەموکورتی لە ڕەوشتدا هەبێت، پاشان ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر بەهاکان، ئاڕاستەکان، لەسەر پێوانەو ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوەکە کە وەك یاساو نەریتێك لە تەواوکردنی کار لە ژیانی ڕێکخراوەکەدا جێگیربوونو تەلارێك بەهایان لە ژیانی پیشەیی گشتیدا دروستکردووە.

ئاڕاستەکان (الإتجاهات): وەك بە ناوەکەیدا دیارە ئاماژەیە بۆ کارێك، یان هەستان بە کارێك بە شێوازێکی دیاریکراو، مرۆڤەکان لە دەورانی تەمەنو لە ئەنجامی گەشەیەکی کۆمەڵایەتییەکی دوورودرێژدا ئاڕاستەکانی ژیان لە خێزان، هاوڕێ، قوتابخانە، مزگەوتو دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان وەردەگرن.

ئاڕاستەکان، بە شێوەیەکی باشو خراپ، یان بێلایەنانە کاریگەری لەسەر ڕەوشتی کەسەکان بەرامبەر دەوروبەریان دادەنێت وەك: کارکردن، هاوڕێو کۆمەڵگا ... هتد، ئەگەر کەسێك تێڕوانینێکی باشی هەبوو بۆ کارەکەی، ئەوا هۆگری دەبێت، بە سەر تەنگەژەکانیدا زاڵدەبێت، دەگونجێت لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا کە کاری تیادا دەکات، هەروەها ئەگەر تێڕوانینی دەربارەی پەیوەستبوون بە کارەکەیەوە ئەرێنی بێت، ئەوا بەشێوەیەکی شێلگیرانە پەیوەست دەبێت بە کارو کاتەکانی کارکردنەوە. بە پێچەوانەوە ئەگەر تێڕوانینەکانی باش نەبوو، ئەوا ڕەنگدەداتەوە لەسەر گشت تێڕوانینو هەڵسوکەوتێکی دەربارەی کاروشێوازی کارکردن، هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوڕێیانی کاردا، چونکە ئاڕاستەکان بە پێکهاتەیەك، یان ڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت لە کەسایەتی تاكو ژیانیدا، چۆن بیردەکاتەوەو هەڵسوکەوت دەکات.

پێکهاتەی ئاڕاستەکان لەلای خەڵك بەشێوەی پلە بە پلەو لە میانەی قۆناغەکانی تەمەنو ئەو شارەزایانەی لە ئەنجامی هەوڵدان بۆ پێداویستییەکانی ژیان بەدەستیان هێناوە پێکدێت، دەگونجێت ئاڕاستەکانی کەسێك دەربارەی پێداویستییەکانیو ئەوانەی یارمەتییان داوە لە بە دەستهێنانی ئەو پێداویستییانەدا ئەرێنی بێت. یان بە پێچەوانەوە ئاڕاستەی کەسەکە نەرێنی بێت دەربارەی ئەو کەسو ئاستەنگانەی ڕێگربوون لە دابینکردنی پێداویستییەکانیدا، یان پێکهاتەی ئاڕاستەکان (تێڕوانین بۆ دەوروبەر بەشێوەیەکی گشتی)، بە گوێرەی زانیاری کەسەکان دەبێت بە هەردوو شێوەی باش، یان خراپ، چونکە ئەو زانیارییانەی کە تاك باوەڕی پێیەتی، دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی وەك: خێزان، قوتابخانە، مزگەوتو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن .... هتد، پێکهێنەری ئاڕاستەکانو ڕۆڵێکی بنەڕەتیان هەیە لە پێکهاتنی ئاڕاستەکاندا. ئاڕاستەکان چەند کارێکیان هەیە لەوانە: دیاریکردنی ڕەوشتو ڕاڤەکردنی، ڕێکخستنی کردارەکانی پاڵنان (الدافع) ، وەك هەڵچوون، هەستکردنو زانین، هەروەها ئاڕاستەکان وا لە کەسەکان دەکات لە بارودۆخە جیاوازەکاندا توانای دەرکردنی بڕیاری هەبێت، بە شێوەیەکی جێگیر وەڵامی کەسەکانو دەوروبەری بداتەوە.

تەنها بۆ سەرکردەکان

ئەگەر ناتەوێت سەرکردە بیت، ئەم لاپەڕەیە مەخوێنەرەوە!

سەرکردایەتی وەکو مەلەوانی وایە، ناتوانیت بە خوێندنەوە فێری ببیت!

هینری مینتزبرج

ئەو سەرکردەیە دەبێتە خاوەنی ئایندە، کە بڕوای بە جوانی خەونەکانی هەیە!

روزفلت

یەکەم و گرنگترین هەنگاو بەرەو سەرکەوتن، بریتییە لەوەی کە لەو بڕوایەدابین سەردەکەوین!

نیلسون بوسویل

ئەگەر حەوت جار کەوتیت، جاری هەشتەم هەڵسەرەوە!

پەندێکی یابانی

خزمەتکردنی کەسانی دەوروبەر، گەورەترین سیفاتی جیاکەرەوەی کەسانی سەرکردەیە!

جورجی شەشەم

ئەگەر دەتەوێت سەرکردایەتی خەڵکی بکەیت لە دوایانەوە بڕۆ!

لاوتسۆ

چی دەکەیت بۆ خۆپاراستن لە مەترسییەکانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان؟!

بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی وەکو: کۆمپیوتەرو ئایپادو مۆبایلو یارییە ئەلیکترۆنییەکان، سەرەڕای سوودە زۆرەکانیان، لە هەمان کاتدا بەکارهێنانو بەرکەوتنیان بۆ ماوەیەکی زۆر، دەبێتە هۆی زۆرێك لە مەترسییەکان. بۆ نموونە: تووشبوون بە شەکەتبوونی ئەقڵیو مێشك، ئەمە جگە لەوەی ئەو تیشکانەی لێیانەوە دەردەچن کاردەکەنە سەر خوێنو بە تێپەڕبوونی کات دەبنە مایەی تووشبوون بە ئەنیمیا، کەمخوێنیو لاوازی بینین.

کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر:

- دانیشتنی زۆر لە بەرامبەر کۆمپیوتەر، دەبێتە هۆی لاوازکردنی بینینو دروستبوونی ئازار لە پشتو شانو ملدا.
- بەسەربردنی کاتێکی زۆر لە ئەنجامدانی یارییەکانی ڤیدیۆ، وادەکەن کەسێکی داخراوو دوورەپەرێزو دابڕاوبیت لە کەسانی تری نێو کۆمەڵگە.
- تووشبوون بە ژانەسەرو شەکەتبوون.
- قەڵەوبوون، ئەمەش بە هۆی دانیشتن بۆ ماوەیەکی زۆرو جوڵەنەکردن.
- تێکچوونو ئاڵۆزبوونی دۆخو کاتەکانی خەوتن.
- نزمبوونی ئاستی خوێندن لە قوتابخانەدا.

یەکێك لە لێکۆڵینەوە پزیشکییە تازەکان، گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕۆژانە خواردنەوەی دوو لیتر ئاو، یارمەتیدەر دەبێت بۆ لادانی تووشبوون بە مەترسییەکانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، هەروەها ئامۆژگاری ئەوەش دەکات کەوا ڕۆژانە بەکارهێنانو بەرکەوتنی کۆمپیوتەر لە دوو تا سێ کاتژمێر زیاتر نەبێت.

بۆ خۆپاراستن لە مەترسییەکانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان:

- کەمکردنەوەی ماوەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو یارییە ئەلیکترۆنییەکان، ئەمەش بۆ دابینکردنی کاتی زێتر بۆ خوێندنو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کەسوکارو هاوڕێیاندا.
- دانیشتن بەشێوازێکی ڕاستو دروست، ئەمەش بۆ پارێزگارییکردن لەسەر دۆخی شانو ملو پشت.
- تەرکیزنەکردن لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر بۆ ماوەیەکی زۆرو لەسەر یەکەوە، بۆئەوەی چاوەکان ماندوو نەبن.
- دانەنیشتن بۆ ماوەیەکی زۆرو لەسەریەکەوە، بەڵکو ئەنجامدانی هەندێك جوڵەو جوڵانەوە لە هەر پازدە خولەك جارێك، ئەمەش بۆ چالاککردنی سووڕی خوێنی لەش.
- دوورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی ئەو یارییە ڤیدیۆییانەی توندوتیژی لەخۆدەگرن، ئەمەش لەبەر کاریگەریی خراپو نەرێنییان لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ.

سەرچاوە: گۆڤاری العربی الصغیر – ژمارە ٢٤٩ — ساڵی ٢٠١٣

ئا: محەممەد مێرگەیی

شێوازی کاری تۆیۆتا

٩. هاژە شێروانی

پرەنسیپی سێزدەیەم: بڕیاردان بە هێواشیو بە کۆمەڵ لە ڕێگای دیراسەتکردنی سەرجەم بەدیلەکانو پراکتیزەکردنی بڕیاردان بە خێرایی:

- بڕیارێک مەدەو بە خێرایی پراکتیزەی بکەیت بە بێ دیراسەتکردنی بەدیلەکانی تر، زۆر بە وردیو بە تەنها گەیشتن بە بڕیار کاربکە لەسەر پراکتیزەکردنی زۆر بە خێراییو بە ئاگایی.

- "نیماواشی" بریتییە لە پڕۆسەی تاوتوێکردنی گرفتەکانو چارەسەرە پێشنیارکراوەکان لەگەڵ ئەوانەی کە پێی کاریگەربوون بۆ ناسینی بیرۆکەکانیان سەبارەت بە گرفتو وەرگرتنی ڕەزامەندییان لەسەر جێبەجێکردنی ئەو چارەسەرەی کە پرۆسەکە پێی دەگات، کە لێرەدا بڕیاردانی کۆك یارمەتیدەرە لەسەر فراوانکردنی پرۆسەی گەڕان بە دوای چارەسەری گرفتەکان سەرباری ئەوەی کە کات بە هەدەر دەداتو بە تەنها بڕیاردانیشو گیرسانەوە لەسەری وا دەکات مەیدانی جێبەجێکردنی خێرایی ئامادە بکات.

پرەنسیپی چواردەهەم: گۆڕان بەرەو دامەزراوێکی زیرەك لە ڕێگای بیرکردنەوەی هێواشو بەردەوام (هانسای)و پەرەپێدانو چاکسازی بەردەوام (کایزن):

- بە تەنها دەستکردن بە پرۆسەی بەرهەمهێنان هەڵسە بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەرەپێدانی بەردەوام بە واتای خاڵی کەمتەرخەمت لە کوێیە لەگەڵ هەڵسان بە پراکتیزەکردنی ڕێوشوێنە چارەسسازەکان بە شێوەیەکی کتوپڕ.

- هەڵسە بە دیزاینکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان بە جۆرێك کە پێویستیت بە هەلگرتنی پارچەی بەرهەمەکان نەبێت کە ئەم دیزاینە وادەکات هەر یەك لە کاتو سەرچاوەی بەهەدەر دراو کەشف بکەیت بە تەنها کەشفکردنی ئەم بەهەدەردانەش بۆ کارمەندەکانتی ڕوونبکەرەوە کە چۆن خۆیان دەرباز دەکەن لەم کارەو پەرە بە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان دەدەن (کایزن)و زاڵدەبن بەسەریدا.

- بناغەی ماریفەتی دامەزراوەیی توندو تۆڵ بکە لە ڕێگای پەرەپێدانی ئەدای کارمەندەکانت کە کەفالەتی سەقامگیری کەسێتیو پیشەییان بۆ بکات لەگەڵ دانانی شێوازی هەڵبژاردنی باشترین بەدیل.

- بەکارهێنانی شێوازی (هانسای) لە قۆناغە سەرەکییەکانی کارکردنو هەروەها دوای کۆتایی هاتن لە پڕۆژەیەکی دیاریکراو، لە پێناو دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی پڕۆژەکە، زۆر بە ڕوونی هەڵسە بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی هاودژ بۆ قەدەغەکردنی دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵە.

- فێرببە کە چۆن باشترین ئەنجامدانی کار دەکەیتە پێوەرێکی جێگیر بۆ هەمان کار، لە بری کۆششکردن بۆ داهێنانی پێوەری نوێ لە هەر کاتێك کە پڕۆژەیەکی نوێ جێبەجێ دەکەیت.

کەواتە لەم چواردە پرەنسیپەوە بۆمان دەرکەوت کە شێوازی کاری تۆیۆتا بەوە دەناسرێت کە سیستەمی بەهەدەرداوی کەمدەکاتەوە، ئەمەش لە ڕێگای سەرنجدانە سەر ئەم پرەنسیپانەو پراکتیزەکردنی ئەم سیستەمەش لە بەرهەمهێنان بریتی نییە لە لاساییکردنەوەی شێوازەکانی کە خودی تۆیۆتا پراکتیزەی دەکات لە پڕۆسە بەرهەمدارییە دیاریکراوەکانی، بەڵکو سیستەمی کەمکردنەوەی بەهەدەردراو لە بەرهەمهێنان بریتییە لە پەرەپێدانی بنەماکانی کە خزمەت بە بەرهەمهێنان دەکات لە کۆمپانیاو زۆر بە وردیش پراکتیزەی دەکات کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئەدایو کۆمپانیاش لەسەری بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە یارمەتی دەدات بەهایەك بۆ کڕیارو کۆمەڵگا زیاد بکات، لە کۆتایشدا (جیفری کیە لایکر) هەر بەوە ناوەستێت کە ئەم سیستەمو شێوازی کارکردنەمان بۆ ڕوونبکاتەوە، بەڵکو تیشك دەخاتە سەر جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپانە لە بواری خزمەتگوزاریش نەوەکو بە تەنها بەرهەمهێنانی کاڵایەکی ماددی.

بەشی کۆتایی

چوار هۆکار کار دەکاتە سەر دەستمایەی نوێی کارکردن

ن: گلین لۆپیس و: کاروان عزیز

«گەلێك گفتوگۆو قسە لە بارەی کارو پیشە، سەرکردایەتیو بەڕێوەبردن هەیە، کە جێبەجێکردنیان سەختە". ئەمە قسەی زۆرینەی خەڵکە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی بێکارن، نازانن بەچی باوەڕ بکەنو بەدوای کام ڕێچکە بکەون. گۆڕینی شێوازی کارکردن لە مەرکەزیەتەوە بۆ نامەرکەزییەت، دەبێت ئێمە چالاکانەتر بەژداربین لە گفتوگۆو بیرو ڕاگۆڕینەوەکان لە شوێنی کارکردن کە هۆکارێکە بۆ برەودان بە پیشەو دەرخستنی شوێن پەنجەو کاریگەریت لە پۆستەکەت، لە ئابوری ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کاریگەربوون دەسمایەی نوێیە لە کارکردن، بەبێ ئەمە ناتوانی گرنگیو توانای خۆت دەرخەی.

بەبێ بوونی کاریگەریت، ناتوانی قسەی خۆت هەبێت کە شایەنی گوێگرتن بێت، بێدەنگ نەبوونت ئازادی زیاترت پێدەبەخشێت. ئەو کاتانە بێنەوە یادت کە لە کۆبوونەوەیەك بە نیازبوویت ڕای خۆت بڵێی، بەڵام ئەوەندە دلێر نەبووی کە دەنگ هەڵبڕی، واتزانیوە کە کەس گرنگی بە گوێگرتن لە قسەکانت نادات، ئەگەر ترس ببێتە هۆکاری بێدەنگیت سەرەتای خوڵقاندنی دوورەپەرێزیو لە دەستدانی کارەکەتە. مەبەست لەمە خۆدەرخستن نییە، بەڵکو زیاتر برەودانە بە خۆت، تاکو بیروڕاکانت لەسەر شێوازی کارکردنو بەڕێوەبردن لای خەڵك ڕوونو ئاشکرا بێت، بەتایبەتی لەو شوێنانەی ڕای جیاوازییان دەوێت. بزانە کە ئەمە ڕوویدا نیشانەی کاریگەربونتە.

هەمووماں دەزانین کە کارمەندان گەورەتین سەرمایەی دامەزراوەکانن، ئایە ئەمە ڕاستە ئێستا؟ ئەگەر بهێڵن کارمەندان کاریگەربن، کەواتە ئەمە ڕاستە، بەڵام کارمەندان تەنها ئەوە جێبەجێ بکەن کە پێیان وتراوە، کەواتە ئەمە ڕاست نییە. کارمەندان ئەو کاتە گەورەترین سەرمایەن لە بزنس کە دەنگە دلێرو بەهێزەکەی ناو ئەو دامەزراوەو شوێنی کارەکان بن کە بەڕێوەی دەبەنو خزمەتی دەکەن.

هەرکاتێك خاوەنکارەکان هەوڵدەدەن لە بارەی داهاتووی ئیشوکاریان بزانن، کارمەند هیچ بەهاو گرنگییەکی لە هزری خاوەنکار جێگانابێتەوە، لەگەڵ گۆڕینی ئاراستەو یاساکانی کارکردن تواناو کارامەیی کارمەندەکان هیچ گرنگییەکی نامێنێت لە لایان، بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە دەیانەوێت خۆیان بنیات بنێنەوەو کۆشش بکەن بۆ گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکان. پەیوەندییەکی دوو لایەنەی هەیە دەبێت ئاگەداری بن: ڕێگەبدەن کارمەندەکان بە کاریگەرییەکی گەورەتر لە کاتی کارکردن دەرکەون، لە بەرامبەردا ئەگەر کارمەندان بیانەوێت دەنگەکانیان ببیسترێت، پێویستە هەست بەبەرپرسیارێتی زیاتر بکەن لە جێبەجێکردنی کارەکان. لە ئێستادا بەرپرسیارێتی تۆ لەشوێنی کارکردن برەودانە بە خۆتو کەسە شیاوەکان، بەمەش کەشێکی لەبار بۆ بەگەڕخستنو پێشخستنی سەرمایەو تواناکانە.

بەم چوار ڕێگایەی خوارەوە دەتوانی کاریگەری بکەیتە ئامانج بۆ دروستکردنی گۆڕانکارییەکی نەوعی لە شوێنی کارکردن:

١- کاریگەری دەستگرتن بە گەشەو بەرهەمهێنانی هێزی پاڵنەر: ئەگەر سۆزت بۆ ئەنجامدانی شتێك هەیە لە کارەکەت، ڕووبەڕووی بووەستە، ئەمە شێوازی دەرخستنی کاریگەریتو پەیوەستکردنی بیستنی دەنگتە. تۆ دەستدەکەی بە پێشکەوتن لەگەڵ دەرکەوتنی کەسایەتیت لە دامەزراوەکە.

بۆ نموونە، لەوانەیە تۆ ئەندامی دەستەی خزمەتگوزاری کڕیاران بیت، چۆن کاریگەریت بەسەر کەسانی ترەوە دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر فێربن لە تۆ، چۆن دەتوانی کەشێکی لەم جۆرە بسازێنی؟

٢- کاریگەری ڕێگای دەرکەوتنی بەهرەکانە: کاتێك تۆ کاریگەربوی لە شوێنی کارکردنت، خەڵك هەستی پێدەکەن، ئەگەر تۆ لە کارێك سەرکەوتوو نەبووی، ئەوا زیاتر دەناسرێیت، بەردەوامی دان بە سەرکەوتنت، زیاتر ڕێگات بۆ دەکرێتەوە لە گەشەکردنو بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیارە گرنگەکان، پاشان ڕێگات بۆ خۆش دەکات تاکو بگەیت بە ئاستێکی بەرز، ئەمەش بە هۆی دەرکەوتنی زیاتری بەهرەکانتەوە.

٣- کاریگەری دەسپێکی نوێیە بۆ قسەکردن: کاتێك قسەکانت جێی بایەخن، وشەکانی دەیڵێیت جێگای پێزانینن، خەڵك حەزی گفتوگۆیان لەگەڵتدا لا دروست دەبێت، چونکە قسەکردن گرنگترین ڕێگای پەیوەندیکردنە. لە کاتی قسەکردن خەڵك حەز دەکەن بزانن باسی چیدەکەی. شکاندنی بێدەنگی دەستەبەرکردنی زیاتری ئازادیو متمانەیە.

٤- کاریگەری سەرەتای دەرکەوتنی گرنگی ئامەدەگیتە لە کارکردن: ئەگەر گرنگی ئامادەگیت لە شوێنی کارکردن بۆ دەوروبەرت دەرنەکەوتووە، ئەگەر هێشتا هەست بە گرنگی تۆ نەکراوە. گرنگی ئامادەگیت لە هەڵسوڕاندنی کاروباری بازرگانی، لە پیشاندانی دا نیت، تواناکانت، یان کارامەییت نییە. گرنگی ئامادەگی کەسێك لە توانای دروستکردنی ساتو ئەزمونێکە وا لە کەسەکانی تر بکەی هەوڵدەدەن زیاتر دەربارەی تۆ بزانن، هەوڵبدەن کە تۆ چەند بەرگە دەگری چەند بە توانای. کاریگەریت هێزێکی تایبەتیت پێدەبەخشێت کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی خەڵکانیتر بۆ لای خۆت، خەڵك حەز بکەن مامەڵەت لەگەڵدا بکەن، ببیە پێشەنگیان.

ئێستا کاتی ئەوەیە ببیت بە کەسێکی کاریگەر لە شوێنی کارکردنت، ئەوانەی دەوروبەرت بە ئاگان کە تۆ بەرپرسی لە پیشەکەت، کاریگەری زیاتر دەرفەتی گەورەتر بۆ تۆو کۆمپانیاکەت دەسازێنێت.

سەرچاوە: http://www.forbes.com

گەشەپێدان



20

28



28



32

CHILCHAMA
بە سپۆنسەری کۆمپانیای چل چەمە

زمانی جەستە

بەشی شەشەم

* هەموو کەسێك سنووری خۆی هەیەو دەبێت ئاگاداری ئەو سنوورە بین لە کاتی نزیکبوونەوەدا، چونکە ئەو سنوورە بەپێی کەسەکانو جۆری پەیوەندییەکان دەگۆڕێتو دەبێت ڕەچاوی بکەینو ئاگاداری بین.

سنوورو ناوچە کۆمەڵایەتییەکان:

برِی دووری نێوان کەسەکان، شێوازی پەیوەندیکردن دەگۆڕێت. ئەمەش چوار ناوچە درووست دەکات:

١- ناوچەی زۆر نزیك:

ئەم ناوچەیە مەوداکەی کەمترە لە ١،٥ پێ، ئەم ناوچەیە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتە خۆ کە پێویستیی کارەکەیان وا دەخوازێت. وەك: سەرتاش، بەرگدروو، پزیشکان، یان ئەو کەسانەی پەیوەندی سۆزداری، لە نێوانیاندا هەیە. وەك: هاوسەران، باوكو منداڵ، یان هاورِێ زۆر نزیکەکان، هەر یەکێك لە ئێمە هەست بە نارِەحەتی دەکات کاتێك بە ناچاری لەم ناوچەیەدا دەبێت. وەك: (لەناو مەسعەد، فرِۆکە، یان شەمەندەفەر)، دەیبینین. لەم بارودۆخەدا مرۆڤ زۆر کەمدوو دەبێتو بەزەحمەت وشەیەك لە زاری دێتە دەرو ڕووی وەردەگێرِێت بەرەو لای ڕاست یان چەپ، یان بەشی سەرەوەی سەری دەبات بەرەو پشتەوە وەك پاڵدانەوە، ئەگەر ئەمانەی بۆ نەگونجا، سەیری سەقفی شوێنەکە دەکات، یان خۆی خەریك دەکات بە کتێب، گۆڤار، یان جانتاکەی، تاکو کاتی گەیشتن. تاقی بکەرەوە، بچۆرە ئەم ناوچەیەوە لە کەسێکی تازە ناسیاو، ئەوا یەکسەر پاڵت پێوە دەنێت، یان مۆڵەت وەردەگرێتو دەرِوات.

٢- ناوچەی کەسی:

لە ١،٥ تا ٤ پێ، ئەم ناوچەیە تیایدا دەوەستیت لە ئاهەنگە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکانو کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانو چاوپێکەوتنە خۆشییەکانو شوێنی کار.

٣- ناوچەی کۆمەڵایەتی:

لە ٤ تا ١٢ پێ، ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کە تازە دەیانناسینو کارمان پێیانە، فرۆشیار یان هەرکەسێکی تر کە پەیوەندییەکی وا لە نێوانماندا نییە.

٤- ناوچەی گشتی:

زیاد لە ١٢ پێ، ئەم ناوچەیەش برِێکی زۆر لە خەڵکی دەگرێتەوە

* ئەم دابەشکردنانە ڕەنگە بەپێی جیاوازی لە ڕۆشنبیریدا بگۆڕێت، بەڵام بەگشتی زۆر لەم دابەشکردنە دوور ناکەوێتەوە.

دووریی نێوان کەسەکان بەپێی ڕەگەزیش دەگۆڕێت، دووریی نێوان ئافرەت کەمترە لە پیاوان، هەروەها بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونیش دەگۆڕێت. بۆ نموونە: لادێنشینەکان پێیان خۆشە لەگەڵ خەڵکیدا دوورییان زۆر بێت. بەپێچەوانەوە دانیشتووانی شار زۆر لێك نزیك دەبنەوەو ڕاهاتوون لەگەڵ لێکنزیکی بەهۆی قەڵباڵغیو زۆری دانیشتووان.

لە ژمارەی داهاتوودا دەچینە سەر لێکدانەوەی جووڵەی جەستەی بەرامبەر.

چالاکی جەستەییو لاوان



ن: د.حسان شمسی پاشا
و: یەحیا محەممەد عەلی

یەکەم: چالاکی جەستەییو لاوان:

* چالاکی جەستەیی بەشێوەیەکی گونجاوو رێکو پێک، کۆمەڵە سوودێکی جەستەییو دەروونیو کۆمەڵایەتی گرنگ دەستەبەردەکات، خوگرتن بە ئەنجامدانی چالاکی جەستەیی یارمەتی منداڵانو لاوان دەدات، لە بنیاتنانی ئێسکو ماسولکەو جومگەکانیان بەشێوەیەکی دروستو پارێزگاریلێکردنیان، هەروەك چۆن یارمەتییان دەدات لە زاڵبوون بەسەر کێشی لەشیانداو دەربازبوون لە چەوری زیادەی لەشو هاوڕێ لەگەڵ چالاکیی ئەرکی دڵو سییەکان.

* یارییە سادەکانو هەموو چالاکییە جەستەییەکان، هەل دەرەخسێنێ بۆ لاوان تاکو گوزارشت لە کەسایەتیان بکەن، متمانە بەخۆبوون بەدەستبهێنن، هەست بەسەرکەوتن بکەن، کارلێك لەگەڵ کۆمەڵگا بکەنو تێکەڵاویان بن، هەروەك چۆن ئەم خووە باشانە دەبنە بەربەست لەبەردەم ئەو مەترسیانەی لە ئەنجامی ئەو شێوازی ژیانەوە روودەدات، کە ژەهراوی بووە بە تەنگژەو دڵتەنگیو دڵەراوکێو پەستانی دەروونی، کە بە شێوەیەکی زۆر فراوان بڵاوبووەتەوە لە نێو لاوانی ئەمڕۆدا!

* ئەنجامدانی چالاکی جەستەیی دەبێتە بەربەست لە بەرامبەر ماددە هۆشبەرەکانو خواردنەوە کهولییەکانو هەموو خووە ناشیرینەکانی تر، هەروەك چۆن هانی شوێنکەوتووانی دەدات بۆ سیستەمێکی خۆراکی تەندروست!

* هەرکەس خوبگرێت بە چالاکی جەستەییەوە لە ماوەی تەمەنی هەرزەکاریدا، ئەوا لەلای زۆرینەیان بە درێژایی تەمەن بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەوەی شێوازی ژیانی ناسراو بێت، بە کەمی جوڵەو خراپی خۆراکیو بەکارهێنانی ماددە ئالودەییەکان، ئەستەمە لە کۆتایی تەمەنیدا وەرزش بکات.

* ئەوەی جێی داخە دابەزینی رێژەی وەرزشکردنە لەلایەن لاوانەوە، لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی گۆی زەویدا، ماوەی وانەی وەرزش زۆر کەمە لە خوێندنگاکاندا، ئێستا زۆربەی کاتی لاوان بە یارییە ئەلکترۆنییەکانو دانیشتن لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆندا سەرف دەبێت.

* کۆمەڵە هۆکارێك دەبنە هۆی دوورکەوتنەوەی لاوان لە وەرزش، لەوانە: کەمی کات، نەبوونی پاڵنەر، لە لایەن لە خۆیان گەورەترەوە فێرناکرێن، کەمی شوێنی تایبەتمەند بۆ وەرزش، شارەزانەبوون لە سوودەکانی چالاکی جەستەیی.

* وەرزشکردن خویەکی جوانە، هەربۆیە داوادەکەین لاوانی وەرزش دۆست، لە جگەرەکێشان دووربکەونەوە.

دووەم: زیادەڕەویی مەکە لە وەرزشکردن:

- یاسایەکی ئاڵتونی هەیە بریتییە لە: مرۆڤ توانای خۆی زیاتر نەدا بەسەرشانیدا، چونکە زۆر وەرزشکردن وەك هەرشتێکی تر وایە، کە لە سنوری خۆی زیاتر بوو، زیان دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بڕی وەرزش وردە وردە زیاد بکرێت، ئەوا ڕێگری دەکات لە ئازاری ماسولکەکان.

لەبەرئەوە ئەنجامدانی وەرزش پێویستە بە شێوەیەکی میانڕەوانە بێت، بە تایبەت لەو کەسانەدا کە تەمەنی (٤٠) ساڵییان تێپەڕاندووە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەسی تەمەندار وەرزش ئەنجام نەدات، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەرزش بە کەڵکە بۆ هەموو تەمەنەکان بە تایبەت کەسی تەمەندار.

سێیەم: ئازاری ئەژنۆ:

* تەمەنی هەرزەکاری پڕ لە جوڵەو چالاکیو وەرزشکردنە، لەبەرئەمەیە هەندێ ئازار لە دەوروبەری ئەژنۆدا هەست پێدەکرێت.

ئەم ئازارانە زیاتر لە ناو لاواندا باوە، دەگاتە بارێکی بەردەوامو بێزارکەر، بەتایبەت لەگەڵ جوڵەو ڕۆیشتندا..

بەشێوەیەك زیاتر هەستی پێدەکرێت لە ناوچەی کڵاوەی ئەژنۆدا، بە تایبەت لە کاتی ڕۆیشتنو سەرکەوتنی پلیکانەدا.

* ئەم ئازارانە دروست دەبن لە ئەنجامی:
- نارێکی لە وەستانی ئێسکی ڕانو قاچ.
- لاوازیو بێ توانایی ماسولکەکانی ڕانو قاچ.
- بارێکی هەڵە وەك دانیشتن لەسەر زەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر.
- دانیشتنی چوارمشقی بۆ ماوەیەکی زۆر.
- بەکارهێنانی پێڵاوی ناتەندروست.

* بۆ دیاریکردنی ئازاری ئەژنۆ، بە تاقیکردنەوەی سەر سیسەم، تیشکی ئێکس، یان موگناتیسی ئەگەر پێویستی کرد.

* چارەسەر: لە ڕێی چارەسەری سروشتییەوە دەبێت، کە بەکاردێت بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکانی ئەژنۆ، دوورکەوتنەوە لە بارە ناتەندروستییەکان لە کاتی دانیشتنو ڕۆیشتنو وەرزشدا.

* بەکارهێنانی دەرمانو مەرهەمە ئازار شکێنەکانو دژە هەوکردن بۆ ماوەیەکی کورت، یارمەتی چاکبوونەوەیەکی خێرا دەدەن.. هەروەها پێویست بە بەکارهێنانی هەندێ لەو بەستەرانە دەکات کە دەبەسترێت بە ئەژنۆوە.. یان پێڵاوی پزیشکی گونجاو.

چوارەم: وەرزشو هۆرمۆنەکان:

دیاردەی بەکارهێنانی هۆرمۆنەکان لە نێوان وەرزشەوانانیدا دیاردەیەکی کۆنە، هەرچەندە ژمارەیەك لە یاریزانانو هەوادارانی لەشجوانیو هەڵگری قورساییەکان بەکاریدەهێنن، بەڵام لەلایەن هەموو ڕێکخراوە وەرزشییە جیهانییەکانەوە ڕێگری بەکارهێنانیان کراوەو سزای ئەوانە دەدرێت کە بەکاریدەهێنن.

لە هەمان کاتدا ئەو سەرچاوانەی بانگەشە بۆ بەکارهێنانی ئەم دەرمانانە دەکەن، هیچ بنچینەیەکی پزیشکییان لە پشتەوە نییە.

بەختەوەریم
لە وێنەی دەریادا

پەیام عوسمان کریم

ببە بە ژیان بۆ دەوروبەرت تا تامی شیرینی ئەم دونیایە لە تۆوە فێربن، جوانی ژیانیان بۆ وێنا بکە بە کردارە ناوازەکانت، با هیچ نەبێت، تۆیەکی بەندە ببیتە هۆی بەختەوەری ئادەمیزادێك لەم سەکۆی شانۆیەدا، هێندە دڵفراوانبە بە وێنەی میهرەبانی دەریاکان، تا هەمووان لە تۆ بخۆنەوە، نەوەك بەردە ناحەزەکانی ڕۆخی دەریات تێبگرن.

ببە بە هەوێنی ڕۆحێکی مەزن، تا ئارامی بە جەستە شەکەتو ماندوو دەستە پڕ لە کارەکان ببەخشیت، ئەوانەی شەو دەخەنە سەر ڕۆژو بۆ پارچە نانێك بە ئاواتی ڕۆحێکی ماندوو نەناسو دەستێکی میهرەبانین، تا سکی برسییان تێر بکەن.

ببە بە دەستێکی سپی تا هەمووان لە خێرو چاکەت بەشداربن، یارمەتی بێ نەوایان بدە، گەر بزەیەکی لێوەکانیشت بێت بۆ ئەوان ئاڵتونێکی بەنرخە..

ببە بە کانگای ئەوین بۆ هەموو دۆستانت، چونکە ئەوان پێویستیان بە ئەوینێکی ئێجگار پڕ لە خۆشەویستی هەیە، مرۆڤ تادوا هەناسەش بە عیشقەوە ئەژیو دەمرێت، لەگەڵ باوەڕێکی ئێجگار پاك..

پەروەردگارم.. هەریەك لە ئێمە سەرفرازی دونیاو دواڕۆژ بکە.. لە ئاکارو ڕەفتارو گوفتاری جوان بێبەشمان مەکە..

خودایە.. هەر یەك لە ئێمە خاوەنی دڵێکی تەنهایە، بەڵام باخۆشەویستی هەموو جیهان لە دڵە بچوکەکەماندا بوونی هەبێت.. چونکە تەواوکەری ناخو دەروونی یەکترین.

دڵنیابە فرمێسکەکانی شەوی یەڵدات بە هەدەر ناچن، ئەگەر تۆ خاوەنی دەروونێکی ئارام بیت، لەگەڵ ئەو نەفەسانەی بۆ دەوروبەرەکەت لە سینەی پاکت دەردەچن، لە کۆتاییدا ببە بە ئاوێنەی جوانی کردارو ناخت.

خەونەکان... جیهانی تایبەتمانن!!

و: کیژان فەرەج

خەون ئەو جیهانەیە کە هانای بۆ دەبەین، تاوەکو بمانگەیەنێت بەو شتانەی لە ژیانی ئاسایی خۆماندا بەرامبەری بێ توانایین، خەو ئەو جیهانەیە دەمانگەیەنێت بە سەروەتو سامانو جوانیو پلەوپایەو ناوبانگ.. جیهانی خەونەکان جیهانێکی ئاستەم نییە، لە ڕێی خەونەکانەوە گەیشتنمان بە هەموو هیواو ئاواتەکانمان بە دوور دەبێت لە ئاستەم بوون.

کاتێك خەونەکان دێتە بەردەستمان، ئەو کات هیچ بەربەستێك نامێنێتەوە کە شایەنی ئاوڕ بۆدانەوە بێت، بە دڵنیاییەوە هەریەك لە ئێمە خەونی تایبەت بە خۆی هەیە.

خەونەکان لە دیدێکی جیاوازەوە..

بێگومان بەخشینی خەون بە مرۆڤەکان بەخششێکی خواییەو بەم بەخششە تایبەتمەندی کردووینو هەریەکێك لە ئێمە خەونی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام جۆرێکی تایبەت لە خەون هەیە کە تەنها پشکی هاوبەشی هەیە لە لای کەسە سەرکەوتووەکان، کە ئەویش خەونە لە دیدو ڕوانینێکی جیاوازەوە، هەر ئەمەش جۆرێکی جیاواز لە خەونەکان بەرهەمدێنێت...

ئەم جۆرە خەونە پاڵنەرێکە بۆ خاوەنەکەی بە جۆرێك پلەی ئەوەندە بەرزە کە شەونخونی دەکاتە پیشەی ڕۆژانەی، ئەم شەونخونییەش ئەو ساتانەی پێدەبەخشێت کە کەسی سەرکەوتوو بە هۆیانەوە وزەی لێوەردەگرێتو بەردەوام پاڵی پێوە دەنێت بۆ دەستکەوتنی بەرهەمی ناوازە، ئارامی بەدەستناهێنێت مەگەر ئەو کاتە نەبێت کە خەوەکانی لە خەیاڵەوە دەگۆڕێت بۆ ڕاستی، ئەمەش نموونەیەکی ئەبو مسلم الخراسانی..

ئەو پیاوە بوو کە دەوڵەتی ئەمەوییەکانی ڕووخاندو دەوڵەتێکی بە ناوی (عەباسییەکان)ەوە دروستکرد، خاوەنی دەستکەوتە مەزنەکان بووە بۆ دەوڵەتی (عەباسییەکان). مێژوو ئەوە دەگێڕێتەوە کە دایکی هەمیشە کوڕەکەی دەبینێ لەسەر جێگای نوستنەکەی ئەم دیوو ئەو دیوی دەکرد، وەك ئەوەی مارەنگاز بێت، دوای ئەوەی کە دایکی دەچووە لایو پرسیاری لە هۆکارەکەی دەکرد، لە وەڵامدا بە دایکی دەگوت: هیممەتێکە ئەی دایکە شاخەکان کەرت دەکات.

ئایا خەونەکان بەدی دێن؟!

هەموو ئەو شتانەی ئێستا لە ژیانتدا دەیانبینیتو هۆکارن بۆ خۆشبەختی تۆ، ڕۆژێك لە ڕۆژان بەشێك بوون لە خەونی کەسانی تر، هەر بە خەونیش دەمانەوە ئەگەر هاتباو باوەڕو متمانەیان بە خەونەکانیان نەبووایەو هەوڵو شەونخونیان بۆ نەدایەو سورنەبوونایە لەسەر بەدەستهێنانی، ئەوا نە ئەمڕۆ ئێمە دەمانناسینو نەدەشمان توانی سودیان لێببینین. بێگومان خاوەن ئامانجەکان، خەون بە ئامانجەکانیانەوە دەبینن، ئەگەر بڕوای تەواویان بە خەونەکانیان هەبێت، ئەم بڕوابوونەیان وا دەکات هەوڵبدەن بۆ بەجێهێنانی، ئەگەر چاوێك بە چواردەورتا بگێڕیت چەندین بینای بەرزو بڵندو هۆکارەکانی گواستنەوەی وەك: (فڕۆکە، ئۆتۆمبێل، کەشتی بارهەڵگر،...) هەمیشە لەبەردەمتدایەو هەستیان پێدەکەیت، وەك کەلوپەلەکانی ناوماڵ، (وەك: بەفرگرو تەلەفزیۆن).

سوودی خەون چییە؟

ئەو پێکهاتەیەیە کە کردارە ئاستەمەکانت بۆ دەگۆڕێت بۆ ئەو کردارانەی کە بەدەستیان بێنیت، دوورت بۆ نزیکو سەختت بۆ ئاسان دەکات، خەون چارەسەری ئەو هەورە ڕەشەیە کە ڕۆژە درێژەکانی ژیانتی داپۆشیوە، کە لە ئەنجامی کردارە ڕۆتینەکانتەوە دروستبووە. خەون هیواکانت تازە دەکاتەوەو لایەنی دەرونیت گەشە پێدەداتو تیژکەرەوەی هیمەتتە، باشترین یارمەتیدەرە بۆ گەڕاندنەوەو بەردەوامبوونت بۆ ژیان. هەروەك چۆن ئالبرت ئەنیشتاین دەڵێت: خەیاڵکردن لە زانست گرنگترە .بە دڵنیاییەوە هەرکەسێك خەونەکەی بەدەستهێنا، ئینجا بە تەواوی سود لەو نیعمەتانە دەبینێت کە پێی بەخشراوە لە ڕووی ماددیو دەروونیو کۆمەڵایەتییەوە.

ئەم بەخشینە تەنها لەم سنورەدا ناوەستێتەوە، بەڵکو خەڵکانی تریش سودی لێدەبینن، دێتە ژێر سێبەری خەونەکانی تۆوە، ئەمەش بەسە بۆت کە ببیتە نمونەیەك خەڵکی شوێنت بکەون لە گونجانی بەدیهێنانی خەونەکانیان.

له سوپاسگوزاران بن!

مۆمی دوازدەیەم

ن: د. عبدالكریم بكار
و: ئاسیا صەلاح

هیچ دەربڕینێك شـك نابەم بۆ گەورەیی ئەو نیعمەتانەی كە هەریەكێـك لـە ئێمە تێیدا نقوم بـووە، وەك چۆن خودای گەورە نیشانمان دەداتو پێمان ڕادەگەیەنێت:

﴿ وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٨﴾ ﴾ النحـل

واتە: ئەگەر بتانەوێ نیعمەتاكانی خودای گەورە بژمێرن، ئەوەندە زۆرن ناتوانن بە تەواوی بیانژمێرن، خودا بە ڕاستی گوناهـ پۆشو میهرەبانە.

كـچو كوڕەكانم، ئـەم زەمانە زەمانی سـكاڵاكردنە لە خراپی بارودۆخەكان، ئەمەش بە هۆی زیادبونی خواسـتەكانی مرۆڤو بە هۆی ئەو كەلێنانەی لە تواناكانیاندایە بۆ گەیشتن بەو خواستانە. لەگەڵ شەپۆلەكاندا ڕێمەكەون، بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لەبەردەستدایە، هەمیشە ئەوەتان لە بیربێت هەرچەندە بارودۆخەكان خراپتربێتو ئازارەكان بەردەوام بێت، ئەوا شتێك هەر هەیە كە سوپاسی خودای گەورەی لەسەر بكەین، هەر لە نیعمەتی ئیمانو نیعمەتی بیستنو بینینو هەبوونی خزمو كەسو كارو هاوڕێو هەروەها ئێستا كە لە ژیاندایـن، بۆ خۆی نیعمەتێكە كە دەتوانین هەلێك بدۆزینەوە بۆ گەڕانـەوەو ئەنجامدانی كاری چاكە، ئەگەر لە خراپەكاران بووین، یاخود چاكەكانمان زیاد بكەین، ئەگەر لە كەسـە باشەكان بووین. دەبینن سوپاسـگوزاری چۆن لە خودای گەورەمان نزیك دەكاتەوە، هەرئەوەی خودای گەورە توانای وتنی سوپاسی پێ بەخشیویت، بۆ خۆی نیعمەتێكی ترە، هەروەها سوپاسـگوزاری سەرچاوەی شادیو دڵنیاییو دڵخۆشییە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێكراوە:

﴿وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّى غَنِىٌّ كَرِيمٌ ﴿٤٠﴾ ﴾ النمل:٤٠

واتە: هەر كەس سوپاسـی خودا بكات، سودی سوپاسكردنەكەی بۆ خۆیەتیو هەر كەسـیش سـپڵە بێتو سوپاسـی نەكات خودای گەورە پێویستی بەوە نییەو خاوەن بەخششە.

ئێمـە دەزانین زۆرینـەی خەڵكی بێزار نابن لە سـكاڵاكردنو ماندوونابن لە باسـكردنی ئەمو ئەو، كاتێك لەگەڵیاندا دادەنیشیت هەستدەكەیت كە لە هیچ شتێك ڕازی نین!!

ئەمـەش دەبێتە سـەرچاوەیەك بۆ ئـازاری دەروون كە تەواو نابێت، ئەوانە هەسـت بە دڵتەنگیو پـەژارەو خەم دەكەن بە بێ هەبوونی هۆكارێكی گونجاو.

كچو كوڕەكانم سوپاسو ستایشی خودای گەورە بكەنو وەسفی بكەن، كە سـەرچاوەیەكە بـۆ پارێزگاریكردنی ناخ لە ژەنگهێنانو هەلی پیشاندانی ڕووسووریو وەفاداری بۆ هەر كەسێك كە چاكەی لەگەڵدا كردوون.

ئەگەر یەكێكتان پرسـیاری لە حاڵو تەندروسـتیتان كرد، با بڵێت: من نقوم بووم لە بەخششـەكانی خوای گەورەدا، یان بڵێت: لە باشترین حاڵدام، یان بڵێت: لە خودا داواكارم پشتگیریمان بكات بە بەردەوامیو نیعمەتەكانی هەر لە زیادبووندا بێت.

ڕۆڵەكانـم سوپاسـكردن بـە دڵ دەبێت، ئەویش بە هەسـتو پێزانینێكی قوڵ بەرامبەر ئەو كەسەی كە نیعمەتی پێ بەخشیوین، ئەوەی یارمەتی داوینو پشتیوانو ڕۆزی دەرمانە.

هەروەها سوپاسـكردن لە ڕێی پیاهەڵدانو وەسفكردن دەبێت، بە دەربڕینی بە زمانێكی نەرمو نیان، لێرەدا بە هەندێك لە كوڕو كچەكانـم دەڵێم: با دەمتـان ڕابێت بە پیاهەڵدانی ئەو كەسـەی چاكەیەكـی لەگەڵدا كردوونو با تێكەڵ بێت لە هەسـتێكی قوڵو ڕاسـتگۆییەكی تەواو، هەروەها سوپاسـكردن بە دەستو هەوڵدانو تێكۆشـان دەبێت، بۆ هەموو نیعمەتێك سوپاسـكردنێكی تایبەتی خـۆی هەیـە، كە هـی تـری لەگەڵـدا ناگونجێت، دەبێـت ئەوە فێربیـن، لە ڕاسـتیدا سوپاسـكردن هونەرێكە لـە هونەرەجوانو سەرنجڕاكێشەكان، پێویستە فێری ببین بە ئاستێكی سادەو پڕسۆز، لە توانای هەر یەكێكماندایە كە خاوەنی بێت ئەگەر بیەوێت.

خەڵكی هەموو خودا بەخێویان دەكاتو ڕۆزییان دەدات، هەموو بەندەو موڵكی خودان، با بەشێك لە سوپاسگوزاریمان سودگەیاندن بێت بە بەندەكانی خودا..

لە ڕێگەی سۆزو عاتیفەتەوە..
ئاشنابە
بە لایەنێکی کەسایەتیت!

لەو باوەڕەدام، کە زۆرێك لە ئێمە بەم بابەتە ئاشنانین، بەتایبەت لە کاتێکدا ئێمە باس لە شتێکی ماددی، یان بەرجەستە ناکەین.. ئەم بابەتە باس لە سۆزو هەستەکانت دەکات.. کە تۆ ناتوانیت کۆنترۆڵی سۆزداریت بکەیت، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئاشنابوویت بە ڕووخسارە جیاوازەکانو چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەو چارەسەری ڕاستو دروست بۆ بنیاتنانی کەسایەتیت نەك ڕووخانی..

ئەوەی کە وامان لێدەکات ئێمە سوود لە هەڵوێستەکان وەربگرین، ئەوەیە کە ڕۆژانە دووچارمان دەبێتەوە، کاریگەری لەسەر هەستەکانمان دروست دەکاتو تەنانەت لەسەر بڕیارەکانیشمان.

گرنگترین ئەو لایەنە سۆزداریانە:

سۆزداری زیرەکی: سۆزداری زیرەکی بریتییە لە ئاشنابوونمان بە هەستە تایبەتییەکانمانو ئاڕاستەکردنی بۆ کەسانی دەوروبەرمان، بۆ هاندانمانو کۆنترۆڵکردنی هەستەکانمان بە شێوەیەکی دروست، لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کەسانی دەوروبەر.

بەبێ شەرم پێشبڕکێ لەگەڵ دەروونی خۆتدا بکە، تا بتوانیت چارەسەری گونجاو بدۆزیتەوە، ئێستا لایەنی سۆزداری خۆت لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بە دڵسۆزیو ڕاستگۆیانە بدۆزەرەوە:

یەکەم: ئەگەر پێویست بوو، تۆ بڕیارێك بدەیت سەبارەت بە باتێك کە لای تۆ گرنگە، ئایا:

١- بە جدیو بە خێرایی بڕیارەکە دەدەیت.٢- کەمێك بڕیارەکەت دوادەخەیت، بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتەکە بە جدی.

٣- کارەکە فەرامۆش دەکەیتو هیچ گرنگییەکی پێ نادەیت.

دووەم: ئەگەر دایکت، یان باوکت لێت توڕەبوون، ئایا؟

١- توڕەبوونەکەیان دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ڕۆژەت بە تەواوی لێ تێکبدەنو نەتوانیت ئەو ڕۆژە هیچ کارێك ئەنجام بدەیت.

٢- هەوڵدەدەیت بە هەر شێوەیەك بێت ڕازییان بکەیت، پاشان گرنگی بە کارو فەرمانەکانت دەدەیت. ٣- کەمێك کاریگەری لەسەرت دەبێت، دواتر بە ئاسانی لە بیری دەکەیت، ئەو ڕۆژەت دەکەیتە ڕۆژی بەدەستهێنانو ئەنجامدانی کارو فەرمانەکانت.

سێیەم: ئەگەر دووچاری هەڵوێستێکی شەرمەزارکەر (محرج) بوویت، لەبەردەم کەسانێك کە نەتدەناسین، ئایا؟

١- ئازارت پێدەگاتو هەوڵدەدەیت ڕابکەیت، وەکو ئەوەی کە دنیا کۆتایی هاتووە. ٢- زۆر کارت تێدەکات، بەڵام هەوڵدەدەیت، بارودۆخەکە لەسەر خۆت ئاسایی بکەیتەوە. ٣- بە تەواوی فەرامۆشی دەکەیت، هەر بیریشی لێناکەیتەوە، زۆر ئاسایی وەریدەگریت، هەموو کەس دووچاری ئەو هەڵوێستانە دەبێت.

چوارەم: ئەگەر دیمەنێکی کاریگەرت لە تەلەفزیۆن بینی، ئایا؟

١- نوقمی گریان دەبیتو دووچاری حاڵەتی دڵ تێکەڵهەڵاتن دەبیت. ٢- بۆ ساتێك چاوەکانت فرمێسك هەڵدەوەرێنن.

٣- هەرگیز کاریگەری لەسەرت نابێت.

پێنجەم: ئەگەر یەکێك لە هاوڕێ خۆشەویستەکانت لە خوێندنگەکەت، یان شوێنی کارەکەت گوازرایەوە، بۆ شوێنێکی دیکە، ئایا؟

١- تا ماوەیەکی زۆر ڕادێیت لە دیارنەبوونی، زۆر ئازارت دەدات. ٢- هەوڵدەدەیت لە گواستنەوەکەی پەشیمانی بکەیتەوە، بە دەربڕینی هەستو سۆزو خۆشەویستیت بۆی. ٣- بەردەوام دەبیت لە کارو ژیان، بەبێئەوەی گرنگی پێ بدەیت، یان بێزارت بکات.

شەشەم: ئەگەر هاوڕێیەکت باسی لە نەهامەتییەکانی خۆی بۆ کردی، ئایا؟

١- دەگریو بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەی لاوێنیتەوە. ٢- زۆر کارت تێدەکات، بەڵام هەستو هەڵچوونەکانت لە ناختدا دەشاریتەوەو دەرینابڕیت.

٣- گرنگی پێنادەیت، وەکو کارێکی ئاسایی بۆی دەڕوانیت، بەلای تۆوە پێویست بە هەڵچوون ناکات.

حەوتەم: کاتێك هاوڕێیەکت پەیوەندیت پێوە دەکات، تۆش خۆت ئامادە کردووە بۆ سەردانی خزمێکت، دەیەوێت بە تەلەفۆن درێژە بە قسەکانی بدات، ئایا؟

١- بەردەوام دەبیت لە قسەکردن لەگەڵیداو درێژە بە قسەکانت دەدەیت، سەردانەکەت دوادەخەیت بۆ دوای کۆتایی هاتنی

پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە.

٢- کەمێك قسەی لەگەڵدا دەکەیتو پاشان بەشێوەیەکی ئەدەبیانە داوای لێبوردنی لێدەکەیتو کۆتایی بە قسەکانت دەهێنیت.

٣- دەستبەجێ داوای لێبوردنی لێدەکەیتو بە پەلەو بێ دواکەوتن دەڕۆیت بۆ سەردانەکەت.

هەشتەم: ئەگەرهاوڕێیەکت داوای ئەنجامدانی کارێکی گەورەی لێکردیت، لەسەر حسابی کاتەکانی تۆ؟

١- کارەکەی بۆ ئەنجام دەدەیت، ئەگەرچی دەبێتە هۆی نارەحەتیو گرفتی زۆر بۆت.

٢- هەوڵدەدەیت بە پێی توانای خۆت، هاوکاری بکەیت.

٣- هاوکاری ناکەیتو کارەکەی فەرامۆش دەکەیت.

نۆیەم: کاتێك بەرامبەر هاوڕێیەکت، هەڵەیەك دەکەیت؟

١- بەشێوەیەکی دڵڕەقانە سزای خۆت دەدەیتو دەستبەجێ داوای لێبوردنی لێدەکەیت. ٢- چاوەڕوان دەکەیت تا ئارام دەبیتەوە، پاشان داوای لێبوردنی لێدەکەیت. ٣- گرنگی بە بابەتەکە نادەیتو هەموو کەسێك هەڵە دەکاتو تۆ تەنها کەسێك نیت کە هەڵەت کردبێ.

دەیەم: ئەگەر کەسێکی تازەت ناسیو بوو بە هاوڕێت، ئایا؟

١- لە هەستو موجامەلەو سۆزتدا زیادەڕەویی دەکەیت.

٢- ڕاستگۆیانە هەستەکانتی بۆ دەردەبڕیو ئاسایی هەڵسوکەوت دەکەیت. ٣- ئەگەر کەسایەتیت بە دڵ بوو، بۆ هاوڕێیەتی دەست بە هەنگاوی یەکەم دەکەیت.

ئێستا ئەم ژمارانە بە خۆت ببەخشەو پاشان ئەنجامەکەی کۆبکەرەوە:

هەڵبژاردنی وەڵامی: ١- (سێ خاڵ). ٢- (دوو خاڵ). ٣- (یەك خاڵ).

ئێستا بۆئەوەی کەسایەتیت ببینیت سەیری ژمارەی خاڵەکانت بکە:

ئەگەر کۆی خاڵەکانت لە ٢٤ — ٣٠ خاڵ بوو:

تۆ کەسێکی زۆر سۆزدارو عاتیفیت، بەهەر هەڵوێستێك کە تووشی خۆت ببێ، یان هاوڕێیەکت، بە ئاسانی فرمێسك لە چاوەکانت دەبارێن، ئەوەندە زیادەڕەویت کردووە لە سۆزو عاتیفەدا کە هاوڕێکانت لە سۆزدا نقوم کردووە، لەبەرئەوە زۆربەی خەڵکی مامەڵەو هاوڕێیەتی لەگەڵ تۆدا بە سەخت دەزانن، هەوڵبدە کەسێکی هاوسەنگ بیت لە پەرچەکردارتو هەستەکانت، تا نەبیتە پارچەیەکی هەستی ئاگرین، کە هەموو ئەو کەسانە بسوتێنێت لە تۆوە نزیکن.

ئەگەر کۆی خاڵەکانت: ١٧ — ٢٣:

تۆ کەسێکی بەسۆزو عاتیفی، بەڵام بە شێوەیەکی گونجاوو ڕێژەیی، هەستەکانت ڕوونو هاوسەنگن، سۆزوعاتیفەت پڕجۆشو خرۆشە، بەڵام لە دڵی خۆتدایە، هاوکاری کەسانی نزیکت دەبیت لە کاتی نارەحەتو تەنگانەدا، بۆ بەختەوەرکردنی خەڵکی قسەی بەجێو هەڵسوکەوتی شیاو ئەنجام دەدەیت، تۆ خاوەنی دڵێکی گەورەی، دەروونێکی بەرزی، خێرو چاکەی خەڵکیت دەوێت، دڵت پڕە لە لێبوردنو خۆشەویستی.

ئەگەر کۆی خاڵەکانت (سفر بۆ ١٧) خاڵ بوو:

هیچ گرنگی بە لایەنی سۆزو عاتیفەنادەیتو کاریگەری لەسەرت دروست ناکات، تەنانەت ئەگەر دووچاری ناسکترین هەڵوێستیش ببیتەوە، هەستدەکەیت کە سۆزی کۆمەڵایەتی کات بە فیرۆدانە، گرنگ نییە بەلاتەوە هاوڕێت هەبێت، یا نا، بە باشی دەزانیت دوورە پەرێزبیت لە پەیوەندی سۆزداریت لەگەڵ خەڵکیدا.

زبریو ڕەقو توندیت لە هاوڕێیەتیدا، وا دەکات زۆر لە هاوڕێ نزیکەکانت لە دەست بدەیت.

لە پشت هەر ڕەفتارێکەوە نییەتێکی باش هەیە!

ڕێگەرد فارس

لە بەرنامەڕێژی زمانەوانی دەروونیدا کە یەکێکە لە زانستە نوێیەکان لە ڕێگەکانی بیرکردنەوە لە بەڕێوەبردنی هەستەکانو بەرنامەڕێژکردنیان دەکۆڵێتەوە، ئەم زانستە زۆر گرنگی بە گۆڕینی خودو بەرەو باشتر بنیاتنانی لە ڕووی دەروونیو جەستەییو زمانەوانیشەوە دەدات، ئەوەی لێرە ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە ئەم زانستە لە چەند گریمانەیەك پێکهاتووە، ئەگەر لەسەر ئەو گریمانانە بڕۆینو لە پەیوەندییەکانماندا پەیڕەویان بکەین، ئەوا بێگومان زۆر گەشبینانەو بەختەوەرانەو بێ هیچ گومانێك سەرکەوتوو دەبین، یەکێك لەو گریمانانە: «لە پشت هەر ڕەفتارێکەوە نییەتێکی باش هەیە»، بۆ نموونە هەندێجار هاوڕێیەکمان ڕەفتارێك دەکات کە لە لای ئێمە جوان نییە، بەڵام ئەو کەسە لە نییەتی خۆیدا شتێك هەیە کە لای ئێمە دیار نییەو هەستی پێناکەین، هەرچەندە ئەو، هۆکاری ئەو ڕەفتارە ڕوون بکاتەوەو نیازی خۆی باس بکات، ئێمە هەر بەلایەنە نەرێنییەکە وەریدەگرینو لۆمەی دەکەین، ئیتر بیرناکەینەوە لە هۆکارەکەی.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، ئەگەر پرسیار لە سواڵکەرێك بکەین بۆچی سواڵ دەکات؟ هۆکارەکەی چییە؟

ئەو لە وەڵامدا دەڵێت: تا بژێوی خێزانەکەم دەستەبەربکەم، یان بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلێك بکڕم، یاخود بگەمە ئاستێکی ماددی باش، بۆت دەردەکەوێ کە نیازو نییەتێکی باش لە ناخیایەتی، بەڵام بە هۆی ڕەفتارەکەیەوە بە زیندانی سزا دەدرێت.

یاخود کاتێك ئێمە لەگەڵ کەسانێکدا مامەڵە دەکەین ڕەفتارێکی نەشیاو دەنوێنینو ئێمەش بێ هیچ زانیارییەك لۆمەی دەکەین، بێئەوەی بزانین چی لە پشت ئەو ڕەفتارەوەیە، لەوانەیە ئەو کەسەش بۆ چارەسەری کێشەکانی ڕووی تێکردبینو بیەوێت ڕاوێژمان پێ بکات، بۆئەوەی بتوانین چارەسەر بۆ کێشەکەی بدۆزینەوە، پێویستە تەرکیز بکەینە سەر نییەتی کەسەکە نەك ڕەفتارەکەی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە ئیجابیانە بیر بکەینەوە. کەواتە پێویستە ڕەفتار لە نییەت جیابکەینەوە، چونکە ڕەفتار بریتی نییە لە خودی کەسەکە.



بۆچی خوێندنەوە گرنگە؟

و: پەشێو مەجید

٨٠ هۆکار، بۆ وەڵامی پرسیاری (بۆچی خوێندنەوە گرنگە؟)

بەشی دووەمو کۆتایی

٥١- هۆکاری دۆزینەوەی شتە سەرسوڕهێنەرو سەیرەکانە.

٥٢- ئەزموونو زانیاری نوسەرەکەت پێدەبەخشێ.

٥٣- وات لێـدەکات لە دیـدگای جیاوازەوە هەڵسـەنگاندن بۆ شتەکان بکەی.

٥٤- مـرۆڤ لـە ڕێگـەی خوێندنـەوەوە ئەزموونو پێشـینە وەدەستدەخات.

٥٥- خوێندنەوە واتلێدەکات پرسـیار بکەیـتو بە دوای ئەوە بگەڕێی کە نایزانی.

٥٦- دەتکاتە کەسێکی باشو سەرکەوتوو.

٥٧- خوێندنەوە خەیاڵت فراوان دەکات.

٥٨- خوێندنـەوەی بابەتە سـەردەمییەکان یارمەتیت دەدات، بۆئـەوەی سـودو زیانـی ئـەو بابەتانـە بزانیـتو وات لێدەکات بڕیارەکانت لەسەر بنەمای عەقڵو تێگەیشتن بن.

٥٩- خوێندنەوە گەشتێکی سەرنجڕاکێشە.

٦٠- خوێندنەوە، هەمیشە ئەگەری نوێت دەخاتە بەردەم.

٦١- خوێندنەوە، گەشە بە ڕۆحت دەدات.

٦٢- خوێندنـەوە بـە بەردەوامـی، ئەگـۆڕو کارلێنەکراو ڕات دەگرێ، ئەگەرچی لە کێشەشدا بیت.

٦٣- خوێندنـەوە ڕاهێنانی مێشـکە، ئەگەرنا مێشـك ئاڵۆزیو بارگرانی بە خۆوە دەبینێ.

٦٤- خوێندنـەوە، بەرەنـگاریو تێکۆشـانو چونـە نـاخو لێکۆڵینەوەی وردی تەواوی بیروڕاتە.

٦٥- خوێندنـەوەی بابەتو شـتی هەمەجۆرو جیـاواز، دیدو ڕوانگەی هەمەجۆرو جیاوازت پێدەبەخشێ.

٦٦- خوێندنـەوە، لایەنـی زمانەوانـیو پێکهێنانـی ڕسـتەو ڕێزمانت باشتر دەکات.

٦٧- زمان پاراویو قسە ڕەوانیت پێدەبەخشێ بۆ کاتی گفتوگۆو قسەکردن.

٦٨- خوێندنەوەی تۆ، ژیانی منداڵەکەت ڕێکدەخات.

٦٩- خوێندنەوە، خۆشیو پێکەنین بە منداڵ دەبەخشێ.

٧٠- خوێندنەوە وا لە منداڵ دەکات، ڕۆڵیان هەبێ لە شـانۆی ژیان.

٧١- بە دەنگ خوێندنەوە بۆ منداڵ، ئاستی گوێگرتنو بەهرەی گوێگرتنیان زیاد دەکات.

٧٢- خوێندنـەوە وا لە منداڵ دەکات هەسـت بە شـت بکاتو ببینێو پرسیار بکات.

٧٣- خوێندنەوە، ئاستی خوێندەواریت زیاد دەکات.

٧٤- بەهرەی نوسینت لا دروست دەکاتو برەوی پێدەبەخشێ.

٧٥- ئەوەی کە لە چیرۆکەکانەوە فێری دەبین، لە هوڵسوکەوتی ڕۆژانەماندا ڕەنگدەداتەوە.

٧٦- خوێندنەوە وات لێدەکات لە ڕوانگەو گۆشـەی جیاوازەوە بیر بکەیتەوە.

٧٧- خوێندنەوە سەرچاوەی چوستیو چالاکییە.

٧٨- دەکـرێ خوێندنـەوە ڕێگری لە یادچونو لە دەسـتدانی یادگە بێت.

٧٩- خوێندنـەوە بـۆ مـاوەی ٢٠ خولەك لە ڕۆژێکـدا دەکاتە ٤٨٠٠ خولـەك لـە سـاڵێك!! بیرکەوە تـۆ دەبێ چەنـد کتێب لە سـاڵێکدا بخوێنیتەوە لە ٤٨٠٠ خولەکدا کە دەکاتە ٨٠ کاتژمێر. ٢٠ خولەکیش لە ڕۆژێکدا دەکاتە ٣٨،١ای ڕۆژ.

٨٠- بەو هەموو سـودو کەڵکەوە، خوێندنەوە باشـترین حەزو خولیایە، تاوەکو بیکەیتە یەکێ لە حەزو خولیاکانت.

دەی کەوایە تکایە، بخوێنەرەوەو بخوێنەرەوە، بخوێنەرەوە..

گەلی هۆشیار!

پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر، بەیانییەكیان وەك هەموو بەیانییەكانی دیكە، خەڵكی ئەرژەنتین لە خەو ڕاپەڕینو زانییان نرخی هێلكە بەرزبووەتەوە. تومەس خاوەنی كێڵگە پەلەوەرییەكانو بازگارگانەكانی هێلكە، هەر هەموویان بە جارێك ڕێككەوتوون لەسەر ئەم گرانكردنە، بێئەوەی بۆ تەنها ساتێكیش بیر لەوە بكەنەوە كە هاوڵاتی وەها هەیە، وشكە نانێك شك ناباتو بژێوی ڕۆژانەی خۆیشی پێ دابین ناكرێتو هاوڵاتی وەهاش هەیە شەوو ڕۆژ دەداتە دەمیەكو ڕەنج دەكێشێت، تا برسێتیی منداڵە ڕووتوڕەجاڵەكانی بڕەوێنێتەوە.

دەزانیت بۆچی ئەم كارەیان كرد؟ چونكە ئەوانە، كۆمەڵە بازرگانێكی چاوچنۆكو بەرچاوتەنگ بوون؛ هەموو خەونو خولیاو هەوڵو هەڵپەیەكیان ئەوەبوو: هەر چۆنێك بووەو بۆیان دەست بدات، دەریای بێبنی گیرفانی خۆیان، بە پارەوپووڵی خەڵكی پڕبكەن.

پاش ئەمە چی ڕووی دا؟

خەڵكی چوونە فرۆشگاكانو هێلكەیان هەڵدەگرت، كاتێك سەیریان دەكرد نرخەكەی بەرزبووەتەوە، لەجێی خۆی دایاندەنایەوە. ئەمە كاردانەوەی هەر هاوڵاتییەكی ئەرژەنتینی بوو. بە زمانی حاڵ دەیانگوت: لێی بگەڕێ، با بگەنێت.

پاش ئەمە چاوەڕێی چی دەكەن، ڕوو بدات؟

چەند ڕۆژێك دواترو وەك جاری جاران، ئۆتۆمبیلی تایبەت بە كۆمپانیای مریشكی هێلكەكەر هات، تاوەكو بڕێكی دیكە لە هێلكەی تازە دابگرێت، بەڵام تووشی بەڵای دڵكوت هاتن؛ خاوەنی فرۆشگاكان نەیانویست، هیچ بڕە هێلكەیەكی تازە دابگرن، چونكە تاقە هێلكەیەكی جاری پێشوویان نەفرۆشتبوو. ئیدی بازرگانەكان، بەناچاری هێلكەكانیان بۆ گەنجینەكانیان گێڕایەوەو گوتیان: چەند ڕۆژێك ئارام دەگرین، سا بەڵكو ئەم خەڵكە بەخۆیاندا بێنەوەو ڕوو لە هێلكە كڕین بكەنەوە.

بازرگانەكان چەند ڕۆژێك ڕاوەستانو چاوەڕێیان كرد، گەلی ئەرژەنتینیش هەروەتر. دیسانەوە چاوەڕێیان كرد، گەلی ئەرژەنتینیش هەر بەو جۆرە.

بارودۆخەكە هێندەی دیكە ئاڵۆزتر بوو، بازرگانە چاوچنۆكەكان بەدەست ئەو هێلكە بێكڕیارەی ناو گەنجینەو فرۆشگەكان گیریان خواردبوو. مریشكی ناپاكی ناو كێڵگە پەلەوەرییەكانیش لەولاوە بوەستێت، لەبەرئەوەی دەستیان لەگەڵ هاوڵاتیاندا تێكەڵ كردبوو؛ بەبێئەوەی چاوەڕێ بكەنو چاوێكیان لە حاڵی بازرگانەكان بێت، درێژەیان بەهێلكەكردن داو فرۆشگاكانیش، داوای یەك تەبەق هێلكەیان نەدەكرد، چونكە تەبەقە هێلكەكان بەو نرخە نوێیە، هێشتا هەر لە ڕەفەكاندا بوونو هیچی لێ نەفرۆشرابوو.. جارێ ڕووداوەكە دوایی نەهاتووە!

پاش چەند ڕۆژێكی دیكە، هەمدیسان بازرگانەگان ڕێك كەوتن، بەڵام ئەمجارەیان ڕێككەوتنێكی نوێ بوو. ئەویش فرۆشتنی هێلكە، بە نرخی پێش گرانكردنیو هەر بە نرخەكەی جارانی. كەچی گەلی ملنەدەرو سەربەرزی ئەرژەنتین، دیسانەوە ڕەتیان كردەوە، هێلكە بكڕن؛ ئەوەش بۆئەوەی تەمبێیان بكەنو دەرسێكی وەهایان دابدەن، كە جارێكی دیكە بیریان بەلای ئەو جۆرە ڕەفتارەدا نەچێتەوە. دیسان بازرگانەكان نرخی هێلكەیان دابەزاندەوە.

ئاخۆ ڕووداوەكە لێرەدا كۆتایی هات؟! نا.

بەڵكو ئەم گەلە مەزنە بەلای هێلكەكڕیندا هەر نەچوونەوە. بازرگانەكانیش خەریك بوو مێشكیان شەقی دەبرد، خەریك بوو لە داخاندا لە پێستی خۆیان دەهاتنە دەر، دەتگوت بەسەر دنیاوە نیین، چونكە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیانەكان كەڵەكە دەبوونو خۆری بازاڕی بازرگانییان خەریك بوو ئاوا دەبوو.

دوایین جار، پاش ئەم هەموو گیروگرفتە، بازرگانە دۆڕاوە پیسە نەگریسەكان، ڕێككەوتن لەسەر ئەوەی هێلكە بە چارەكێكی نرخی پێش گرانكردنەكەی بفرۆشنو سەباری ئەوەش بە ڕەسمی - لە ڕاگەیاندنەكاندا – داوای لێبووردنیان كردو بڕیاریان دا جارێكی دیكە ئەو ڕەفتارە دووبارە نەكەنەوە.

لێرەدا چیرۆكەكە دوایی هاتو گەلی گەورەوگرانی ئەرژەنتینیش، لە بەربەرەكانێی بازرگانە چاوچنۆكەكاندا سەركەوتنی بەدەست هێناو توانی هێلكە بە داشكاندنی ٧٥٪ی نرخە كۆنەكە بكڕێت. دەیسا ئەو سەركەوتنە، لەو گەلە هۆشیارە پیرۆز بێت، ئەو گەلەی كە هاوڕاو ئاشنان بە بەرژەوەندی خۆیان، ئەو گەلەی كە بازرگانە چاوچنۆكەكانیان ناچار كرد، لەبەردەم كاردانەوەی شارستانییان چۆك دابدەن.

ئەسكەندەر ڕەحیم

هەمیشە هاوڕێم بە

تۆ هەمیشە هاوڕێم بە، ئەی ئەستێرە درەوشاوەکەی ئومێدم
تۆ لە نێو تاریکی ئاسمانو من لە نێو حەشاماتەکانی زەوی
بارێبکەین ..!!
گوێ لە ڕازەکانم بگرەو بیکە پرشنگی زێڕینو گەشتێك ڕێخە
بۆ بەخشینەوەیانو گەیاندنیان بەجێی مەبەست!
بڕۆ بە هەموو ئەوانەی حەزینو مەلولن.. بڵێ سەیری بەرینی ئاسمان کەن..
دونیاش ئاوا بەرینە.. بە غەمو پەژارە لەخۆتان تەنگی مەکەن!!
بە هەموو ئەوانەی لە وێستگەکانی چاوەڕوانیدا وەستاون بڵێ: سەبر بگرن.. ماندو مەبن..
هەر ڕۆژێ دێ کەشتی چاوەڕوانیو دڵەڕاوکێیتان
بەکە ناری ئارامیو دڵنیایی بگات!!
بە هەموو بێ نەواو هەژاران بڵێ: خۆتان بە کەم مەزانن
خوا فەزڵی زۆرە بەسەرتانەوە، ئێوە دۆستانی ئەزیزی ئەون!
چون ئەو تەنها یەکجار چاوەکان پڕ فرمێسك دەکات
دڵەکان دەترسێنێت، دڵنیابن گەر ناشکور نەبن
لەو دونیا دەگەن بە ئاسودەییو سەعادەتو سەرفرازی هەمیشەیی!
بە هەموو کەسە خاکیو بە غیرەتو ماندوو شەکەتەکانیش بڵێ: ماندوونەبن، ماندوونەبن..
ئەم شـــەکەتە کاتییەتـــان تەواو دەبێت، بە چایــەکو کەمێك حەوانەوە بیرتـــان دەچێتەوەو ئیسراحەت دەکەن!!
وریابن ڕۆحتان شەکەتو بریندار مەکەن، چون برینی سەختەو بە ئاسانی چاك نابێتەوە!!
بڕۆ بە هەموو کەسە لە خۆباییو مەغرورو یاخییەکان بڵێ: هۆی ئەم خۆ بە گەورە زانینەتان لەچییە؟
گەر بزانن چەندە کەمو بێ نرخن لەبەرچاوی دۆستانی خودا، هەرگیز واتان نەدەکرد..
مەگەر نازانن، دەبنەوە بە خاك؟ حسابو کیتاب هەیە؟
خوایەکی شەدیدول عیقاب هەیە؟
لەچی مەغرورن؟
شتێك کە هی خۆتان نییەو خاوەنی نین..
هەر دەقەیەك موعەرەزن بۆ لە دەستچون!
لەبەرچی مەغرورن پێمبڵێن؟

ڕۆشنا صاڵح

ن: دیڤان موزەفەر

چۆن دەبین بە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو؟

پێشکەوتنی کۆمەڵگا واتا پێشکەوتنی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە، پێشکەوتنیشی بێ بیرکردنەوە ناخوڵقێت، گەورەترین کێشەش لە ئێستادا کە هەیەو بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێی پێویست بیرناکەینەوە.

گومان لەوەدا نییە هۆکار گرنگە هەبێت بۆ پێشکەوتن، کۆمەڵگایەکی وەك یابان هۆکاری ئەو بەرەو پێشچوونەی بۆ ئەو کارەساتە گەورەیەی بەسەر یاباندا هات دەگەڕێتەوە، دوای ئەو کارەساتەی یابان بەتایبەت هیرۆشیما کە وێرانکارییەکی زۆری پێوە دیار بوو، بووە هۆکار بۆ گەلی یابان، دوای ئەوە گەلی یابان بەم هۆکارە بیریانکردەوەو هەوڵیاندا تا ئەوەی ئێستا تەواوی جیهان پێیان سەرسامن. چەند هۆکارێکی سەرەکی باس دەکەین، دڵنیام لەوە زیاتر هەن، بەڵام لێرەدا تەنها چەند هۆکاریکی سەرەکی باس دەکەین.

ئەو هۆکارانەی کۆمەڵگا بەرەوپێش دەبەن، بە پێچەوانەوە بە ئەنجام نەدانیان کۆمەڵگا بەرەو دواوەدەبەنەوە:

١- خوێندنەوە: وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ بیرکردنەوە، بیرکردنەوەش هۆکاریکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتن، یەکێك لە پێوەرەکانی جیاکردنەوەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بریتیە لە خوێندنەوە!

ئێستا ئەگەر بتەوێ سەر بکەوی بەسەر شارستانییەتی کۆمەڵگایەك، هەوڵبدە تاکەکانی وا لێبکەیت دووربکەونەوە لە خوێندنەوە! لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گەنجانو پیرانو تەنانەت ڕۆشنبیرانیش لە ئاست خوێندنەوە بەو شێوەیە نین، خوێندنەوە پێویستە بیکەینە مەلەکە لە خۆماندا بۆ ئەوەی هەمیشە لەگەڵمان بێت، هۆکارەکان زۆرن بۆ ئەو کێشەیە من سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بە هۆکاری سەرەکی دەزانم، بەداخەوە وا لە قوتابی دەکات ڕقی لە کتێبو خوێندنەوە بێت.

٢- هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی: پێویستە هەموومان هەست بکەین بەوەی ئێمە ئەرکێکمان لەسەرشانە، ئەویش خزمەت کردنە بە کۆمەڵگا، ئەمە هەستکردنە، ئەگەر بێتو هەستکردنی بەرپرسیاریەتی هەبێ لە نێوان قوتابیو قوتابخانەکەی، دووکاندار بەرامبەر فرۆشیارەکان، دەسەڵات بەرامبەر دەسەڵاتەکەی، بە بێ هیچ گومانێگ کۆمەڵگا بەرەو پێشکەوتن دەچێت.

٣- سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان: سیستەمی پەروەردە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەرەوپێشبردنو گەشەپێدانی کۆمەڵگە، بەڵام سیستەمی پەروەردە لە ئێستادا تەنها وا لە قوتابی دەکات، هەموو بیرکردنەوەی لەسەر نمرە بێت، نەك فێربوون، هۆکاری ئەمەش قوتابیان نین، بەڵکو ئەم سیستەمەیە، چونکە پێویستە لە قۆناغی بنەڕەتییەوە قوتابی وا پەروەردە بکرێت، کە نمرە بایەخێکی ئەوتۆی نییە، تەنها فێربوون گرنگە، بۆ نموونە وڵاتێکی وەك یابان لە قۆناغی ١ تا ٩ لەوێ هیچ وانەیەکی فەرمی ناخوێندرێت لەسەر نمرە، تەنها بنەماکانی ئەخلاقو چۆنیەتی

ژیانو ئەو بابەتانەی بۆ قوتابی گرنگە، بە هیچ شێوەیەکیش باسی نمرە ناکرێ، ئایا ئێمە بەو شێوەیە دەخوێنین؟ ئەو ٩ ساڵەش خۆ هەر دەخوێنین ئەی بۆچی ئێمە لە ئەوان پێشکەوتووترنین، لە کاتێکدا زیاتر دەخوێنین!

قوتابخانەکانی ئێمە شوێنێکی گونجاویان نییە، قوتابی هەست بە ئارامیو پشوودان ناکات تێیدا، کتێبخانەیەک نییە بۆئەوەی وانەیەک تەرخان بکرێ بە کتێب خوێندنەوە، بەداخەوە لە بەیانی تا نیوەڕۆ تەنهاو تەنها وانە، هۆکار ئەمانەیە قوتابی ئەو بیرکردنەوەیەی هەیە کە ڕقی لە قوتابخانەیە، بە پێچەوانەی ئەو کێشانەی باسمان کرد هەوڵبدرێت دڵنیام ئاکامێکی باشی دەبێت.

٤- **دادپەروەری کۆمەڵایەتی:** دادپەروەری خۆی دەستنیشانکردنی ئەرکو مافە، واتا یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیان، مەبەستمان لە هەبوونی دادپەروەریو تا هەبوونی ڕێزو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ، دابینکردنی ئازادی بۆ هەموو هاوڵاتییەک بێ جیاوازی، ئازادی ئەندێشە، ئازادی بیروڕا، ئازادی سیاسی...هتد، ئەگەر ئەم ئازادییە نەبوو هاوڵاتیانی هەر وڵاتێک بێ ناچار دەبێ ببێتە پەنابەر بۆئەوەی ئازاد بێتو مافی هەبێت، ڕەنگە وڵاتەکە جێبێڵێت، بەمەش بەهۆی ئامادەنەبوونی هاوڵاتی لە وڵاتدا، کێ پێشکەوتن بکا لە کۆمەڵگادا؟

٥- **هۆکاری باش بۆ بیرکردنەوە:** هۆکارەکانی بیرکردنەوە بریتین لە (میدیا، خێزان، نوسراوەکان)، میدیاکان بەشێکن لەو دواکەوتنەی کۆمەڵگا، ئەوان نەبوونەتە هۆکارێکی باش بۆ بیرکردنەوە بگرە کێشەیان زیاد کردووە، بۆ کۆمەڵگا، لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو منداڵێکی بچوک دزی کردبوو، وتیان هۆکاری چی بوو ئەوەت کرد، بەداخەوە وتی هۆکارەکەی لاسایی فیلمێکم کردەوە، مەبەستم ئەو فیلمانەیە لە میدیاکانی ئێرە پەخش دەکرێ، کەواتە ئەوەی مایەوە خێزانو نوسراوەکانن خێزان لە کۆمەڵگای کوردیدا ئاستی ڕوشنبیرییان بە گشتی بەو شێوەیە نییە تا بتوانێت وا بکا گەنجێکی بیرکەرەوە دەربچێت، خێزان دەتوانێت وا لەو گەنجە بکات لانی کەم بیربکاتەوە، بیرکردنەوەیەکی سەرەتاییانە، ئەمەش باشە بەڵام نەوەک وەک خۆی بمێنێتەوە، دەبێ هەنگاو بنێ بەرەو نوسراوەکان، نوسراوەکان بکا بە سەرچاوەی بیرکردنەوە، ئەوەش بەداخەوە وەک باسمان کرد خوێنەر زۆر کەمەو خەڵک بەو شێوەیە گرنگی نادەن بە خوێندنەوە ئەمەش یەکێکە لە کارەساتە گەورەکانی ئەم کۆمەڵگایە، دڵنیام لەوەی تۆ زۆر گەورەتری لەوەی کە ئێستا دەخوێنیتەوە، بۆیە با ئەمە بکەین بە مەڵەکە، بە بەشێک لە پێکهاتەمان، خوێندنەوە سەرچاوەی بیرکردنەوەکانمان بێت، کۆمەڵگایەکی نموونەیی درووست دەبێ، بەو هیوایەی ئاشت بینەوە لەگەڵ کتێب.

٦- **دڵسۆزی:** ئەگەر هەمووومان ئەو دڵسۆزییەمان بۆ کۆمەڵگا هەبوایە، کە دایک بۆ کۆرپەکەی هەیەتی، دڵنیام ئەو خاڵانەی باسمان کرد لە هەمووواندا بوونی دەبوو، بەداخەوە خەڵکی بچوکترین دڵسۆزییان بۆ ئەم کۆمەڵگایە نییە، لە پیس نەکردنی ژینگە، بگرە تا چەندینی تر کە بچوکن.

من ئەم شەش هۆکارە بە سەرەکیترین هۆکار دەزانم بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا، ڕەنگە هۆکاری تر هەبێت، بەڵام لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەم هۆکارانە لە کۆمەڵگادا چارەسەر بوو کێشەکانی تر ئاسان دەبێ، هیوام وایە هاوڕێیانی نوسەر بیر لەم بابەتە بکەنەوەو قسەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە گرنگە بکرێت.

ئاشتی ڕۆژبەیانی

بەنرخترە لە ئەڵماس

پرسیارە بێ وەڵامو دووبارەکانی ئاوەز (عەقڵ)، خەمباریی‌و دیلی دەستی خود، کەم توانایی‌و شەرمو ژیانێکی بێ سەروبەرە، ئەمانەو دەریایەک مەینەتی بێ سەرچاوە زۆرێک لە مرۆڤەکانیان بەرەو هەڵدێرو لە دەستدانی خود بردووە.

بە چاوی خۆمان دەبینین‌و هەست پێدەکەین دەوروبەرمان یەک پۆش‌و هاوهۆشە، هۆکاری سەرنجراکێشانی ئێمەشە خۆنەویستانە بووە بە حەزو خولیایی ئێمەش، کەس نازانێ چی ڕوویداوە، تەنانەت بەبێئەوەی یەک پرسیاریش بکرێ دەپۆشرێ‌و دەنۆشرێ، چون ئەوان وایان نۆشیوەو وایان پۆشیوە.

ئەم مەملەکەتە لە کارگەی دروستکردنی ئامێر دەچێ، هەموو وەک یەک هەر جارەو ڕەنگێک، هەر جارەو جۆرێک، هەر وەک بڵێی ژمارەیەکی زۆری ئامێرو یەک مۆدێل‌و پێکەوە بەرهەم هاتوون. بیرکردنەوەی جیاواز لە سەفەردایە، لە بنەڕەتدا بیرکردنەوە بووە بە خاڵی لاواز، چونکە بیرکردنەوە پێت دەڵێت: وەک ئەوان مەپۆشە، مەنۆشە، مەفرۆشە، کە ئەمەش لای دەوروبەر مایەی قبوڵ کردن نییە. ژمارەی خوێندنگاو زانکۆکان ڕوو لە هەژمار نەکردن، کەچی خوێنەوارمان ڕوو لەناوچوونە. لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕاوەو لە پەلەقاژەی مەرگدان، کتێبەکان بێ نازو تەنیا ماونەتەوە، بریا ئەوەی هەستی پێدەکەم خەو، یان خەیاڵێکی نادروست بووایە، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەمە ئەو ڕاستییە تاڵەیە کە هەموومان دەستەوئەژنۆین لە بەرامبەری، نەخۆشییەکە بەرۆکی تاکی نەگرتووە، بەڵکو کۆمەڵگەی کردۆتە ئامانج. هەوڵە نەزۆکەکان زۆرن بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام بیماری ئەم دەردە تەنها یەک دەرمانە.. دەرمانێک کە دەدرێت بە ڕۆح‌و بینایی ئاوەز چالاک دەکات!!

دەرمانێک کە بە زۆر نادرێت بە کەس، پێویستە ناخ بە تاسەوە بێت بۆی، بە شەونخونی‌و قوربانیدان بەدەستدەهێنرێت.. خوێندنەوە سەرچاوەی ڕووناکییە، پێوەری خراپی‌و چاکییە، بە نرخترە لە ئەڵماس‌و هەموو سامانی دونیا، دەروون ئارام دەکاتەوەو قەناعەت دروستدەکات، خەرمانی زانست بنیات دەنێت‌و نەمری دەکاتە خەڵات، زار پاراو دەکات‌و غەمو پەژارە لەناودەبات، دڵ دەکاتە خانەخوێی عیشق‌و لێبوردن.

چ دەسکەوتێك گرنگە هەوڵی بۆ بدەین؟!

باوكو دایكی دڵسۆزو بەوەفا منداڵەكانی بە ئومێدو ئامانجێكی گەورە پەروەردە دەكات، بەمجۆرە منداڵە چاوگەشەكانی لە سایەی ئەم خۆشەویستیو دڵسۆزییەی دایكو باوكیان، هەمیشە هەموو هەناسەیەكی ژیانیان بە ئارامیو ئاسودەییو سەربەرزییەوە هەڵدەمژن، ئەمانە جۆرە منداڵێكن بەردەوام ئومێدو ڕەوشتو فێربوونی زانستو هێزو متمانە بەخۆبوونیان لە هەڵكشاندایە، ڕۆحیان بەرلە جەستەیان دەمێكە هەڵفڕیوەو گەیشتۆتە مەنزڵ، تەنها ئەوەندە ماوە بەو ماوە كەمەی تەمەنی تەكانێك بە لاشەی بدات بۆ ئەوەی ئەویش بگات بە مەنزڵ. ئینجا دەتوانێت خزمەتەكانی بەرجەستە بكات، بۆ هاوڕێو دۆستانی، بۆ شەیداو عاشقانی ڕێگای زانست، بۆ بێنازان، بۆ كەسانێك كە ئەوانیتر ڕژدن لە بەخشینی یارمەتی بۆیان، بۆ میللەتەكەی، بۆ وڵاتەكەی، ئای خودایە ئەمانە چ جۆرە منداڵێكن، دڵیان پاكو بێگەرد بە وێنەی لوئلوئو مرواری، ئەم جۆرە منداڵە بەرهەمی دەستی كامە دایكو باوكە، تاوەكو دەستەكانی بگوشمو لە ناخەوە دەستخۆشیو پیرۆزبایی نەوەیەكی بەرهەمداری لێبكەم.

خۆشەویستان لە تواناكانی خۆتان بێ ئومێد مەبن، چونكە پەروەردگاری میهرەبان، دەرگای میهرو ئەوینو بەخشندەیی بۆ بەندەكانی واڵاكردووە، بۆ ئەو كەسانەی بە ئومێدەوە لە میهرەبانییە پڕسۆزەكەی ئەو دەڕوانن، گەر دڵمان عاشقو مەستی ڕێبازی ئەم پەروەردگارەبێت، كەواتە بادڵنیابین تواناكانمان هێزی ئاسودە بەخشینی دەبێت بۆ منداڵەكانمانو بۆ ئەو كەسانەی كە مەبەستمانە. كەواتە گەر بمانەوێت سەروەتو سامانمان، منداڵێكی ژیرو داناو كەم وێنە بێت، هەر یەكێكمان بێ توانانین، بەڵكو بەهێزین.

ئەزیزان... پەروەردەكرنی منداڵ پرۆسەیەكی گرنگە، ئەو منداڵەی وەك خەڵاتێك پەروەردگاری بەخشندە دەیبەخشێت بە هەر خێزانێك، دەبێ ئەندامانی ئەو خێزانە بەوەفابن لە ئاست ئەو خنجیلانەیەی كە دەبێتە میوانێكی ئازیزو خۆشەویستی هەمیشەیی ئەو ماڵە، ئەو ماڵەی دایك بێ ئەو ئۆقرە ناگرێت، ئەو ماڵە بەم خنجیلانە ئاوەدانە با هارو هاجیش بێت.

كاتێك لە بەرامبەر ئەو خەڵاتە بێوێنانەی كە پەروەردگاری میهرەبان پێی بەخشیوین، لە ناخەوە هەست بەهێزی چاكسازی دەكەین، هەستكردنمان بەجۆرێكە تەواوی دەروونو دڵمانی تەنیوەتەوە، ئیتر ئەم دڵو جەستەیە بە ئەندازەیەك ئاسودەن ناتوانن بوەستن، بوێرانەو قارەمانانە تێدەكۆشن، دەگەڕێن

عبدالقادر حسین



بەدوای کەسانێك بەختەوەرییان پێ دەبەخشن، ئەو کەسانەی دەیانەوێت ڕێچکەی ئامانجێك بگرنەبەرو لەو ڕێگەیەوە ڕەزامەندی خودا بەدەستبهێنن، ئیتر کۆتو بەندی مەحاڵی کارەکان بوونی نامێنێت، چونکە دڵی وا پەروەردەکردووە لە شۆڕشگێڕێکی قارەمان بچێت، شێرئاسا چی بوێت ڕاوی دەکات، ئەو کەسانەی لە هەوڵی پەروەردەکردنی پاڵەوانەکەی نێو ناخیانن، دەبێ ئەوە بزانن هیچکات بە تەواوی قارەمانێتی ئێوە بۆ منداڵەکانتان ناگوازرێتەوە، دەبێ بە ئەندازەیەکی پێویست لە ئاست بەرپرسیارێتی ئامادەکردنو پەروەردەکردنی منداڵکانماندابین، چونکە سیمای وڵاتانی پێشکەوتوو خاوەن ژیار گرنگیدانە بە بچکۆلەکانیان، کەمتەرخەمی لە ئاست دانانی ئامانجێکی بەرزو پاك، کە دڵی منداڵ شەیدای کاری چاك بکات، ئەو منداڵە کاتێك گەورە دەبێت، دەبێتە دەردی سەری بۆ خۆی، بۆ خێزانەکەی، بۆ دەوروبەرەکەی، دواتر کۆمەڵگا خۆشی لە چارەی نایەت، چونکە کێشەو گرفت لە نێو ئەوانیش دروستدەکات، ئەو کات ناوی ئێمە چ بایەخێکی دەبێ لە دوای ناوی نەوەکەمان!!

کاتێك ئێمە خۆمان وەك کەسێکی دڵسۆزو قارەمان دێتە پێش چاو، لە هەمان کاتیشدا وەکو پێویست لە ئاست پەروەدەکردنی منداڵەکانماندا نین، دەبێ لە داهاتوو چاوەڕوانی چی بین لە منداڵەکانمان، دڵسۆزی، وەفا، ئەمەکداری،...تاد.

گرنگی نەدان بە پەروەردەکرنی منداڵ، کاتێك بێخەبەرین لە گەشەی منداڵ، کاتێك منداڵەکانمان بێ ئامانج گەورە دەبن، کاتێك شەیتانو شەیتان ئاساکان دەبنە کۆمەڵێك ڕێچکەی ئارەزووی نابەجێو دەبنە ڕێنیشاندەر بۆ منداڵەکانمان، ئەو کات دەبێ چاوەڕێی چی لە منداڵەکانمان بکەین، ئەو کات دەبن بە بەرهەمێکی وشكو بێبەر، دەبنە خاوەن کەسایەتییەکی نامۆو نادیار، کەواتە ئەو منداڵەی بە هەر خێزانێك دەبەخشرێت، سەرەتا خاوەن ناخو دەروونێکی پاكو بێگەردە، خاوەن دڵێکە خاوەن ئاوەزێکە، ئەوە ئێمەین، دەبێ بەیارمەتییەکانمان، بە بیرۆکەو تواناکانمان، بە ئامۆژگارییەکانمان، بە وەفاو بەڵێنە بەجێیەکانمان، ببینە پەینێکی بەسوودو ئاوێکی سازگار بۆ ژێر گڵو ڕەگی توانای منداڵەکانمان، ئەو کات دوودڵ نابین لە گەشەی منداڵەکانمان، ئەو کات پێویستە چاوەڕێی هەموو دڵسۆزیو قارەمانێتیەك بین لە منداڵەکانمان!!

مرۆڤە نازدارو گوفتار شیرینەکە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێت)، ئەو مرۆڤەی یەکەمین سەرکردەو پاڵەوانو شۆڕشگێڕی سەنگەری ئەم ئیسلامەو ئەم پەیامە ناوازەیە، بە زمانە پاراوو شیرینەکەی پێمان دەڵێت: (باشترین کەستان ئەو کەسەیە کە بۆ ماڵو منداڵەکانی باش بێت).

کەواتە بوونیاتنانی منداڵ بە پەروەردەیەکی ژیرانەو ڕۆشنبیرانە، جگە لەوەی دەبێتە منداڵێکی ئامانجدارو بەسوود، دەبێتە تووێشویەکی زۆر لە خێرو چاکە بۆ خۆیو بۆ قیامەتی ئێمە.

مرۆڤی مسوڵمان گەر بەدوای دەسکەوتە بە نرخەکاندا دەگەڕێ، دەبێ بزانێ گەورەترین دەسکەوت، سەرکەوتنە لە ڕۆژی ڕەستاخێزدا.

حازم عەلی

بۆچی بە شکست ڕازیت؟

زۆر سەختە کەسێك پێت بڵێت تۆ کەسێکی زۆر بێ توانای! بەڵام سەختتر لەوە ئەوەیە خۆت وا بە خۆت بڵێی! چونکە کەس وەك خۆت ناتناسێت! ئەوەندە بەس نییە! وەڵامم بدەرەوە ڕۆژی چەندجار بە خۆت دەڵێیت کەسێکی بێ توانام، ناتوانم ئەوە بکەم، ئەوە لە توانای من گەورەترە، من لە ئاستی ئەو کارەدا نیم، من شیاوی ئەوە نیم، من کەسێکی دەستەپاچەو بێ توانام، هیچ لێهاتوییەکم نییەو خوا هیچی بە من ڕەوا نەبینیوە! من واموو وامو وام...

بیرت لەوە کردۆتەوە ڕۆژانە چەندە وزەو بیرکردنەوەو کاتو توانات بەفیڕۆ دەدەی لەو قسە بێمانایانە کە جگە لە سەوزکردنی ڕەشبینیو بێ هیواییو نا دڵنیایی، هیچ بەرهەمێکی تری نابێت.

بیرت کردۆتەوە کە تواناکانت چەندنو لە چیدا لێهاتوییو دەسترەنگینی؟ ئەی بیرت لەوە کردۆتەوە کە خوایەك هەیەو پاڵپشتو هاندەری کاری باشو بە کەڵکەو خۆشحاڵە بەسەرکەوتنی بەندەکانی؟ یان نەخێر تۆ تەنها لە بیرکردنەوەی بێتوانایی خۆت بە توانای!

هەتا ئەم ماوەیەش لەوە تێنەدەگەیشتم، ئەوە مانای چییە کە دەڵێت لە شوێنی ئەوەی نەفرەت لە تاریکی بکەی، هەستە مۆمێك دابگیرسێنە، با بە تۆش بڵێم مانای چییە لە شوێنی ئەوەی ڕۆژانە چەندەهاجار بێتوانایی خۆت بسەلمێنیو بە وتەی هیچو گلۆر فریوی خۆت بدەیو دڵنیابی کە وایت، ئەوا هەستەو بە کارێك ڕەتی بیرکردنەوەی خراپو دواکەوتوانەو نارۆشنبیرانەو نێگەتیڤانەی خۆت بدەرەوە، بۆچی بەشکست ڕازیتو تەحەممولی دەکەیت، بەڵام هەوڵنادەی بۆئەوەی چێژی سەرکەوتن بکەیت، خۆت، هاوڕێکانت، خێزانو کۆمەڵگاکەت خۆشحاڵ بکەیت، خۆت چێژی سەرکەوتن دەکەیت، بەڵام ئەوانیش هەستی شادومانی دایاندەگرێت.

ئەزیزم هەوڵدان شتێکی پیرۆزەو سەرکەوتنت لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە هەوڵدەدەی بۆ بەدەستهێنانی کارێك، شتێك، بەرهەمێك، دەبێت بە شکست ڕازی نەبینو ژیانمان نەکەینە شکستنامە.

مزگەوت و ژینگە

مزگەوت دروستبوو بۆئەوەی ماڵێك بێت بۆ بەرزبوونەوەی ڕۆح، ماڵی هەمووان بێ، ڕێبوارەكان تێیدا بحەسێنەوە، ئیشو كاری خەڵكیو گرفتەكانیان لێرە چارەسەر بكرێت، خوێندنگەو زانكۆیەك بێت بۆ هەمووان، بۆئەوەی لێرە خەڵك فێری ڕەوشتی جوان، خاوێنیو خەمی خەڵكی بن. مزگەوت توانیویەتی زۆر شتی باش پێشكەش بكات، پێشەنگ بووە بۆ زانستو كاری خێرخوازی، بۆیە لە پرسی ژینگەشدا دەبێت پێشەنگ بێت.

لە وڵاتی ئێمەدا مزگەوتی باش دروستكراوە، خەڵكی خێرخواز زۆرن، بەڵام مزگەوت لای ئێمە بچوك دروست دەكرێت، پێویستە مزگەوتی هاوچەرخ شوێنی وەستانی سەیارە، یاریگەی منالان، كتێبخانەو حەمام...هتد، تێدابێتو هاوڕێی ژینگەبێت، دروستكردنی مزگەوت بە شێوەیەك هاوڕێی ژینگە بێت یارمەتیدەرە بۆ هۆشیاركردنەوەی تاكی كورد لە بارەی پرسی ژینگەو كاریگەری خۆی دەبێت.

هەندێك لە وڵاتانی ئیسلامیو ئەو وڵاتانەی ڕەوەندی ئیسلامی لێیە، مزگەوت گەلێكیان دروستكردووە هاوڕێیە لەگەڵ ژینگە، بەم كارە هۆشیاری تاك لە بارەی ژینگەوە زیاد دەكات. چونكە لابردنی شتێكی زیانبەخش لەسەر ڕێگا لە دینی ئێمەدا خێرە، لە كاتێكدا ڕزگاركردنی ژینگە واتە ڕزگاركردنی ژیانی مرۆڤو گیانەوەران بەگشتی.

مزگەوتی (مودە) لە سەنگافورە یەكێكە لەو مزگەوتانەی بەشێوەیەك دروستكراوە هاوڕێی ژینگەیە، بە بەكارهێنانی وزەی خۆر وەك سەرچاوەی وزەی كارەباو بۆری خۆرە ڕووناكی تێدا بەكارهاتووە، كە دەتوانێت تیشكی خۆر لەسەربانی مزگەوتەكە وەربگرێتو ناو مزگەوتەكەی پێ ڕۆشن بكاتەوە، ئەمەش بەكارهێنانی كارەبا كەم دەكاتەوە، لەگەڵ هەبوونی باخچەیەك لەسەربانی مزگەوتەكە، بە دانانی ئامێری هەستكردن لە بیناكەدا ڕێگریان كردووە لە زیادە بەكارهێنانی كارەباو ئاو. ئەم مزگەوتە لەسەر شێوازی بینا سەوزەكان دروستكراوە، بە جۆرێك دیواری مزگەوتەكە هێمنیو ئارامی بە هۆڵی نوێژكردن دەبەخشێت، هەربۆیە توانی بڕوانامەی هێمای سەوز وەربگرێت لەلایەن دەزگای بنیادنانو ئاوەدانكردنەوەی سەنگافورەوە، مزگەوتەكە پاشكۆیەكی هەیە تایبەت كراوە بە خێزانو سەرئاوی منداڵان، جێگەی خوێندنەوەو یاری منالانەی تێدایە لەگەڵ هۆڵی بۆنەكان.

لە وڵاتی توركیا بڕیاریان داوە مزگەوتێك بنیادبنێن توانای بەرهەمهێنانی وزەی كارەبای هەیە، لە ئەنجامی ئەو پەستانەی نوێژخوێنان دەیخەنە سەرزەوی لە كاتی نوێژدا، ئەندازیاری پرۆژەكە دەڵێت: «هەموو كەسێك دەتوانێ مۆبایلەكەی شەحن بكاتەوە، چونكە ئەو وزەی كارەبایە خۆی بەرهەمی هێناوە». هاوكات تۆربانێكی هەوا لەسەر منارەكە دادەنێن وزەی با دەگۆڕێت بۆ كارەبا لەگەڵ سوودوەرگرتن لە وزەی خۆر لە ڕێی خۆرە خانە لەسەربانی مزگەوتەكە، نزیكەی سەدو بیست كیلۆ وات كارەبا بەرهەمدێت، پەنجا كیلۆ واتی بۆ مزگەوتەكەو زیادەكەشی دەفرۆشنەوە بە حكومەت، ئەم مزگەوتە ئاوی بارانو بەفر كۆدەكاتەوە بۆ دەستنوێژ، بڕیارە بۆ ساڵی ٢٠١٥ تەواو ببێت.

مزگەوتی (سەوز) لە وڵاتی ئیمارات كە وابڕیارە لە ساڵی ٢٠١٤دا كۆتایی بێت، سێ هەزارو پێنج سەد نوێژخوێن دەگرێت، خۆرە خانە بەكاردێت بۆ گەرمكردنی ئاوی دەستنوێژ، ئاوی بەكار هاتوو خاوێن دەكرێتەوەو بەكاردێتەوە بۆ مەبەستی ئاودێری باخچەكان. بەشێوەیەك دروستدەكرێت گەرمی ناوچەكە كارنەكاتە ژوورەوە لە هاویندا، ئەم مزگەوتە هاوڕێی ژینگەیە بە جۆرێك دەبێتە نموونەیەك بۆ مزگەوتەكانی تر، گەورەترین مزگەوتیشە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاوڕێی ژینگە بێت.

كاتی ئەوە هاتووە وەها مزگەوتێك لە وڵاتی ئێمەشدا بنیادبنرێت، كاری لەم شێوەیە دەریدەخات خەڵكی ئەو ناوچەیە تاچەند خەمی ژینگە دەخۆن، ئێمەی كورد ئەوەی لە مزگەوت دەیبیستینو دەیبینین دەیبەینە ماڵەوە، بۆیە بە باشترین هۆكاری دەزانم بۆ هۆشیاركردنەوە، هەروەها وڵاتانی ناوچەكەش دەستیان بەم كارە كردووە.

جەلال عەبدوڵا حاجی

پەروەردە

37

40


42

44

ژیان فێری کردم

هەندێك لە خەڵكی هەوڵدەدەن، كاروانی پێشكەوتن بە وشەی (نەخێر) بووەستێنن، هەروەكو چۆن منداڵان هەوڵدەدەن، بە دانانی بەرد لەسەر سكەی ئاسنینی شەمەنەفەر كێشە بۆ ڕۆیشتنی شەمەنەفەرەكە دروست بكەن..

ژیان فێری كردم

هەموو خەمێك دەڕواو كۆتایی دێت، تەنها یەك خەم نەبێت، ئەویش لێپرسینەوەی ڕۆژیی دواییە، هەموو ئازارێك كۆتایی دێت، تەنها یەك ئازار نەبێت، ئەویش ئازاری ویژدانە..

ژیان فێری كردم

هاوڕێیەتی كەسی نەزان، وەكو هاوڕێیەتی ئەژدیها وایە، نازانیت كەی پێتەوە دەدات.

ژیان فێری كردم

نووستن لەسەر حەسیرێكی سادە، كە شوێنەواری بە جەستەتەوە دەرچێت، لە كاتێكدا تەندروستو لەشساغیت، باشترە لە نوستن لەسەر سیسەمی ئاڵتون، لە كاتێكدا تۆ دەردەدراو نەخۆشیت!

ژیان فێری كردم

هەرگیز لە بەخشیندا چاوەڕوانی پاداشت نەكەم، هەمیشە لەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆ بم، تا بتوانم لەگەڵ خەڵكیدا ڕاستگۆ بم..

ژیان فێری كردم

هەرگیز ستەم لەو كەسانە مەكە كە لاوازو بێ دەسەڵاتن، چونكە بێگومان، ڕۆژێك دادێت كەسانێك كە لە تۆ بەهێزترن ستەمت لێ بكەنەوە.

ژیان فێری كردم

ئایین غەریزەكان ناسڕێتەوە، بەڵكو ڕایان دەهێنێو پەروەردەیان دەكات، پەروەردە سروشتی مرۆڤەكان ناگۆڕێت، بەڵكو فێریان دەكات..

ژیان فێری كردم

ڕاستگۆیی ڕێگەیەكە خاوەنەكەی لەناونابات، ئەگەر بۆ ماوەیەكی كەمیش بیخاتو ئازاری بدات، سەرەنجام هەر دەبێتە هۆی ڕزگاربوونو بەختەوەربوونی مرۆڤ، بەڵام درۆكردن، ڕێگەیەكە خاوەنەكەی سەرناكەوێو ڕزگاری نابێت، ئەگەرچی بۆ ماوەیەكی زۆریش لە بەرهەمی درۆكەی بخوات..

ژیان فێری كردم

هەرگیز بەو شێوەیە مامەڵە نەكەم كە خوشكو براو هاوڕێكانم مامەڵەم لەگەڵدا دەكەن، بەڵكو هەمیشە هەوڵبدەم باشتر لەوان مامەڵەیان لەگەڵدا بكەم..

ژیان فێری كردم

سەرەتا لە خۆم تێبگەم، پێش ئەوەی داوا لە كەس بكەم، كە لێم تێ بگات.. لە شكستدا كۆنترۆڵێ خۆم بكەمو بە ڕوویەكی خۆشەوە پێشوازی لێ بكەم، بۆئەوەی بمگەیەنێت بە سەركەوتن..

ژیان فێری كردم

هیوا بكەمە چرایەك، تا بۆ هەموو شوێنێك هاوڕێم بێت، هەروەها لە كاتی خەمو پەژارەدا كۆنترۆڵی خۆم بكەمو ڕووخساری گەشو زەردەخەنەی سەر لێوانم ون نەكەم، بۆ ئەوەی دۆستانم خەمبار نەكەم.. دوژمنانیشم دڵخۆش نەكەم.

خۆسەپاندنی منداڵ

گوڵان حەمە ئەمین

کۆتانیشانە لەو نیشانانەی باسمان کرد، کە گوزارشت لە بارێکی تایبەتی دەروونی دەکات، بریتییە لەخۆسەپاندن، ئینکاری منداڵ جۆرێکە لە خۆسەپاندن، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم دەستەواژەیە، خۆسەپاندن ئەو کردارە، یاخود پەرچەکردارەیە کە منداڵ ئەنجامی دەدات، پێچەوانەی ئەوەی داوای لێدەکرێت، پێی دەوترێت بخەوە ئەڤیژێنیٚو هەڵئەسیٚ، پێی ئەڵێی مەڕۆ دەڕواتو هاوارت بەسەردا دەکات، واتە بە قسەت ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە کەتنێك دەکات وەك ڤیژە، یان شت شکاندن، یان فڕێدان.. ئنجا بە قسەی خۆی دەکات، ئەم کردارەی منداڵ توڕەیی دایكو باوك، یان سەرپەرشتیکارەکەی هەڵدەگیرسێنێتو زۆر کات بە لێدانو توندوتیژی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

دووجۆر خۆسەپاندن هەیە: یەکەم خۆسەپاندنی خوازراو: ئەمە زیاتر کەسایەتی سەربەخۆی منداڵ دەناسێنێت کە خۆی بە ڕای خۆی کارەکان دەکاتو وابەباش دەزانێت، بیٚ ڕقو توڕەییو پەرچەکردار، جۆری دووەم بریتییە لە خۆسەپاندنی نەخوازراو کە لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد.

هۆکارەکانی خۆسەپاندنی منداڵ:

١- خێزانی شەڕەنگێز، بوونی بەربەرەکانی لە نێو ئەندامەکانیدا.

٢- بە زۆر ملکەچکردنی منداڵ بە ئەنجامدانی کارێك کە نایەوێت بیکات.

٣- تەسککردنەوەی سنوری ئازادی منداڵ، وەك: ئاوامەڕۆ، ئەوە نەخۆی، ئەو يارييە نەکەی، نەچی بۆ ئەو شوێنە،... هتد.

٤- لێدانو توڕەبوون لەسەر منداڵی تر، یاخود بە هۆی بێزاری خودی گەورەکە، کە منداڵ زۆرجار دەبێتە قوربانی گەورەکان نازانێت لەبەر چ هەڵەیەك وامامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

٥- ڕێزنەگرتن لە ڕاوبۆچونی منداڵ.

ئازیزان ئەمانەو ئەو هۆکارانەی بە ئەزمونی خۆتان بۆتان ڕوون بووەتەوە کە منداڵ فێری شەڕو توڕەییو ڕق دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ ببێتە خاوەن کەسایەتییەکی خۆسەپێن کە خۆی بەڕاست بزانێتو بەرپەرچی گەورەکان بداتەوە، بەشێوەیەکی نەشیاو، سەرەنجام تاکێك دروست دەبێت کە تەنها خۆی بەڕاست بزانێتو توانای گوێگرتنو گوێڕایەڵی نەبێت بۆ دەوروبەر.

چارەسەریش بێگومان ڕوونو ئاشکرایە لە خودی هۆکارەکاندا:

١- چەند خێزان هێمن بێتو ڕێزی تاکەکانی تێدابێت بەو ئەندازە کار لەسەر کەسایەتی منداڵ دەکات.

٢- ئازادی پێدانی لە ئەنجامدانی کارەکان، تەنانەت پەرستشەکانیش بۆ ڕاهێنانەو نابێت بە زۆر بێت، تابگات بەکارەکانی دی.

٣- دابینکردنی تەواوی مافەکانی لە پێویستی ماديیو مەعنەويی، ڕێپێدانی لە چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکانیو يارييەکانی،... هتد.

٤- هەوڵبدە هیچ کات ڕقو توڕەیی خۆت بەسەر منداڵەکەتدا نەڕێژیت، تا ئەو نەبێتە باجو قوربانی، گەورەکان.

٥- پرسو ڕاوێژ پێکردنی لەو بوارانەی کە پەیوەندی بە خودی منداڵەوە هەیە، یاخود هەندیٚ کات لە کڕینی کەلوپەلەکان، یان سەفەرو گەشتەکان.

خوێنەرانی ئازیز لە زۆر شوێنو جێگەدا ئەم چەند خاڵە دووبارە بوونەتەوە: خۆشەویستی، ڕێزگرتنی بیروڕای منداڵ، دابینکردنی پێداویستییەکانی، هەموو ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ئاکارو کرداری منداڵ.

دەتەوێت باشترین منداڵ پەروەردە بکەیت؟!

نانخواردن: یەکێکی تر لەو ڕەوشتانەی کە پەیوەندی بە هەموو ژیانمانەوە هەیە ئەم ڕەوشتەیە، بەتایبەت پێویستە منداڵەکانمان زۆر بەباشی لەم ڕەوشتە تێبگەن، وا فێربکرێن کە لە پێشو دوای نانخواردن دەستەکانیان پاك بشۆنو پاکو خاوێنی ڕابگرن، بۆئەوەی تووشی نەخۆشی نەبن، هەروەها پێویستە لەسەرەتاوە فێربکرێن کە بە ناوی خوا دەست پێبکەن، زۆر پێویستە کە فێر بکرێن هێمنی سەر خوانەکە بپارێزنو پەلە پەل نەکەن، لە پێش خۆیانەوە بخۆنو ....هتد.

ناساندنی کەسایەتییە گەورەکان: دایکو باوکی بەڕێز.. پێویستە هەمیشە کار بکەن لەسەر منداڵەکانتان کە ژیانی کەسانی گەورە بخوێننەوەو بیکەنە پێشەنگی خۆیان لە ژیانداو سوود لە پەندو ئامۆژگارییەکانی ئەم کەسایەتیانە وەربگرن، بۆئەوەی ئەمانیش بەهەمان شێوەی ئەوان کەسانێکی گەورە دەربچنو خاوەن بیرێکی فراوان بنو سوودبەخش بن، وەك ئەو مرۆڤە گەورانەی پێش خۆیان، باشترین کەسیش بۆ ئەوەی بیکەینە پێشەنگ بۆ خۆمان پێغەمبەری خۆشەویست محەممەد (درودی خوای لێبێت) کە خاوەنی جوانترینو بەرزترین ڕەوشت بووە.

هەڵەکانی پەروەردەکردنی منداڵ:

١- کوشتنی حەزو ئارەزوویی منداڵی.

٢- گوێنەدان بە هەڵسوکەوتی چاکی منداڵ.

٣- هەوڵنەدان بۆ کۆتایی هێنان بە هەڵسوکەوتە خراپەکانی.

٤- تێرنەکردنی پێویستییە دەروونییەکانی وەکو خۆشەویستیو میهرەبانی لە لایەن دایكو باوکو بە کەسوکارییەوە بە شێوازێکی دروست.

٥- جیاوازیکردن لە نێوان منداڵەکان.

٦- فەرزکردنی حەزەکانی خۆمان بەسەریاندا.

تێبینی:

بەڕێزان هەریەك لەو خاڵانەی کە لە سەرەوە باسکراون، پێویستە بە شێوازێکی زۆر جوان بە منداڵەکەتی بگەیەنیت، دەتوانین چەندین ڕێگەی جیاواز بگرینە بەر بۆ فێرکردنیانو پەروەردەکردنیان لەسەر ئەو ڕەوشتە بەرزانە، بۆ نموونە دەتوانین هەر لە سەرەتاوە کارە جوانەکانی پێشان بدەین، هەروەها دەتوانین بە هۆی یاریکردن لەگەڵیدا تێیبگەیەنین، پێویستە هەمیشە گرنگی بە هەستو سۆزی بدەیت، چونکە ئەم لایەنە زۆر کاریگەری هەیە لەسەر منداڵ، لەسەر کارە جوانەکانی دیاری پێشکەش بکە، یاخود دەستخۆشی لێبکەو لەسەر کارێکی نەشیاوی بە جوانی بۆی ڕوون بکەرەوە بۆئەوەی جارێکی تر دووبارەی نەکاتەوە.

هەروەها پێویستە هەمیشە کەسایەتی بەرز ڕابگریتو لەبەردەم کەسانی تردا سزای مەدەو ڕێز لە تەمەنو ڕاوبۆچوونەکانی بگرە، ئەگەر هەڵەش بوو بۆی ڕاست بکەرەوە، بۆئەوەی متمانەی بۆ دروست ببێت.

چەند خاڵێکی زۆر گرنگ، لە بواری پەروەردەکردندا:

١- کەشێکی گونجاو بۆ منداڵەکەت بڕەخسێنەو خۆشەویستیو میهرەبانی پێببەخشە.

٢- کێشە خێزانییەکان لە بەرامبەر منداڵەکانت چارەسەر مەکە.

٣- چاودێری هەڵسوکەوتی منداڵەکەت بکە هەر لە منداڵییەوە، فێری بکە کارەکانی ڕوونو ئاشکرا بن.

٤- ئەگەر کێشە لە نێوان باوکو منداڵەکەتدا دروستبوو، لەسەر هەر شتێك بە جوانی بۆی ڕوون بکەرەوە.

٥- ئەگەر منداڵەکەت داوای پارەی لێکردیت بەپێی پێویستییەکەی پارەی پێبدەو بەخیلو چرووك مەبە، چونکە بۆ کاری ناجوان سەر دەکێشێتو فێری دزین دەبێت.

٦- هەمیشە هەستی بوون لای منداڵەکەت دروست بکەو وا پیشانی بدە کە ئەویش بەشێکی گرنگە لە خێزانەکەتان.

٧- ڕاستگۆبە لەگەڵ منداڵەکەت، بۆئەوەی لە داهاتوودا ڕاستگۆ بێت لەگەڵتدا.

٨- ئەگەر هەڵەی کرد ڕێنمایی بکە بۆ ڕێی ڕاستو سەرزەنشتی مەکەو بە نەرمو نیانی تێی بگەیەنە.

٩- ئەگەر منداڵەکەت لە حاڵەتی ناسروشتی خۆیدا بوو هەوڵبدە، بە زیرەکی خۆت تێی بگەیت، ئەگەر نەتتوانی بەشێوازێکی جوان لێی بپرسە.

١٠- ئازادی بۆ بڕەخسێنە با بە دڵی خۆی پۆشاکو پێداویستییەکانی خۆی هەڵبژێریت.

١١- هەمیشە لە بیرت بێت کە منداڵ زیرەکو هەستیارە.

١٢- بۆ ڕازیکردنی منداڵەکەت درۆی لەگەڵدا مەکە، چونکە ئەویش بۆ ڕازیکردنی تۆ فێری درۆ دەبێت، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە ڕەوشتە ناشیرینەکانی.

١٣- بە شێوازێکی زیرەکانەو میهرەبانانە باری دارایی خێزانەکەتی بۆ ڕوون بکەرەوە.

١٤- وا لە منداڵەکەت بکە خۆی هاوڕێکانی هەڵبژێرێت، بەڵام خۆت ڕێنمایی پێبدە دەربارەی هاوڕێی باش.

١٥- ئەگەر منداڵەکەت قسەی بۆ کردیت، ژیرانە گوێی بۆ ڕابگرە.

١٦- هەموو کارو کردەوەکانی منداڵەکەت ئەنجام مەدە، وای لێبکە خۆی ئەنجامی بداتو بڕوای بە خۆی هەبێت.

١٧- ئەگەر منداڵەکەت لە تاقیکردنەوەکانیدا سەرکەتوو نەبوو، یارمەتی چارەسەری خاڵە لاوازەکانی بدە.

١٨- ئەگەر منداڵەکەت ڕقی لە مامۆستاکەی بوو، هەوڵبدە هۆکارەکەی بزانی، ئەگەر لە منداڵەکەتەوە نەتزانی سەردانی قوتابخانەکەی بکەو چارەسەری کێشەکەی بکە.

١٩- وا فێری منداڵەکەت بکە کە کاتی خوێندنی دیاریکراو بێتو کە شێکی گونجاوی خوێندنی بۆ دابین بکەو یارمەتی بدە لە هەندێك لە وانەکانیدا.

محەممەد عیزەت عەبدولقادر

بەشی چوارەمو کۆتایی

ئا: مەهدی عەبدوڵا

ئەوەی دەبێت لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، بیری لێبکرێتەوە

کچانو کوڕانی لاو، پێش ئەوەی لە سـۆزداریو دڵەوە دەسـتی ناسـکو پیـرۆزی هەڵبژاردەکەت بگریت، چەنـد خاڵێکی گرنگتر هەیە، پێویستە بە وردی سەرنجیان بدەنێ.. سەرەتای هەنگاو دەبێ دەستی بیرو وردبونەوەو عەقڵی پێش بخاتو درێژ بکات..

ئەوەش لە پێنج خاڵدا پێشکەشی خوشکانو برایانی دەکەین:

یەکـەم: هەردوو ڕەگـەز لە قوڵایی مەحەببەتو سـۆزەوە بۆ هاوسەرداری بڕوانن.. پێیان وابێ تەنیایی حاڵەتێکی ناسروشتییەو ژیان بێ باوەشـی میهرو ئەوینی خێزان، بۆشاییەکی پڕ مەترسیو نەگونجاوە.. بۆیە پێویسـتە هاوبەشو دۆسـتو ئاشناو کەسایەتی گرنگ دەستنیشـان بکەن، بۆ خودی خۆیانو بۆئەوەی ببنە دایکو باوکێکی نموونەیی بۆ دوارۆژی وەچەو جگەر گۆشەکانیان.

دووەم: بـەر لەهـەر هەنگاوێـك بیربکەنەوە، ئاخـۆ ئەوەی دەستنیشـانی دەکـەن بۆ هاوبەشـی ژیانتـان، هەمـان ئەو کچە خۆیەتـی؟ هەروەها کچانیش بە هەمان شـێوە بیربکەنەوە ئاخۆ ئەو کوڕەی خەونی بۆ دەبینم، خۆیەتی؟ هەڵبەت ئەگەر شیاوبوو لایەنی ئاینیو ڕەوشـتپاکیو عەقڵیو ڕۆشـنبیریو تەندروستیو.. حەزو مەرجە سروشـتییە مرۆییـەکان هاتنەدی، ئەوا پیرۆز بێو خودا بەرەکەت بخاتە ژیانتانەوە، ئەگەرنا.. هەوڵ بدە بۆ کەسێکی شیاو کە بە خەونو خەیاڵ وێنەت بۆ کێشاوە..

سێیەم: کوڕان زۆر بەڕاشکاوانەو بێ دوودڵیو وەکو چیایەکی بەهێـزی پڕ متمانە بـۆ هەڵبژاردەکەی تـەواوی وەزعی ئابوریو ژیانـی خۆی بدرکێنیـت.. چونکە بێگومان زەواجی بێ ڕاشـکاوی دەرەنجامـی مەترسـییەو زۆر نزیکـە لـە شکسـت.. لەبەرئـەوە بوونی متمانە پایەیەکی بەهێزی سـەقامگیری ئاسایشـی خێزانو بەختەوەری هاوسـەرێتییە.. ئـەو کات چێـژی نیعمەتی ئیلاهی هاوسەرایەتی دەچێژرێو هەستی پێدەکرێ.

چوارەم: هاوتەمەنیش زۆر گرنگە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا.. دەکرێت بڵێین: باشـتر لێـك حاڵیبوونو بیرکردنەوەو هەسـتو دەربڕیـنو حەزو خولیاکان زۆرتر لێـك نزیك دەبنەوە.. کارکردن لەسـەر ئامانجـەکان، خولیـاو ئاواتـەکان، داهاتوویەکـی ڕوونو درەوشاوە..

پێنجەم: پێشتر هەردووکیان بزانن کە پەیوەندی هاوسەرایەتی زۆر لەوە بەرزترو گرنگترە، لە تەنها غەریزەو پاڵنەرێکی جنسیو ئـارەزووی نەفسـی خـۆی ببینێتەوە.. بۆیـە دەبێت کەسـانێك هەڵبژێرن کە بە تەواوی مانا بژاردەو نمونەبن.. لە هاوسـەرایەتی مەبەسـتی گرنگ هەیە کە دەبێ بزانرێـت: ئەویش بەجێهێنانی فەرمانی خوداو سوننەتی پاکی پێغەمبەرمان محمد (سەلامی خوای لێبێت)، ئاوەدانکردنەوەی سـەرزەوی بە وەچەو ڕۆڵەی پاكو زاناو دانا.. ئەو پەیامو بەرپرسـیاریەتیەی خودا لەسـەر شـانی مرۆڤی دانـاوە بەردەوامی پێبدرێو نوورو پیرۆزی ئیسـلامو شـەریعەتی خودا هەمیشـە زیندوو درەوشـاوە بێت.. تا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە بەهای باڵاوە بژیو دونیاو دوارۆژیان ئاسودەو بەختەوەر بێت.

بەرزان ئەبوبەکر



دادگاییەکی نامۆ!

ئـەم چیرۆکـە واقیعـە نەك خەیـاڵ، ئێمـە زۆر چیرۆکمان خوێندۆتـەوەو زۆرمان بیسـتووە سـەبارەت بـە ئازاردانی دایكو باوك، سەرەنجامی زۆر کەسمان بینی کە بە هۆی ڕەفتاری خراپو مامەڵـەی نەشـیاوەوە بەرامبـەر بە دایكو باوکی، هـەر لە دنیا، دووچاری هەمان سەرەنجام بووەوە، دەبێت ئاخیرەتی چۆن بێت؟!!

لە بەرامبەردا کەسانێك هەن کە هەموو هیواو ئاواتیان ئەوەیە بـە باشـی چاودێریو خزمەتـی دایكو باوکیان بکـەنو گرنگیان پێبدەنو ڕەزامەندییان بەدەستبهێنن!

چیرۆکی ئەمجارەمان سـەبارەت بە کێشەو ناکۆکی نێوان دوو برایـە، دوو برا کە لـە یەك دایكو باوك لـە دایکبوون، ناکۆکیو کێشـەکەیان ئەوەندە تونـدو گەورەبوو، بۆ یەکلایـی کردنەوەی ڕەوانـەی دادگا کـرا، هـەردوو بـرا لـە ڕۆژی دادگاییکردنەکەدا لەبەردەمـی دادوەر ئامادەبـوون، براگەورەکەیان کە ڕدێنی ماشو برینجـی ببـوو، لـە گوندێکی دوور لە شـار ژیانـی دەگوزەراند، لەبەردەمی دادوەردا پێش ئەوەی دەست بە قسەکردن بکات، دەستی بە گریان کردو هۆن هۆن چاوەکانی ئەسرینیان هەڵوەراند، ڕەنگە ئامادەبووانـی دادگاو ئێمـەی خوێنەری ئەم چیرۆکەش بپرسـین بۆچی دەگری؟

ئایا سـتەمێکی لێکـراوە؟ پارچە زەوییەکی لـێ زەوت کراوە؟ یـان براکەی ئازاری داوە؟ یاخود قەرزێکـی زۆری برا بچوکەکەی کەوتۆتە ئەستۆو داوای پارەکەی لێدەکاتەوە،... هتد.

نا بۆ هیچ کام لەمانە چاوەکانی ئەسـرین نابارێنن، بەڵکو بۆ شـتێك کە زۆر لەمانە بە نرخترە، ئەو بۆ شکسـتی لە بەرامبەر بـرا بچووکەکـەی دەگری، لە بابەتێکدا کـە دادگا لە بەرژەوەندی براکەیو لە دژی ئەم تەواو ببێت..

ناکۆکـی ئـەم دوو برایـە لەسـەر چاودێریکردنـی دایکە بە سـاڵاچووەکەیانە، لەوانەیە بڵێین ڕەنگە بۆ سـەروەتەکەی دایکی بگـری، نـەك بـۆ پیرەژنێکـی بەسـاڵاچوو.. دەزانن ئـەو دایکە بەسـاڵاچووەی خاوەنی چی بوو، وا ئەم کوڕەی لەبەرچاوی هەموو ئەو خەڵکەدا لەبەرگریان قسەیەکی بۆ ناکرێت؟

تەنهـا خاوەنـی یەك مسـتیلەی زیـو بوو!! کەواتە کێشـەکە سەروەتو سامان نییە، بەڵکو بەدەستهێنانی مافی چاودێری دایکە بەساڵاچووەکەیانە..

سەرەتای کێشەکەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم کوڕە گەورەیان کـە بە تەنها دەژیا، دایکـی بەخێو دەکردو خزمەتی دەکرد، بەڵام کاتێك برا بچووکەکەی هەسـتیکرد برا گەورەکەی بەسـاڵاچووەو ناتوانێت وەکو پێویسـت خزمەتی دایکە بەسـاڵاچووەکەیان بکات، دەسـتی دایکی گرتو هێنای بۆ ماڵی خۆیان تا لەگەڵ خێزانەکەی ئەودا بژیو خزمەتی بکات..

براگەورەکەی قبوڵی نەدەکردو بە توندی بەرەنگاری بیرۆکەی برا بچووکەکـەی بووەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کێشـەکەیان تونـد ببێتەوەو تا ئەو ئەندازەی بگاتە دادگاو ئێسـتا لەبەردەمی دادگا ڕاوەستاونو چاوەڕوانی جەنابی دادوەر دەکەن تا کێشەکەیان بۆ چارەسـەر بکات، هەر یەك لە دوو براکە سـووربوون لەسـەر ئـەوەی کە دەبێـت دایکی خزمەت بکاتو لەو مافە سازشـیان بۆ یەکتری نەدەکرد، لە یەکێك لە دانیشتنەکانی دادگادا دادوەر داوای کـرد کە دایکیان بهێنن بۆ دادگا، تا چەند پرسـیارێکی ئاڕاسـتە بـکات، ئەو ڕۆژەی ئـەم دووبرایە دایکیان هێنا بـۆ دادگا، یەکەم پرسیار کە دادوەر ئاڕاستەی ئەم ئافرەتە بەساڵاچووەی کرد، وتی: تۆ حەزدەکەیت لای کام لە کوڕەکانت بمێنیتەوە؟

دایکەکە بەوپەڕی سۆزەوە وتی: کوڕە گەورەکەم ئەو چاوەمەو کوڕە بچوکەکەشم چاوەکەی ترم..

قازی ناچار بوو، فەرمانێکی گونجاویان بۆ دەربکات، بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی نێوانیان..

هەردووکیـان لەوپـەڕی چاوەڕوانیـدان بـۆ خوێندنـەوەی فەرمانەکـەو هەر یەك لەوان چـاوەڕێ دەکات مافی بەخێوکردنو خزمەتکردنی دایکی پێ بدرێت..

فەرمانـی دادگا: دادگا فەرمانـی دا کـە دایکیـان لای کـوڕە بچووکەکە بمێنێتـەوەو مافی خزمەتکردنو بەخێوکردنی بگرێتە ئەسـتۆ، چونکە ئەو باشـتر دەتوانێت خزمەتی بکاتو چاودێری بکات..

فەرمانەکـە ئەوەندەی تـر براگەورەکەی هێنایـە گریان، بە جۆرێك دەسـتی بە گریان کرد، کوردوتەنی دڵی بەردی دەکرد بە ئـاو.. گریان بۆئەوەی کە ناتوانێت بە باشـی چاودێریو خزمەتی دایکـی بکات، بە هـۆی ئـەوەی کەوتۆتە تەمەنـەوە.. بەڵام هەم فەرمانی دادگایەو هەمیش لە پێناوی بەرژەوەندی دایکیدا ناچارە قبوڵی بکات.

بەڕاستی ئەم چیرۆکە فێرمان دەکات، کە ئێمەش بەو شێوەیە لە خەمـی ئەوەدا بیـن، شـەرەفی خزمەتکـردنو بەخێوکردنو چاودێریکردنی دایكو باوکمان بەدەستبهێنین، خەمیان بۆ بخۆینو ئەسـرینیان بۆ هەڵوەرێنینو لە کارە پێشـینەکانمان حسـابی بۆ بکەین، نەك لە کارە لاوەکییەکانمان.

هاوڕێ دەگمەنەکان!

ئەو مرۆڤەی هاوڕێیەکی دڵسۆزو بە وەفاو خەمخۆری نییە، وەکو جەستەیەکی بێ ڕۆح وایە.. گرنگ نییە ئێمە چەند هاوڕێمان هەیە، گرنگ ئەوەیە بزانین هاوڕێکانمان کێن؟

لەم زەمانەدا هاوڕێیانی بە وەفاو بە ئەمەکو دڵسۆزو خەمخۆر، دراوێکی دەگمەنن، هاوڕێی ڕاستەقینە گەنجینەیەکی بە نرخە، تکایە پارێزگاری لەو گەنجینەیە بکە، لە دەستی مەدە چونکە دەستکەوتنەوەی ئەستەمە!

چەندە جوانە ئەو هاوڕێیەتیەی پاکو بێگەردو دوور لە بەرژەوەندی ماددیو مەرامە، ، ژیان چەندە خۆشە لەگەڵ هاوڕێ دەگمەنەکانت، بەڵام چەندە سەختە بەبێ هاوڕێیەتی، یان لەگەڵ هاوڕێی بێ وەفا!!

هاوڕێی ڕاستەقینە لە خۆشیو ناخۆشی، لە شینو شایی، بەشداریت دەکات، هاوڕێی ڕاستەقینە هەمیشە لە کاتی ناخۆشیدا لە تەنیشتی هاوڕێکەیەتی، هەرگیز لێی دوورناکەوێتەوە.. هاوڕێی ڕاستەقینە ئەگەر هەڵەت کرد، ماڵاواییت لێناکات، بەڵکو لێبوردنت پێشکەش دەکات، هاوڕێی ڕاستەقینە هەمیشە هەواڵت دەپرسێ، لێت بێزار نابێت، ئەگەر زیزی کردی ناخەوێت تا ئەو ساتەی ئاشتت دەکاتەوە..

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە هاوڕێی ڕاستەقینە بەبێ هیچ مەرامو بەرژەوەندییەکی ماددیو مەعنەوی تۆی خۆشدەوێت..

بەڵام ئایا هەموو کەس دەگونجێت بیکەیتە هاوڕێی خۆت؟

ئەم پەندە زۆرجوانە کە دەڵێت: پێم بڵێ هاوڕێکەت کێیە، پێت دەڵێم تۆ کێی!

لەبەرئەوە پێویستە کەسانی ڕەوشتبەرزو ئاکار جوانو ڕاستگۆو بە وەفاو داوێنپاکو دەستپاکو زمانپاکو ئەمین هەڵبژێرین، بۆ ئەوەی بیانکەینە هاوڕێی خۆمان، چونکە هاوڕێ ئاوێنەی هاوڕێکەیەتی، ئەگەر لە هەڵبژاردنی هاوڕێدا سەرکەوتوو نەبووی، ئەوا دەبێت ئەوە بزانیت تۆ لە بری هاوڕێ دوژمنت هەڵبژاردووە!!

پێغەمبەری ئازیز (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: هاوڕێ لەسەر دینی هاوڕێکەیەتی، با هەر یەك لە ئێوە بڕوانێت هاوڕێیەتی کێ دەکات..

نموونەی هاوڕێیانی ڕاستگۆو بە وەفا لە مێژوودا تۆمار دەکرێو دەبێتە چیرۆکو لە ڕووپەڕی کتێبو ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا پەخش دەکرێو هەزاران کەس دەیخوێننەوەو سوود لە هەڵوێستو وەفادارییان وەردەگرن..

با پێکەوە چیرۆکی ئەم دەستە هاوڕێیانە بخوێنینەوە:

کوڕێك لە سەرەتا تەمەنی لاوێتییەوە پزیشکەکان پێیان ڕاگەیاند کە دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە هاتووە، چەند هەفتەیەك لە نەخۆشخانەی تایبەت خەوێنراو لە ڕێگەی تیشكو چارەسەری کیمیاوییەوە چارەسەری بۆ کرا..

لە کاتی وەرگرتنی چارەسەرە کیمیاییەکاندا، تەواوی تاڵە ڕەشەکانی قژی لە دەستدا، ئەو ڕۆژەی لە نەخۆشخانە هاتەدەر، لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ماڵ، هەستی بە نیگەرانیو دوودڵی دەکرد، نەك بە هۆی نەخۆشییەکەیەوە، بەڵکو هەستی بە شەرمەزاری دەکرد کە چۆن بەسەری کەچەڵەوە بڕواتە نێو هاوڕێکانییەوە، چۆن بڕواتەوە بۆ قوتابخانە، بڕیاری دا بۆ ئەو مەبەستە کڵاوێك بکاتە سەریو هەرچۆنێك بێت بڕواتەوە بۆ قوتابخانەکەیو درێژە بە خوێندنەکەی بدات..

لەم خەیاڵانەدا بوو، ئۆتۆمبێلەکە لەبەردەرگای ماڵەکەیاندا وەستا، دابەزیو بەرەو ماڵ هەنگاوی نا، لە ناکاو شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەری بینی.. بینی نزیکەی پەنجا کەس لە هاوڕێکانی بە یەکەوەو لەبەردەگای ماڵ پێشوازییان لێکردو پێکەوەو بە یەك دەنگ گوتیان: بەخێربێیتەوە بۆ ماڵ، بەخێربێیتەوە بۆ ناومان!

ئەم لاوە سەیرێکی کردن، بە چاوەکانی خۆی بڕوای نەدەکرد، هەموو ئەو پەنجا هاوڕێیەی سەریان سفر کردبوو.. تەنها بۆئەوەی هاوڕێکەیان خەمبارو نیگەران نەبێتو بێتاقەت نەبێت!

ئەوە هاوڕێیەتی ڕاستەقینەیە، هەستکردن بە ئازارو خەمەکانی یەکتری، هاوسۆزیو هاوخەمی یەکتر..

ئالانی



شازادەیەکی لەخۆبایی

کلسوم جەلال

لە دێر زەماندا پاشایەك لەگەڵ کچە تاقانەکەیدا لە کۆشکێکی گەورەدا دەژیان، کچەکەی پادشا هەلکەوتوو جوان بوو، قژی ئاڵتونیو چاوی ڕەشو بریقەدار بوو، بە ژنو باڵایەکی ڕێكو بەرزی هەبوو.. خەلکی بە سەرسوڕمانەوە تەماشایان دەکرد، لەگەڵ ئەو هەموو جوانییەدا سیفەتی نەشیاوی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە بە جوانییەکەی خۆی زۆر سەرسام بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێکی بە دڵ نەبوو، نەیدەتوانی بڕیار بدات، زۆر لە شازادەو کەسانی زیرەكو خاوەن پلەو پایە دەهاتنە خوازبێنی، بەلاَم هیچ کەسێکیانی بەدڵ نەبوو، بە بیانووی جۆراو جۆر ڕەتیدەکردنەوە، یەکێك قاچی درێژە، کەسێکی تر قەڵەوە، یان چاوی بچوکە، یان دەنگی زۆربەرزە، بەمەش ئەو کەسانەی دەهاتنە خوازبێنی زۆر هەستیان بە شەرمەزاری دەکردو بە توڕەیی لە کۆشکەکە دەهاتنەدەرەوە.

لە ناو ئەو کەسانەدا شازادەیەکی دەوڵەمەندی خاوەن پلەو پایەی تێدا بوو، ناوی شەهرەزاد بوو، لەو باوەڕەدا بوو کە داواکاری هاوسەرگیرییەکەی قبوڵ بکات، لەبەرئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە کەسێکی گونجاوبوو، ڕووخساری جوان، ئازا... بەلاَم خاتوونەکە لەبەر خۆبەزلزانییەکەی داواکاری ئەمیشی ڕەتکردەوەو پشتی تێکردو دانیشتنەکەی بەجێهێشت، ئەمەش بووە هۆی شەرمەزاربوونی شازادە.

پادشای باوکی لەم ڕەفتارانەی کچەکەی توڕەو بێزار بوو، چونکە بەو ڕەفتارانەی کچەکەی زۆرێك لە شازادەو کەسانی تری کردبووە دوژمنی، کە پێشتر هاوڕێو دۆستی بوون، هەربەم هۆیەشەوە پادشا ویستی خاتوونە لووت بەرزەکەی وانەیەك فێربکات، بۆیە بڕیاریدا کچەکەی بدات بە یەکەم کەسێك کە دێتە ناو کۆشکەوە..

دوای چەند ڕۆژێك، کەمانژەنێك هاتە ناو کۆشکی پادشا، لەبەردەمی پادشا پارچە مۆسیقایەکی زۆر جوانی پێشکەشکردو دوای تەواوبوونی داوای یارمەتی لە ئامادەبووان کرد، پادشاش بانگی کچەکەی کردو بە مۆسیقا ژەنە هەژارەکەی گوت: من کچەکەی خۆمت پێشکەش دەکەم، بیبە بۆ شارەکەی خۆتو هەر ئەمشەو سەفەربکە، هەوڵبدە لەگەڵیدا تا واز لە لووتبەرزی بێنێت.

بەم شێوەیە خاتوون زۆرلێکرا تا کۆشکی پادشا جێبهێڵێت، پێویستە بە دوای هاوسەری ژیانیدا بڕوات بۆ شارەکەیو گوێڕایەڵی بێت. ڕێگاکەیان بە پێ دەبڕی، لەبەرئەوەی کەمانژەنەکە ئەسپو وڵاخی سواری نەبوو، خاتوون بە هۆی ڕۆیشتنی زۆرەوە پێڵاوەکانی دڕا، دەکەوتە ناو چاڵو نشێوەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هاوسەرەکەی پەلەی لێدەکرد، لە ڕێگەیاندا بە ناو دارستانێکدا تێپەڕدەبوون کۆتاییەکەی دیارنەبوو لەبەر گەورەیی ئەو دارستانە، لە هاوسەرەکەی پرسی: کێ خاوەنی ئەم دارستانە گەورەیە؟ هاوسەرەکەی وەڵامی دایەوە: هەمووی موڵکی شازادە شەهرەزادە!

خاتوون هەستی بە بێزاریو دلگرانی دەکرد، لەبەرئەوەی داواکاری شازادەی بۆ هاوسەرگیری ڕەتکردەوە، شەوو ڕۆژ بە بێ وەستان ڕێیان دەکرد، هەرکات بیویستایە پشوویەك بدات هاوسەرەکەی پێی دەگوت: تۆ هاوسەری کەمانژەنێکی هەژاریت، پێویستە خۆت ڕابێنیت لەسەر هەژاریو ماندوبوون، خێراکە... خێراکە... تەمەڵیم پێخۆش نییە.

خاتونی داماو هەموو توانای خۆی خستبووە کار بۆئەوەی بتوانێت پێ بەپێی هاوسەرەکەی بڕوات.. بەمەش جلە جوانەکانی پیسو تۆزاوی ببوون، کاتێك بەمشێوەیە حاڵی خۆی بینی چاوەکانی پڕ فرمێسك بوون.

لە ڕێگەیاندا گەیشتن بە کێلگەیەکی گەنمی فراوان، دووبارە لە هاوسەرەکەی پرسی: کێ خاوەنی ئەم هەموو کێلگە گەنمەیە؟ وەڵامی دایەوە: هەموو ئەم کێلگەیە موڵکی شازادە شەهرەزادە!!

خاتـــوون هەناســـەیەکی قوڵی هەڵکێشا بۆ ئـــەو کاتەی ئەو پادشـــایە دەهاتـــە خوازبێنیو ئەم ڕەتی کـــردەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "هەڵەیەکی گەورەم کرد، ئەگەر ئەو کات داواکارییەکەیم قبوڵ بکردایە، خاوەنی ئەم هەموو کێڵگەیە من دەبووم."

هەر کات پرسیاری خاوەنی هەر شوێنێکی دەکرد لە هاوسەرەکەی هەمان وەڵامی دەدایەوە، کە هەمووی موڵکی شـــازادە شـــەهرەزادە، خاتوون بە هەناســـەیەکی قـــوڵو ماندووەوە وتـــی: (خۆزگە ڕازی بوومایـــە وەك هاوســـەری شـــازادە، دەبوومە خاوەنـــی ئەم هەموو شوێنە، ژیانێکی بێ ئەنجامو ناخۆشی وەك ئێستام نەدەبوو.

هاوســـەرەکەی کاتێـــك گوێی لەم قســـانەی بوو، بـــە توندی دەستیگرتو پێی گوت: تۆ ئێستا هاوسەری منیت، نامەوێت چیتر گوێم لەم قسانە بێت، پێویستە ڕێزم بگریت.

دوای مـــاوەی چەنـــد هەفتەیەك ڕێ ڕۆیشـــتن، گەیشـــتن بە کوخێك لە ناو دارستانێکدا، هاوسەری خاتوون بە خاتوونی گوت: بچۆرە ژوورەوە ئێرە ماڵی ئێمەیەو لێرەدا ژیان دەگوزەرێنین!

ئێســـتا ئیتر ئەم کوخە ماڵی خاتوونە کە دەبێت خۆی پاکی بکاتـــەوە، خواردن ئامادە بـــکات، دار کۆبکاتەوە... هەموو کارێکی ماڵەکە دەبێت خۆی بە ئەنجامی بگەیەنێت، جیاواز لە کۆشکەکەی باوکی هەموو کارێـــك خزمەتکارەکان ئەنجامیان دەدا... بۆ ڕۆژی دواتر هاوســـەری خاتوون کۆمەڵێك خـــوری هێنا تا بیچنێتو لە بازاڕ بیفرۆشـــنەوە بـــۆ ئەوەی بژێوی ژیانـــی خۆیانی پێ دابین بکـــەن، دوای ئەوەی هاوســـەرەکەی بردی بۆ بـــازاڕ، بەڵام لەبەر خراپیو بێ کەڵکی، نەفرۆشرا، بەمەش هاوسەرەکەی سەرزەنشتی خاتوونـــی کردو ئاگاداری کردەوە کـــە دەبێت کار بکات بۆئەوەی لە برسا نەمرن.

دوای ماوەیەك هاوســـەری خاتوون لە کۆشـــکی پادشـــای ئەو شـــارەدا کارێکی بۆ دەدۆزێتـــەوە وەك خزمەتکارێـــك، ڕۆژانێکی پـــڕ لـــە کارو ماندوێتی بەڕێکرد، ڕۆژێکیان لە کۆشـــکی پادشـــا ئامادەکارییان دەکرد بۆ ئاهەنگی تاج لەسەر نانی ژنی پادشا، بۆ ئەم ئاهەنگەش هەموو خزمەتکارەکانی کۆشك سەرقاڵی کارکردن بـــوون، خاتوون لـــە دوای تەواوبوونی کارەکانی لە چێشـــتخانەی کۆشـــکەکە هاتەدەرەوەو لە سوچێکەوە تەماشای هۆڵەکەی دەکرد، کۆشـــکەکەی باوکی بە بیرهاتەوە، خەمبارو نیگەران بوو، بۆ ئەو ژیانەی کە زۆر بە لوتبەرزیو لە خۆڕازیبوونو بە هەڵسوکەوتی خراپەوە بەڕێی کردووە.

لـــەم خەیاڵانەیدا بوو کە لە هۆڵـــی ئاهەنگەکەوە دانانی تاج لەسەرهاوسەری پادشا ڕاگەیەندرا، خاتوون چاوی بە پادشا کەوت بینی کە ئەوە شـــازادە شەهرەزادە وا بەرەو ڕووی ئەم دێت. پاشا لـــە خاتوون نزیکبووەوەو قۆڵی گرت.. خاتوون هەوڵی دا تا خۆی دووربخاتەوە.. پادشا بە زەردەخەنەوە پێی گوت: (مەترسە!! ئەو شانازییەی کە بە خۆتەوە دەتکرد منی بریندار کرد.. منو باوکت بڕیارمـــان دا، وانەیەکـــت فێربکەین، تاواز لـــەو خۆبەزلزانییەت بهێنیت، من هەر ئەو کەمان ژەنەم کە هاوســـەری تۆیە!!! ئێســـتا کە تۆ دەســـتبەرداری خۆبەزلزانییەکەت بوویت، منیش بڕیارم دا ئەم ئێوارەیە ئاهەنگی هاوسەرگیریمان بگێڕین!

خاتوونو ئەوانەی لەوێ ئامادەبوون زۆر سەرســـام بوون، بەم کارەی شازادە شەهرەزاد!

ئاهەنگەکە سێ ڕۆژو سێ شەو بەردەوام بوو.. ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە خاتون تەنها لەجوانی ڕووخساردا بێ وێنە نەبوو، بەڵکو لە هەڵسوکەوتو ئاکارو ڕەفتاریشدا بێ وێنە بوو.

ڕێڤان عەلی

کورتە نامە

* با هەمیشە لەناودڵتدا گۆڕستانێکت هەبێت، بۆ بەخاکسپاردنی هەڵەی هاوڕێکانت.

* هـــەر کات لـــە ژیاندا گەیشـــتی بە دەرگایەك بـــە قوفڵێکی گەورە داخرابوو، مەترسە، چونکە ئەگەر بڕیاربوایە نەکرێتەوە لە جێگای دەرگا دیواریان دادەنا.

* لە جیهاندا ٢ شـــت لە هەموو شتێك جوانترن، ئاسمانی پڕ ئەستێرەو ویژدانی ئاسودە.

* خۆشویســـتن ڕاســـپاردەیەکی بە نرخە، مرۆڤـــەکان لە دڵدا دایدەنێـــن، ئەمەیـــە وادەکات هـــەر کات بتەوێت خۆشویســـتن لە کەسێك وەربگریتەوە دەبێت دڵی بشکێنیت.

* هیـــچ کات بـــە ئاواتـــی جێگای کەســـێکەوە مەبـــە، چونکە جێگاکەی خۆت لە دونیادا بە خاڵی دەمێنێتەوە..

* ئەگەر وەك فرمێسك لە چاوەکانمدا دەبوی، بۆ پاراستنت تا کۆتایی تەمەن نەدەگریام.

*کاتێك کەسێکت خۆشناوێت بە هەڵە پێی مەڵێ خۆشمدەوێیت، چونکە چاوت ڕاستییەکەی پێ دەڵێت.

* ئاســـمان ئەســـتێرە جوانـــی دەکات، باخ گوڵ، خۆشویســـتن خۆشەویستی، چاو فرمێسك، بەڵام دڵی من یادی تۆ.

* دەرگای دڵت بۆ هیچ کەسێك مەکەرەوە، ئەوەی خۆشیدەوێی خۆی کلیلی پێییە.

* لە ژیانتدا هەر کات ماڵێکت لە سەهۆڵ دروستکرد، هیچ کات بۆ بە ئاوبوونی فرمێسك مەڕێژە!!

* ســـەروەتمەند کەسێك نییە دارایییەکی زیاتری هەیە، بەڵکو کەسێکە نیازێکی کەمتری هەیە.

* ئەگـــەر ڕۆژێك شـــادبوی ئارام پێبکەنە، تـــا غەم وەخەبەر نەیـــەت، ئەگـــەر ڕۆژێـــك غەمگین بویـــت، ئارام بگری، تا شـــادی نائومێد نەبێت.

* ئەو کەســـەی هاوڕێیەکی باشـــی هەیە، پێویستی بە ئاوێنە نییە.

* ئـــەوەت لە یادبێت لە ڕۆژژمێـــری هاوڕێیەتیدا، ڕۆژێك بە ناوی (پشوو) بوونی نییە.

گەرمیانی

مەژی بۆ کەسێک کە لە پێناویدا نامریت

هەژارێـــك بە خۆشەویســـتیو ئەوینی پاشـــایەکی بەناو بانگ گرفتار بوو، خەبەری عەشقی ئەو گەیشتە پاشا.

پاشاش لەگەڵ بیستنی ئەو خەبەرەدا، بانگی کردو پێی گوت:

ئەگەر تۆ بەڕاســتی عاشــقی ســوڵتانیت، دەبێــت یەکێك لەم دووانە هەڵبژێریت:

یــا دەبێت ئەم دەڤــەرە جێبێڵــی، یا دەبێت لەســەری خۆت خۆشبیو بیکەی بە فیدای عەشقو ئەوینی خۆت..!

شا پێی گوت: ئەمە دوایین وتەی منە، یا گەردنی تۆ، یا کۆچ!

ئەو کابرایە شــایانی ئەو عیشقە نەبوو، هەر بۆیە کۆچکردنو هیجرانی هەڵبژارد!

هــاوکات لەگەڵ خۆئامادەکردنی بابای هــەژار، بۆ کۆچکردنو دەستهەلگرتنی لە ئەوینەکەی، شا فەرمانی کرد: سەری لە گەردنی جودا بکەنەوە!

پاســـەوان گوتی: قوربــان، خۆ ئەو هیچ تاوانێکــی نەکردووە، گوناهی چییە، شا فەرمانی سەربڕینی دەدات؟!

ســـوڵتان گوتی: ئەو ڕاســـت ناکات، ئەویندار نییــە! لە ڕێگای ئەوینـــدا لەگەڵ من ڕاســـتی نەکـــرد، ئەگەر وەکو پیـــاو مامەڵەی کردبا، لەم ڕێگایەدا سەری خۆی دەبەخشی!

هەرکەســێك ســەرو گەردنی خــۆی لا خۆشەویســـتر بێت لە مەحبووبەکەی، ئەوا بانگێشـــەکردن بۆ عیشـــق، گەورەترین تاوانە بۆ ئەو!

خــۆ ئەگەر ســـەربڕینی هەڵبژاردبـــا، ئەوا دەبووە شـــای ئەم مەملەکەتەو ئەم هەموو وڵاتە دەبوونە خزمەتکاری، تۆش پاسەوان بەشانازییەوە دەبوویتە غوڵامی!!

بەڵام کاتێك ڕاســتی نەکرد لە بانگێشــەکەیدا، ئەوا عیلاجی، تەنها جیاکردنەوەی ســەرێتی لە لاشــەی! چونکە ئەوە ئەو پەڕی نیفاقــە، بــۆ ئەوەش ئــەم کارەم کــرد، تا چیدی کــەس بەخۆڕا ئیددیعای عیشقی ئێمە نەکات!!

خۆزگە هەمیشــە ئەوینداران، ئــاوا تاقی کرابانەوە، گوێیان لە چرپەی ﴿أَنِّيٓ أَذۡبَحُكَ﴾ دەبوو، تا بزانین دەیانگوت: ﴿ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُ﴾!؟

بۆئــەوەی چیــدی کــەس نەتوانێت بــێ گەواهــی بێتە نێو گوڵستانی ئەوین!

مەحوی بە مەحبووبەکەی دەڵێت:

ئێستا بۆ لافو گەزاف، هەر کەس دەبینی عاشقە
نەك هەموو کەس، جانفیدا، وەك میمو حێو واوو یێ!

ئەوەی لە مانای ئەوین گەیشتبێ، ڕۆحی شاباش دەکات، ئەوەی ئەوینداری خۆی ناسی بێت، ئاواتەخوازە بەو ڕۆژە بگات کە ڕۆحی خۆی ببەخشــێ لە پێناویدا، ئەو دەیەوێت وەکو پارچە هەورێکی سپی، لەنێو تیشکی خۆردا بتوێتەوە!

ئەویندار وجودی خۆی، لــە ئەویندارەکەیدا دەبینێت، بەهای خــۆی لەو شــتەدا دەبینێتەوە کە بــۆی دەگەڕا، چەندین ســاڵە، عەودالی بوو!

عاریفێك دەڵێت: تۆ ئەو شــتەی کە بــۆی دەگەڕێیت! گەر بۆ ڕۆح دەگەڕێیــت، تۆ ڕۆحیت! گەر بۆ پارووە نانێك عەودالی، تۆ تەنها پارووە نانێکی!

تـۆ بەو ڕۆحە ناژیـت کە لە لاشـەتدا بەند کراوە، نـا....... مایەی زیندەگی تۆ، ڕۆحی ئەویندارەکەتە، ئەو ڕۆحەی کە هەموو بوونەوەر هەناسەی پێ دەدات!

ئازیزم: تۆ بۆ من دڵۆپێك نیت لە دەریایەك، بەڵكو دەریایەکیت لـە دڵۆپێکدا، گوڵێك نیت لە باخچەیەکـدا، بەڵكو گوڵزارێکیت لە خونچەیەکدا!!

مــن وەکــو ڕۆمی دەڵێت: لە بەهەشـتدا چاوانـت دەبینم، لە چاوانیشـتدا هەموو بەهەشت، ئیدی بۆچی تەماشای مانگێکی دی، یا خۆرێکی دی بکەم، ئەوەی من دەیبینم بەسە بۆ من!

بێ تۆ، من لە دەریای بیرچوونەوەدا ون ببووم، کەس نەیتوانی هەست بە بوونم بکات، تۆ نەبێ، تەنها تۆ!

کـەس نەیتوانی بە ناخی مندا ڕۆبچـێ‌و بگاتە قووڵایی دڵم، تۆ نە بێ!

کەس نەیتوانی هەموو ڕازو نهێنییەکانم بدرکێنێ، تۆ نەبێ!

کەس ئاگای لە هاواری دڵم نەبوو، تۆ نەبێ!

من کڕیاری ڕۆح بووم بە ڕۆح!!

من ئاشـنای وتەکانی ڕۆح بووم، نەوەك کڕیاری وتەکانی زار، هەرچەندە زاری تۆ، شەکرسـتان‌و شانەی شـەهدە، ئەی کەژاوەی پاکیزەیی‌و عەفاف....!

دە فەرمـان بدە، بـا ڕۆژە تاریکەکانـم کۆتاییبیان پێ بێت، با زەمەنی دووری و بێتۆیی ببڕێتەوە، من بە تاسـەی گەیشـتنم بە تۆ، ڕۆحم ئەمەی دەوێت، نەك لاشەم!!

مـن چیـدی ناتوانم بێ تۆ بژیم، دەکرێـت بتوانم لە هەموو کەسێك جودا ببمەوە، تەنها لەو کەسە نەبێت، کە لە ناخی خۆیدا، فەرشی وەفای بۆ ڕاخستووم، بە پێڵووی چاوەکانی باوەشێنم دەکات!

هەر بۆیە «نالی» بە خۆڕا بە مەحبووبەی نەدەگوت:

سەر بەردەبازی ڕێتە، تەن تەختە بەندی جـــێتە
دڵ مەیلی خاکی پێتە، ڕۆح ماڵی خۆتە، بـــــیبە

ئەو دەیزانی لەگەڵ کێدا دەدوێت، ئەو کەسـەی دەیدوێنی بۆ ئـەو، واتە چی، ئەمیـش بەبێ ئەو چۆن دەبێـت، بۆیە لە ناخی دڵییەوە دەیگوت:

بەڵا گەردانی باڵات بم ئەگەر چووم
فیدای هیندویی خاڵت بم ئەگەر مام
دەمێکە وا لەسەر پێیەك دەسووتـێم
لە شەوقی تۆ بە میسلی مۆم و هەرمام

ئەویندارى ڕاستەقینە دەزانێ: دووری لە مەحبووب یانی چی! بەڵام من لای کێ باسـی ئەویندارى خۆم بکەم؟ کێ لێم تێدەگات؟ کێ دەزانێ من عەودالی چیم!؟

پێم دەڵێن: تۆی نەوجەوان بۆچ سەوداسـەری پیرێکی؟ نا، من هەمیشە عاشقی ئەو شتانەم کە هەرگیز پیرنابن، بۆ هیچ جوانێك هەیە پیر بێت؟!

چما ئێوە تا ئێستا جوانێکتان بینیوە؟

بـێ ڕەونەقی ئەو جوانانـە، جوانی ماڵاوایـی دەکات، گوڵێك ڕەونەقـی نامێنێـت، باخچەیەك بـۆی نامێنێت، سـروەیەك ڕوو ناکاتە دڵەکان!

من چۆن بێ تۆ بژیم، لەکاتێکدا تەنها تۆی، بە زمانی من قسە دەکەی، بە لێوی من پێدەکەنی، بە دڵی من خۆشـحاڵ دەبیت، بە چرپەی ڕۆح دێیتە سەما!

حەکیمێـك دەڵێت: دووریت لەو کەسـەی بە زمانی تۆ قسـە دەکات، لاڵییە، ئەگەر هەزار زمانت هەبێت!!

من هەمیشە وەکو مەحوی دەڵێم:

دەرسی عیشقم هەر لە کن پەروانە یا بولبول بووە
بێگەمێ، یا نەیگەمێ، هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم!

ئیـدی من گوێ بەکەس نادەم، بە هیچ لایەکدا ئاوڕ نادەمەوە، گوێ بە قسـەی کەسـانێك نـادەم کە تا ئێسـتا، بۆنـی مرۆڤیان نەکردووە، نازانن هاودەمی ڕۆح یانی چی!

منێـك لـە دوای عومرێك لە تاسـەو چاوەڕوانی، ڕۆحی خۆم بەدی کرد، منێك کە هێندە گەڕاەو هێندە چاوەڕوان بووم، خەریك بوو لە گەیشتن بە تۆ بێهیوا دەبووم.

پێـم وابوو، تا مردن دەبێت تەنها لـە تابلۆی خەیاڵدا وێنەت بکێشـم، بۆ هەمیشـە بە تەنێ ڕێگای ئەوین تەی بکەم‌و سروودو درووود بۆ خەیاڵ بنێرم!

هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم، ئەو کەسـەی من بۆی عەودالم، ڕۆژێك بێت بە پێی خۆی تەشریف بهێنێت..!

فیدای تەشریفی ڕێگەت بێ، خەراجی موڵکی جان‌و دڵ
نیساری تۆزی بەر پێت بێ، ڕەواجی عومری سەد ساڵم «حەریق»

ئیدی من ڕێگام گرتۆتە بەر، بەرەو لای تۆ، بۆ گەیشتن بە تۆ، بۆ گەیشتن بە خۆم، ڕێبوارێکی ماندوونەناسم، دڵنیابە من ماندوو نابـم، چونکـە ئەوین ماندووبـوون نازانێت، لـە ئەویندا هەموو شتێك گونجاوە، هەموو شتێك دەشێت ڕوو بدات!

تا ئەوین مابێ، بێهیوایی وجودی نییە، هەر بۆیە من، هەرگیز بێ ئەوین ناژیم..

حەکیمێـك دەڵێت: خۆت فڕێدە نێو ڕووبـاری ئەوین، ئەگەر ڕووبارێکیش بوو لە خوێن!

بۆ کەسـێك کەنرخی تۆ نەزانێت شێتییە ئەم سەودایە، وەلێ مــن دەزانم گەیشـتن بە تۆ، واتە: ژیانێکی نـوێ، ڕۆحێکی نەمر، عەتایەکی بێسنوور، گەیشتن بە هەموو شت. من گەر بگەم بە تۆ، هیچم ناوێت! سەیرە داوای چی بکەم، تەماشای چی بکەم!

من بۆم بکرێت بێ تۆ تەماشا ناکەم، بێ تۆ ناخۆم‌و ناخۆمەوە! بێ تۆ پێناکەنم!

من نامۆم تا ئەو کاتەی دەگەم بە تۆ، من لە هەموو لەزەتێك مەحرووومـم تـا دەگەم بـە تۆ، جـا کاتێك دەگەم بـە تۆ، ئیدی گەیشتووم بە گەنجینەی هەموو دنیا!!

مـن گاڵتەم بەو ئەویندارانە دێـت، داواکارییان هەیە لە یەك، داوای مەتاعـی ئـەم دونیـا فانییە لەیەك دەکەن، سـەیرە ئەوان مامەڵەی ڕۆح، بە پەڕۆو پاتاڵی ئەم دونیایە سەودا دەکەن!؟ یاخود ئەوان جگەلە ناوی ڕۆح، چیدی نازانن!! بۆیە هەموو خۆشییەکانی خۆیان، تەنها لە خاك‌و خۆڵی ئەم دونیایەدا دەبینن!

شەوێ لەیلا بە مەجنونی دەوت: بنوارە حاڵی خۆت
بە خۆڕایی کە چۆنت دا بە با، عەقڵ‌و کەماڵی خۆت
جوابی دایەوە مەجنوون، ئەگەر تاقەت بێ لەحزێ
لەناو ئاوێنەدا بنوارە حوسن‌و جەماڵی خۆت! «مەحوی»

تـا ئەگەم بەتۆ کەشـکۆڵ‌و گۆچـان دانانێم، دڵنیـام کە هیچ هێزێك ناتوانێت، بەربەسـتی ڕێگای نوور بێت، ئەوەی من دەیڵێم خەیـاڵ نییـە، هەرچەندە هەموو خەیاڵێکیـش حەقیقەتی خۆی هەیە، ئەگەر گەورەش بێت هێندەی تۆ!

ماڵاواییت لێناکەم، چونکە ماڵاوایی تەنها بۆ ئەو کەسـانەیە کـە بە چاویان شـەیدا دەبن، بەڵام ئەوانەی بە ڕۆح‌و دڵ شـەیدا دەبن، هەرگیز جودایی نازانن!! ئەوان لە یەکدا تواونەتەوە!



ئازیزم کاتێك ئەم نامەیەت پێ دەگات، لە کۆتا ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدایت، میوانە خۆشەیستەکەت هێدی هێدی خۆی کۆدەکاتەوەو ماڵاواییت لێدەکات، لە ساتە بێوێنەکانی عەشری ئەواخیردایت، ئاوێتەی پیتە زیوینەکانی قورئانیت، ڕۆژانە لەگەڵ خوێندنەوەی پەیامی ئاسماندا، ئەسرینەکانت بەسەر ڕوومەتتا دێنە خوارێو بەرۆکت تەڕ دەکەن!

ئەو شەوو ڕۆژانەی کۆتایی ڕەمەزان، خۆشترین یادگاری هەمیشە زیندووی ژیانی خۆشەویستانی خودان!

دانیشتنی سەر خوانی ئێواران، ژوانی بێدارانی شەو، چاوەڕوانکردنی وەختی نزوولی ئیلاهی، موناجات لێل خوداوەند، دیمەنگەلێکن هەرگیز لەبەرچاو ون نابن!

چ ساتێکی عەجیبە، چی ئەوینێکی نەمرە، ئەو کاتەی دڵەکان ئۆقرە ناگرن، چاوەکان ناتوانن پێڵوەکانیان لێك بنێن! جێی نووستن جێ دەهێڵن، دەستەونەزەر دوای ئەوەی بە ئاوی مەنگی شەو، ڕوخساریان بە دەسنوێژی مەحەببەت مونەوەر دەکەن، دەچنە نێو فیستیڤاڵی ڕۆح، ئیتر کەسیان لەبیر نامێنێت، تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە دەستیانگرتن بەرەو نوور!

ئەوە ساتەکانی سەحەرە، دەنگو سەداو زایەڵەی « یا رب، یا رب»ی موستەغفیرینی ئەسحارە، گریانە، هەنسکە، نزایە، ناڵەیە، چرپەیە، نازە، ڕەجایە، هاواری بەسۆزو ئەوینی ئەحبابی خودایە!

ئازیزم زوننونی میسری لە وەسفی ئەو بەندانەدا دەڵێت: « گەر کاتێك یەکێك لەوان ببینیت، کاتێك هەڵساوە بۆ نوێژو لە میحرابەکەیدا ڕاوەستاوەو دەستی بە خوێندنەوەی وتەی پەروەردگاری گەورەی خۆی کردووە، ئەو کاتە وەهای دێ بە خەیاڵدا، کە ئەو ڕاوەستانە، ڕاوەستانی ئەو ڕۆژەیە کە خەڵکی هەموو لە حزووری خودای گەورەدا هەڵساونەتە سەر پێ، ئەو کاتە خەریکە دڵی لە تاواندا لە قەفەزەی سینگی دێتە دەرێو ئەقڵو ئاوەزی لێ دەتۆرێ!!

بە حاتەمی ئەصەمیان گوت: چۆنە ئاوها بە خوشوعەوە نوێژ دەکەیت؟

گوتی: کاتێك بۆ دابەستنی نوێژ «الله أکبر» دەکەم، بە خەیاڵ «کابە» دێنمە پێش چاوی خۆم، پردی سیراتیش ژێر پێم، بەهەشت لە لای ڕاست دادەنێمو دۆزەخیش لەلای چەپم، فریشتەی ڕۆحکێشانیش لە دواوەم، وا هەست دەکەم پێغەمبەری نازداریش لە نوێژەکەم ڕادەمێنێت، پێم وایە ئەو نوێژەشم دوانوێژە لەم دنیایەدا!

هەر بۆیە زۆر بە تەعزیمەوە «الله أکبر» دەکەم، بەجوانیو وردبوونەوەوە قورئان دەخوێنم، بەو پەڕی ملکەچیو شەرمەوە دەچمە کڕنووشو سوژدە، لەنێوان خەوفو ڕەجادا نوێژ دەکەم، پاشان کاتێك سلاو دەدەمەوە دڵنیا نیمو نازانم کە نوێژم گیرا بووە یان نا!!

ئێمە بە کۆڵێك تاوانو گوناهەوە، دەچینە بەرامبەر خودایەکی گەورە کە هێندەی ژمارەی دڵۆپەکانی باران نیعمەتی بەسەردا ڕژاندووینو ئێمەش لەبری سوپاسو ستایش، سەرپێچی فەرمانەکانیمان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا... «سمع الله لمن حمده»!!

ئەو پەروەردگارە میهرەبانە هەرکاتێك بەندەیەکی حەمدو سەنای بکات، ئەو دەیبیسێو بیسەری وتەکانێتی!

ئای خودایە، چەند مەزنە: تۆ دوعاکانم دەبیسی؟ نزاو پاڕانەوەم دەژنەفی؟ ئاگات لە فرمێسکەکانی ! دەردی دڵم دەزانیو بە گوناهی خۆم لەگەڵ ناکەی؟ وەسڵی خۆت ناپچڕێنیو بە دەردی

هیجران نامسووتێنی؟ خودایە من خەجاڵەتم، شەرمەندەم، بە چی زمانێك سوپاست بكەمو بە چی دڵێك كڕنووشت بۆ بەرم؟

یەكێك لە ساڵحان كاتێك شەوان دەچووە ژوانی ئیلاهی ئاوها دەستی بە حەمدو سەنای خودا دەكرد:

خودا من بچكۆلە بووم، تۆ پەروەردەت كردم، ستایش بۆ تۆ!
من لاواز بووم، تۆ بەهێزت كردم، سوپاس بۆ تۆ!
من هەژاربووم، تۆ دەوڵەمەندت كردم، سوپاس بۆ تۆ!
مــن گەداو بێكــەس بووم، تــۆ لانەی ئارامیت پێ بەخشــیم، سوپاس بۆ تۆ!
من بێ هاودەمو هاوسەر بووم، تۆ پێت بەخشیم..
سوپاس بۆ تۆ!
من برسی بووم. تۆ تێرت كردم
من ڕووتو ڕەجاڵ بووم، تۆ پۆشتەت كردم....
حەمدو سەنا بۆ تۆ!
من ڕێبوارێكی تەنها بووم، تۆ هاودەمیت كردم،
ستایش بۆ تۆ!
من نامۆ بووم، تۆ ئاشنات كردم، سوپاس بۆ تۆ!
من پیادە بووم، تۆ هەڵتگرتمو هاوكاریت كردم،
حەمدو سەنا بۆ تۆ!

خودایە: ئێمەی هەژار لەم بیابانی ژیانە جەنجاڵەدا، لوتفی تۆ نەبا، لەنێو دڕكوداڵی چی دۆڵێكی بێئاودا پەلەقاژەمان دەكرد!؟

ئێســتا بە لوتفی خــۆت ئێمەت نوقمی دەریــای میهری خۆت كــردووەو لە ســایەی نووری هیدایەتدا لە نێــو گوڵزارێكی نیمچە بەهەشتا ژین بەسەر دەبەین!

هەر بۆیە مەحوی دەڵێت:

دەمــێ بــە ویســعەتی كورســی كەرەمكە پێم ئــەی ڕەب
زوبانــی پێــوە ڕوابــێ بــە قــەد هەمــوو كەوكــەب
بــە عومــری نوحــەوە تەوفیقــی تــۆ بــكا ئیمــداد
لــە بەحــری شــوكرەوە یــەك قەتــرە بێنمە ســەر لەب

واتە: خودا زارێكم پێببەخشــی فراون بێت هێندەی كورســی خۆت كە لەســەروی ئاســمانە، ئەو زارەی كــە گەورەیی هێندەی كورســییە بە ژمارەی ئەســتێرەكانی ئاســمان زمانــی لێ ڕوابێت، هاوكات بە عومری نووحــەوە تەوفیقو یارمەتیم بدەی بۆئەوەی ئەوســا بتوانم لە دەریای سوپاسگوزاری بۆ تۆ، یەك دڵۆپە بهێنمە سەر لێوم!؟ چونكە سوپاسی تۆ ئەی پەوەردگار بە ئێمە ناكرێت!

هــەر بۆیە پێغەمبەری نــازدار دەیفەرموو: « ربنا ولك الحمد ملأ الســموات والأرض وملأ ما بينهما، وملأ ما شــئت من شيء بعد أهل الثناء والمجد»

ئازیزم كاتێك دەست دەكەیت بە خوێندنەوەی « الحمد لله رب العالمين» بزانە كە هیچ كەســێك شایانی ئەوە نییە لە حزووریدا بە تەعزیمو تەقدیســەوە ڕابوەســتی جگەلە پەروەردگاری هەموو جیهانەكان!

ئەو پەروەردگارە گەورەیەی كەجڵەوی هەموو كارەكانی ئێمەی بەدەســتە! هەرچی هەمانەو هەرچی چاوەڕوانیشی دەكەین، تەنها خەڵات و عەتای بێسنووری ئەو زاتە گەورەیەیە!

ڕزقو ڕۆزی، ژیــنو مــردن، دینو دنیا، هێــزو دەوڵەت، پارەو ســەروەت،ماڵو منداڵ، خۆشــیو شادی، ســەعادەت و كامەرانی.. هەموو بەدەستی ئەون!

ئیتــر دەبێــت دڵنیایــیو ئارامییــەك ببێتــە میوانــی دڵــە بێگەردەكەت كە هیچ ڕەشەباو زریانو وەیشوومەیەكی ئەم زەمانە دژوارە، نەتوانێت ئەو ئارامییە بشێوێنێت!!

دەزانــی تۆ لەگەڵ كێدا هاتوویتە گفتوگــۆ؟! بەرامبەر بە كێ دەدوێیت؟!

« إلــه الأوليــن والآخرين» خــودای ئەووەڵو ئاخــری هەموو بەنــدەكان، ڕاخــەری زەویو ڕاگری ئاســمان، ئیتــر خەم لە چی دەخۆیت؟

ســەیرە وەكو یەكێك لە ســاڵحان دەفەرموێت: «يا رب عجبت لمــن يعرفك، كيــف يرجو غيرك؟ وعجبت لمــن يعرفك، كيف يستعين بغيرك؟

پەوەردگار، سەرم سوڕماوە لەوەی تۆ دەناسێو داوا لە كەسێكی دی دەكات، تۆ دەناســێو پشــت بە كەســێكی تر دەبەستێو داوای یارمەتی لە كەسێكی تر دەكات!؟

لەوێدا ئیتر هەموو خەمەكان دەڕەوێنەوە، هەموو كەســەكان لەبیر دەچن، ئەوێ باوەشــی سۆزی ئیلاهییە، لەوێدا دڵنیا دەبین ئیدی باوەش نییە ئارامیمان پێ ببەخشێت!!

لە ژێر ســێبەری ڕەزامەندی خوداو میهرو لوتفی ئەودا ئیتر تاڵییەكان دەبنە هەنگوین!

فَلَيتَكَ تَحلو وَالحَياةُ مَريرَةٌ   وَلَيتَكَ تَرضى وَالأَنامُ غِضابُ
وَلَيتَ الَّذي بَيني وَبَينَكَ عامِرٌ   وَبَيني وَبَينَ العالَمينَ خَرابُ
إِذا نِلتُ مِنكَ الوُدَّ فَالكُلُّ هَيِّنٌ   وَكُلُّ الَّذي فَوقَ التُرابِ تُرابُ

واتە:

بــەس تۆم شــیرین بــیو ژیانــم ژەهری مار
تــۆ لێــم ڕازی بــیو توڕەبێــت هــەزار
نێــوان مــنو تــۆ خۆشــبێو ئــاوەدان
ئیتــر گــوێ نــادەم بــە هەمــوو جیهــان
تــۆ خۆشەویســتیت بــە مــن ببەخشــی
چــاوم لــە هەمــوو خەڵكــی ئەپۆشــی
ئــەوەی لەســەر گڵ دێــتو دەڕوانــێ
خۆراكــی گڵــە بــە خــۆی نازانــێ

وەلێ ئازیزم دەبێت بزانین چی دەڵێین، كە بە « مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ » ئاشنا بووین، ئیدی بزانین « إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ » یانی چی؟

چونكە وەكو مەحوی دەڵێت:

لە دڵدا خەڵقو خوا بوو، فائیدەی چی
كە دەم پڕ بێت لە «إياك» و «إياك»؟!

واتە: كە دڵمان پڕ بێت لە باسی ئەمو ئەوو پەیوەستبوون بە خەڵقی خوداوە، ئیتر ســوودی چییە دەممان پڕ بێت لە « إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ »

چونكە ئەوەی گەورەییو عەزەمەتی خودا دڵی داگیر كردبێت، ئیدی گەورەیی كەسێكی دی لە دڵیدا جێگای نابێتەوە!

ئیــدی لە گەورەیی خودا هەســت بە هیچ شــتێكی دی ناكات، ئیتر ئاوڕ بۆ لای كەســێكی تر ناداتەوە، ڕووی دیدەو دڵی دەكاتە سوژدەگاهی خۆیو تێكەڵ بە بەحری نوور دەبێت...!

خۆزگە بەو ســاتە نوورینانە، خۆشــبەختی بــۆ ئەویندارانی حەقیقی، پاكی بۆ جەماڵی پڕكەماڵی ئەو ڕوخسارە نوورینانەی بە چرپەی « اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ» هەست بە جریوەی ڕۆحیان دەكەیت، كە بەرەو عەرشی كردگار دەفڕێت!!

ع.ش. شێركۆ

لەگەڵ ناتیقی شاعیردا

چییە فەرقی من و مەجنوون، بڵێ پێم؟
ئەو بۆ لەیل و منیش بۆ تۆ حەیاتم
تەنیا منم ڕێزە خواری سفرەی تۆ
لەڕاهی خوا مەی شێوێنە بیساتم
لەعەزرەت ماچی لێوی چەشنی لەعلت
بەمیسلی پادشاهی حەوت وڵاتم
بڵێ ((ناتیق)) چییە دەردی دڵی تۆ؟
دەردم نیە، دەردم نیە، فیداتم

شاعیر ناوی.. مەلا کەریمی کوڕی مەعروفی کوڕی وەسمانەو ساڵی (١٨٨٦) لەدایك بووە سەرەتای خوێندنی بەخوێندنی قورئانی پیرۆزو زانستە ئیسلامیەکانەوە دەستپێدەکاتو بەڵام پاش چەند ساڵێك لە فەقێیەتی بەهۆی باری نالەباری ژیانەوە، ناتوانێت بەردەوام بێت.

((ناتیق)) کەسایەتیەکی ناوداری شاری هەڵەبجە بووەو دۆستو هاودەمی شاعیرانی ئەو سەردەمەی وەکو ((کەمالی و ئەحمەد موختارو شاهۆو ناریو قانعو پیاوماقوڵانی هەڵەبجە بووە)) لە ساڵی(١٩٦٧) کۆچی دوایی کردووە.

((ناتیق)) دەڵێت..

ناڵەی سەنتوری سینەم هێندە بەرزە
دوو سەد مەقامی عاریفان ئەکا تەی
ئەو گوڵێکە نازەنینی خۆش خەرام
ئیلاهی هەر بەدووری بگری لەوەی

یاخود دەڵێت..

چاوی نێرگز، دەمی خونچە، گوڵ ڕوخە
چینی پرچی بۆنی بەڕەزا ئەدا
ئەڵێم: سەرم بکەمە بەردەبازت
مەکربازە، جوابی ئێمە(نا) ئەدا
ناز ئەکات و ئەمکوژێت و ئەم بڕێ
ئەشڵێ ((ناتق)) لە مەسلەکم لائەدا

یاخود دەڵێت..

باهەموو عالەم بزانێ عەهدی خۆم بەسەر ئەبەم
تەنیا ڕۆحم ماوە ئەیدەم لەڕێگەی ئەو چاوەدا
پەروانە ئاسا لەدەوری شەمعی سیمات خول ئەخۆم
تابسوتێم و بڵێن خۆی کوشت لەو پێناوەدا
خوردی ڕۆژو خوابی شەو لێم حەرامن، چارەیەك
بەزەییەکت بێ بەحاڵی ئەم چاوە گریاوەدا
هەوری مەنویسی ((ناتیقا)) شەست ئەکا هۆشت ببێ
ماڵی مەعشوقت ئەدا بەدەم ئەو لافاوەدا